لە غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیال میدیا

# گەڕان بەدوای حەبی ئەسپریندا

## - 3 -



ستران عەبدوڵڵا

ستران عەبدوڵڵا
گەڕان بەدوای حەبی ئەسپریندا
3



باوەڕم بەوە هەیە ئەزموونی رۆژنامەنووسیی هیچ کەسێك لە هاوپیشەکەی تەنیشتی ناچێت. ئەگەرچی هەر خۆی کارەکە لە هێڵی گشتیدا یەکەو یەکتری تەواو دەکەن. بەو حاڵەشەوە لەنێوان ئەزموونێکی کەسی و کۆی ئەزموونی روژنامەنووسیی میللەتێك، بە تولانی ئاسۆیی و ستوونی، خاڵی میانەیەك هە یە کە هیچ نەبێ دەشێ ناوی ئەزموونی رۆژنامەیەکی لێ بنێین.

له غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیال میدیا

# گەڕان بە دوای حەبی ئەسپریندا

-٣-

## له غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیال میدیا

# گەڕان بە دوای حەبی ئەسپریندا

## -٣-


## ستران عەبدوڵڵا



سلێمانی - ٢٠١٩

کتێب: **لە غەزەتەوە بۆ غەزای سۆشیال میدیا، گەڕان بەدوای حەبی ئەسپریندا**
نووسەر: **ستران عەبدوڵڵا**
کاری هونەری: **شۆڕش ئەحمەد**
تیراژ: **(٥٠٠) دانە**
چاپخانە:
**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٦١)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە**



## فەسڵی یەکەم

# حەچی جەراید

## باسی یەکەم:

# یاداشتی زوو بۆ ڕۆژنامەوانی زیندوو

**دوژمنەکان لەبەردەرگان!**

باسی کەموکوڕییەکان مەکەن، نەبادا دوژمنەکانمان پێی بزانن، باسی ئەو بەڕێوەبەری ناحیەیە مەکەن، کە (٢٤) سەعات کارەبای هەیە، نەبادا دوژمنەکانمان بمان کەن بە چاوەوە! باسی کەموکوڕیی فلان دادگا، یان گرفتی فلان بەڕێوەبەرایەتی مەکەن، نەک دوژمنەکانمان لە کۆڕ و مەجلیسی خۆیاندا گاڵتەمان پێ بکەن و دڵیان پێی خۆش بێت؟ چۆن دەبێت لە ڕۆژنامەی خۆمان لە سەرمان بنووسرێت؟ ڕەخنەمان لێ بگیرێت؟ چۆن دەبێت لە کوردستانی نوێدا شتمان لەسەر بنووسرێت و دوژمنەکانمان کەڵکی لێ وەربگرن و ڕەخنەکانمان پێ بفرۆشنەوە؟

ئەمانەی سەرەوە قسەی من نین، بەڵکو قسەی ئەو بەڕێزانەن، کە کەم و زۆرێک ڕەخنەکانی ڕۆژنامەکان دەیان گرێتەوە، یان ڕۆژنامە گلەیی و سەرنجیان لەسەر دەنووسێ. ئەمانەی سەرەوە قسەی ئەو بەڕێزانەن بە زۆری دەزانن و پێیان عەیبە دابەزنە ئاستی هاووڵاتیان و وەڵامی گرفت و

کێشەکانیان بدەنەوە، بەڵکو توورە دەبن و دادەبەزنە سەر میدیاو رۆژنامەکان، کە چۆن وا دەکەن سیخورمەیان گرتووە؟ بەڵام با بپرسین، دوژمنەکانمان کێن وا لیمان بوونە بە دێوەزمە و لێ ناگەرێن لەم هەلومەرجە دیموکراسییەی وڵاتەکەماندا خەڵک و رۆژنامەکان دوو قسەی هەق بکەن و بنووسن؟

ئەز لێرەدا بە ناو ناوی دوژمنەکانمان ناڵێم، نەبادا سیحریان بەتاڵبێتەوە و ببن بەچاوەوە! بەڵام بە خەسڵەت و سیفەتەکانیان باسیان دەکەم، با خوێنەران خۆیان هەڵی بێنن.

دوژمنەکانی کورد، یەکێتی، شۆڕش و ئەزموونی دیموکراسیی کوردستان، ئەو هێز و لایەن و دەوڵەتانەن کە حەزیان لێ نییە میللەتی کورد کوردەوارییەکی گەشەکردووی هەبێت، پێیان ناخۆشە کوردایەتی ڕیزەکانی خۆی یەک بخاتو پتەوی بکات، تا چاکتر و باشتر هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییو نیشتمانییەکان بنێن. دوژمنەکان ئەوانەن حەزناکەن کورد بەری ڕەنج و قوربانیدانی ئەو هەموو شەهیدە سەروەرانەی لە ڕێی ئازادیی کوردستان و سەرفرازی کورد و پێشکەوتنی کوردەواری گیانی خۆیان بەخت کرد، بخوا و ئاواتەکانی شەهیدان بەدی بهێنێت و هەر بە فیعلی کورد لە وڵاتەکەی خۆیدا ئازاد و سەروەر بێت.

دوژمنانی کورد حەز ناکەن باسی کەموکورتییەکانی خۆمان بکەین و دەستنیشانی بکەین، نەبادا ئەوانە ببنە مایەی بەخۆداچوونەوە و دیتنەوەی چارەسەر بۆ کەموکورتییەکان. دوژمنانی کورد ئەو لایەن و هێزە سیاسییانەن کە پێیان خۆشە کوردیش وەک خەڵکانی کۆمەڵگەکانی خۆیان لە ڕەوشی سەرکوتکردن و زەوتکردنی مافی مەدەنی و دیموکراسییدا

بژێت و ئەزموونە دیموکراسییەکەی میللەتەکەمان شایستەی چاولێکردن و ڕێزلێگرتن نەبێت. دوژمنەکانمان ئەوانەن کە پێیان خۆشە یەکێتی، میری، هێزی پێشمەرگە و دامودەزگاکانمان هەڵە بچووک و لابەلاکانیان لەسەر کەڵەکە بێت و پشتمان لە ژێر باریدا بچەمێتەوە. دوژمنەکانمان حەزناکەن ڕەخنە لە خۆمان بگرین و کەموکورتییەکانمان نیشان بدەین، نەکا ئەو هەڵمەتە دیموکراسییە ئەوان و قەڵەمڕەوی ئەوانیش بگرێتەوە، کە هەڵەکانی ئەوان کەموکوڕیی لابەلا نین، بەڵکو هەڵەی هەرە گەورە و سیاسەتی سەد دەر سەد چەوتن، دوژمنەکانمان ئائەوانەن. ئیتر بۆچی ئێمە بە بێدەنگی و ڕەخنەنەگرتن و دیارینەکردنی کەموکوڕییەکان دڵیان خۆش بکەین؟

مادامەکی ڕەخنەکانمان بۆ چاککردن و گەشەپێدان بن، بۆ چارەسەرکردن بن، نەک ڕیسوایی و سووکایەتی پێ کردن، ئیتر بۆچی و لە کام دوژمنی لەبەردەرگا ڕاوەستاو بترسین؟

لە ڕاستیدا، ئەوە نەریت و پیشەی هێزە شۆڕشگێڕە نیشتمانپەروەرەکانی وەک یەکێتی نییە بە دیار دوژمنەکانیەوە دانیشی و هیچ نەڵێ و هیچ نەکا و هیچ دەستپێشخەرییەکی نەبێت، نەوەکو دوژمنەکانمان پێی بزانن. ئەوە پیشەی هێزە دیکتاتۆر و دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانە، کە هەمیشە دێوەزمەی دوژمنی دەرەکی دەکەنە بیانووی حازربەدەستی دەستیان بۆ ئەوەی هەموو ڕەخنەیەک، هەموو قسەیەکی هەق سەرکوت بکەن و مافی دیموکراسی لە میللەتەکانیان بستێننەوە.

پتر لە سی ساڵە حکومەتی بەغدا بە بیانووی دوژمن و هەڕەشەی دەرەکییەوە دەستووری عیراقی دواخستووە و دیموکراسیی ئاودیو کردووە، مافە نەتەوەییەکانی کورد

پێشێل دەکات. ئایا دەشێ کورد و بزووتنەوە مێژووکرد و ڕەسەنەکەی چاو لە جەللادەکانی بکات؟

بزووتنەوەیەکی سەنگین و ڕەسەن لەوپەڕی پتەویو بەهێزبوونی خۆیدا بڕیاری بژار و گەشەپێدان، ڕیفۆرمو چاکسازی دەدات و دەیەوێ لە یەک کاتدا تێکۆشان بۆ سەرخستنی کوردایەتی و تێکۆشان بۆ پێشخستنی دیموکراسی و کوردەواری و نەهێشتنی کێماسییەکان بکات، کەچی لێرە و لەوێ ئەوانەی کەموکورتییەکیان لەکاردا هەیە، یان کەمتەرخەمییەکیان نواندووە، ئەوانەی سەرپێچییەکیان کردووە، یان کارەبای سپێشاڵیان ڕاکێشاوە، دەڵێن لە سەرمان مەنووسن و رەخنەمان لێ مەگرن، نەبادا دوژمن دڵیان پێ خۆش بێت؟ باشە ناکرێ ئەو برادەرە بەڕێزانە، لەبەر دوژمنان، لەبەر ئەوەی خەڵک لە جادە و کۆڵان و چایخانەکان ڕەخنەیان لی نەگرن و تانە لەوان و لە شۆڕشو ئەزموونەکەمان نەدەن، هەر لە بنەڕەتدا سەرپێچی نەکەن، هەر لە بنەڕەتدا کەمتەرخەمی نەنوێنن و هەر لە بنەڕەتدا ڕێ لە کەموکوڕی (ئەوانەی هۆکاری زاتیان هەیە، نەک مەوزوعی) بگرن؟

بە قسەیەکی سەعد زەغلول کۆتایی پێ دێنم، کە دەڵێ:

(پێویستە ئێمە لە ڕەخنەلێگرتنی ڕۆژنامەکان توورە نەبین، بەڵکو دەبێ خۆمان وا لێ بکەین کە ماوەی ئەوە نەمێنی ڕەخنەمان لێ بگرن).

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٩/٨/١٧**

# ڕەخنەی بۆنخۆش!

لەسەر پرۆسەی ڕەخنە و گیانی پەسەندکردن و پەسەندنەکردنی ڕەخنە دەدوێم. چۆن ڕەخنە لەناو ڕێڕەوێکی ڕوو لە پەرەسەندووی دیموکراسیدا پیادە دەکرێ و زامنەکانی بەردەوامبوونی چین؟ ئەسڵەن بۆچی خەڵکانێک هەبن کاریان ڕەخنەگرتن بێت؟ بۆچی ڕەخنەگرانێک هەبن قسە لەسەر کاری جێبەجێکراو بکەن، سەرزەنشتی جێبەجێکاری ئەو کارەو کێماسییەکانی بکەن؟ ئەم پرسیارانە، لە ڕێرەوی بزاڤی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، سەرەتاکانی گەمەی دیموکراسین و پێویست بە وەبیرهێناونەوەیان ناکات، لێ بۆ کورد و کوردەواری، با هەندێک جاریش پێمان وابێ وەڵاممان داوەتەوە و لەسەری دەزانین، کەچی دەبێ دەوری بکەینەوە و چاکتر خۆمانی بۆ ساز بدەین. ئەم پرسیارانەی سەرەتاکانی گەمەی دیموکراسیی پێک دێنن، هەر خۆشیان جەوهەری پرۆسەکە و ناونیشانی وین.

لە قسەیەکی برنادشۆ، فەیلەسووفی گاڵتەجاڕی ئیرلەنداوە دەست پێ دەکەم، کە پێی وایە ئەوانەی کارناکەن، قسەدەکەن، یان دەنووسن.

چۆن ئەوانەی کارناکەن، قسان دەکەن و ڕەخنە دەنووسن؟ لەنێو نێوەندی ئەدەبیشدا ئەوە هەیە، کە هەموو ڕەخنەگرێک شاعیر یان چیرۆکنووسێکی فاشیلە. ئێ سەرباری ئەوەش، خۆ لە ئەدەبدا ڕەخنە هەیە و ڕەخنەلێگیراوان پێیان خۆشە ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی لەبرەودا بێت، تا کارەکانیان هەڵبسەنگێنێت. لە گەمەی دیموکراسیشدا ڕەخنە فیعلێکی سەربەخۆ، یان بڵێین (کار)ێکی سەربەخۆیە. واتا ڕەخنەگر بۆ خۆی لەو گەمەیەدا هەڵسوڕاوێکی کۆمەڵە، هەروەک چۆن کەسی ڕەخنەلێگیراو، کەسی جێبەجێکاری کارەکان بە هەڵسوڕاو و کارگێڕێکی چالاکی کۆمەڵگە دادەنرێت. واتا لێرە ئەوە نییە، کە بگوترێ ئەوانەی کارناکەن و کارەکان جێبەجێ ناکەن بۆیان نییە قسە لەسەر دیاردەکان بکەن، تێبینی لەسەر دەرکەوتەکان دەرببڕن، بەڵکو لەم سەردەمەدا، بە تایبەتی لە وڵاتانی پێشکەوتوو، کە عەیب نییە ئێمە چاویان لێ بکەین، دامودەزگاکانی کۆمەڵگە، ناوەند و پێگەکانی، گرووپ و توێژەکانی وا دابەشبوون و ڕێکخراون، کە هەبن کاری پراکتیکی جێبەجێ بکەن و هەشبن کاری ڕەخنە و کاری چاودێری و کاری ناوبژیوانی و دادوەری بکەن. لە پاڵ سێ دەسەڵاتە ناسراوەکەی هەموو گەمەیەکی دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا، دەسەڵاتی چوارەم ڕۆڵی گەورەترین و بەرفراوانترین پرۆسەی ڕەخنەیی دەگێڕێت.

ڕۆژنامە، بە تایبەتی لەنێو هەموو ناوەند و دامەزراوەکانی کۆمەڵدا، ڕۆڵی ڕەخنەگرێکی هەمیشەیی دەبینێ، کە لە هیچ شتێک ڕازی نییە و هەرچی بۆ بکەیت، یان ڕاستتر هەرچی بۆ کۆمەڵگەی بکەیت بە کەمی دەزانێ. ئێستا لە

وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە تەواوەتی ڕۆژنامەگەری کاری ڕەخنەگرتنێکی بەردەوامە. لەوێ، چونکە دامەزراوەکان جێگیرن، چونکە دەوڵەت کەلتوورێکی پتەو و مێژوویەکی دێرینی هەیە، ڕۆژنامەنووسی لە کاری ڕەخنەیی خۆیدا گوێ بەوە نادات، کە ڕەخنەکانی چی لە ڕەوشەکە دەکەن، ئەو لە پتەوبوونی دەوڵەت و جێگیریی کەلتووری حوکمڕانی دڵنیایە، بەڵام لە وڵاتانی تازەپێکهاتوو و تازە جێگیربوودا، پرۆسەکە وا دەکەوێتەوە، کە ڕەخنەگر هەم کاری ڕەخنەگرتن بێ و هەم کاری چاکسازی و پێشنیازخستنەڕووش جێبەجێ بکات. لێرە ڕۆژناموس نابێ گرفتەکان بە هەڵواسراوی بهێڵێتەوە، نابێ قسەیەک بکا و بڕوا، بەڵکو دەبێ لە پاڵ ڕەتکردنەوە، چارەسەر نیشان بدا، لەپاڵ سەرزەنشتکردن، قسەیەک بۆ هیوا و مانەوەی گەشبینیش بڵێت.

ئەمە یەکێکە لەو خەسڵەتانەی، کە ڕۆژنامەگەریی خۆماڵی ئێمە لە هی وڵاتانی پێشکەوتوو جیا دەکاتەوە، مەسەلە ڕەخنەی بنیاتنەر و ڕەخنەی ڕووخێنەر نییە، بەڵکو ڕەخنە وەکو (حوکمی زاتی) وایە و (ڕاستەقینە) و (درزۆقینە)ی بۆ نییە، ئاوەهاش ڕەخنەی بنیاتنەر و ڕووخێنەر نییە، بەڵکو ڕەخنەگرتن بە پێشنیازکردن و ڕەخنەگرتنی بی پێشنیاز و چارەسەرکردن هەیە، ئەگینا ڕاستییەک کە گوترا نەیارێک بیڵێت، یان دۆست فەرقی نییە، ئەوە نەبێت کە نەیارەکە ڕێگە چارەت پێ ناڵێت، بەڵام دۆستەکە هەروەک چۆن دەتگرێنێت، ئاوهاش دڵت دەداتەوە و چارەسەرت بۆ پێشنیاز دەکات.

خالێکی تری پەیوەند بە ڕەخنە ئەوەیە، کە کەس حەز بە ڕەخنە ناکات، کەس نییە پێی خۆش بێت، تەنانەت

نەک ڕەخنە، نەک قسە، بەڵکو گوڵیشی تێ بگرێت، هەموو کەسێک لە ساتەوەختی یەکەمی گوێگرتن لە ڕەخنە هەڵدەچێ و بێتاقەت دەبێت، بەڵام جیاوازی لە چارەسەری مەسەلەکەدایە، هەیە دوای بێتاقتبوون دێتەوە سەرخۆی و گەمە دیموکراسییەکەی بەبیر دێتەوە، هەشە توورە دەبێت و لە جێی قسەی گوڵ بەرقت تێ دەگرێ.

ئایا دەشێ ڕۆژنامەگەریی کوردی لەنێوان گوڵ و بەرقدا بە تەنها بەرقت تێبگرێت، بە بیانووی ئەوەی لای ڕەخنەلێگیراو (گوڵ) و (بەرق) هەر تێگرتنە و هەر ڕەخنەیە؟ نەخێر، چونکە دیسانەوە خەسڵەتێکی دیکەی کۆمەڵگەکەمان، لە پاڵ ڕەخنەو پێشنیازدا ئەوەیە، کە بە زمانی گوڵیش ڕەخنە بگرین، ئەمە بۆ ئەوە نییە نازی ئەوانە هەڵبگرین، کە هەڵە دەکەن و چەوتی دەنوێنن، بەڵکو بۆ ئەوەیە پرۆسە دیموکراسییەکەی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕووی لە گەشەکردنە، هەروا بەردەوام بێت و لە نیوەی ڕێگا پەکی نەکەوێت.

بە قسەیەکی هونەرمەندی گەورەی سوریا: دورەید لەحام، کۆتایی بە ڕەخنەی زمانی گوڵ دێنم، لەحام ،یان غەوار، دەڵێ: "ڕەخنە پێویستە، بەڵام بە چ زمانێ. کاتێک ژنەکەم کراسێکی نوێ بەڕادان دەدات و دوای تەواو بوون بە دڵم نەبێت، پێی ناڵێم کراسەکەت ناشیرینە، بەڵکو دەڵێم: ئەوەی دوێنێت جوانتر بوو!".

دەشێ بە ڕەخنەی زمانی گوڵ بڵێین: (ڕەخنەی بۆنخۆش)!

*** کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٩/٧/٦**

# ڕۆژنامە و ڕۆژنامە

جیاوازی نێوان ڕۆژنامەگەریی ئازاد و ڕۆژنامەگەریی پروپاگەندەیی و ئاڕاستەکراو تەنها ئەوە نییە کە لە یەکەمیاندا ڕۆژنامەنووس بەوپەڕی ئازادییەوە دەتوانێ لەسەر دیاردەکان بنووسێ و ڕەخنە لە چەوتییەکان بگرێو لە دووەمیاندا دەبێ تەنها پروپاگەندە بۆ شتە چاکەکان بکا و هەموو کێماسی و کەموکورتییەک بشارێتەوە و پینەی بکات، هەروەها تەنها لەوەدا نییە، کە ڕۆژنامەگەریی ئازاد ئاوێنەی ڕەوشی ژیانی کۆمەڵ و زمانحاڵی موعاناتی کۆمەڵگەیە و ڕۆژنامەگەریی پروپاگەندەیی بە پێچەوانەوە فانتازیای خەیاڵ و ئاوێنەی داخوازییەکانی دەسەڵاتە، بەڵکو جیاوازی هەرە گەورە لە ئاکامی سیاسیو کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری دەرکەوتنی هەریەک لەو دوو جۆرە ڕۆژنامەگەرییەیە لەسەر ئاستی دواڕۆژی کۆمەڵگەو وڵاتدا، بەوەی کە ڕۆژنامەگەریی ئازاد بە خستنەڕووی کەموکورتییەکان و ڕەخنەلێگرتنیان ڕێگا پیشانی دەسەڵات و ئیدارەی وڵات دەدات، تاوەکو کەموکورتییەکان ببینن و پێش تەشەنەکردنو فەوتان چارەسەری بکەن و ئاسەوارە خراپەکانی لاببەن. ڕۆژنامەگەریی ئازاد کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ساغڵەم

بەرهەم دێنێ، کە ئەندامەکانی ڕەش‌و سپی، ڕاست و چەپ لێک جیابکەنەوە و کاری چاک ستایش بکەن و ئەشهەدومابیللای بۆ بکەن و بە پێچەوانەشەوە بە هێمنی و لەسەرخۆ ڕەخنە لە چەوتی و کەموکورتییەکانی کە ماون و چارەسەرنەکراون بگرن و داوای نەهێشتنی بکەن، چونکە کۆمەڵگەیەکی وا لە ڕێی ڕۆژنامەگەریی ئازادەوە مەشقی لەسەر گیانی ڕەخنەگرتن‌و چاودێریی کەموکورتییەکان کردووە و دەتوانێ قەزاوەت لەنێوان چاکە و چەوتیدا بکات، بەو جۆرەی هانی چاکەکە بەرەو چاکتر بدات و سەرزەنشتی چەوتی بەرەو ئیحتوا و چارەسەرکردن بکات. لەکاتێکدا ڕۆژنامەگەریی پروپاگەندەیی، بە ناوی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراوەوە، هەموو کەموکورتییەکان و چەوتییەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو وڵات دەشارێتەوە، بە بیانووی ئایدیۆلۆژی، یان بیانووی هەڕەشەی دەرەکی، یان هەر بیانوویەکی ترەوە، تا سەرەنجام کەموکورتییە بچووکەکانیش گەورە دەبن و دەبنە هەڵەی گەورە و چەوتییەکان تا ئاستی ڕاستنەبوونەوە تەشەنە دەکەن‌و سەرەنجام کۆمەڵگە و وڵات لە بنەوە بنکۆڵ دەکرێت و ئیمپراتۆرات و وڵاتانی گەورە گەورەی وەکو یەکێتی شۆڤێت‌و وڵاتانی دیکەی ئۆردووی ڕۆژهەڵاتو وڵاتانی وەکو عیراق بەرەو هەڵوەشانەوە و داهێزران و گۆشەگیربوون دەچن‌و هێشتا ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی پروپاگەندەیی لەوێ ئاگاشیان لێ نابێت. بەڵێ، بە ناوی ڕۆژنامەی ئاڕاستەکراوو ماکینەی پروپاگەندەیی گەورەوە، ڕاستییەکان شاردرانەوە و وڵاتانی گەورە سەریان بەفەتارەت چوو و داتەپین، کەچی

ڕۆژنامەگەریی ئەو وڵاتانە دەیان گوت "وڵات شامی شەریفە"و هیچ کەموکورتییەک لەئارادا نییە. لەبیرمە ڕۆژنامەیەکی ئازاد لەسەر یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەیەکی سۆڤێتیی ئاڕاستەکراوی نووسی بوو "ڕۆژنامەی پراڤدا واتە حەقیقەت" کاتێک یەکێتیی سۆڤیەت بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوو، کەچی ڕۆژنامە سۆڤێتییەکە، وەکو بڵێی نە بای دیبێت نە باران، باسی پاڵەوانیی یەکێتیی سۆڤیەتی دەکرد "گوایە" لە بواری بەرهەمهێناندا پروپاگەندەی بۆ مەنجەڵێک دەکرد، کە دەکولاو لەهێکڕا گۆرباچۆف سەری هەڵدایەوە و هەڵمەکەی هەموو فەزای وڵاتی گرتەوە. ڕۆژنامەگەریی پروپاگەندەیی لەسەر شێوەی ڕۆژنامەگەریی شمولی لە وڵاتانی هاوچەشنی سۆڤێتو ئۆردووگای ڕۆژهەڵاتدا دەسەڵات بۆ پروپاگەندەو ستایشکردن دای دەمەزرێنێ، کەچی وەک ئەزموونەکان نیشانیان دا، دەبنە ئامێرێکی گەورە و بودجەیەکی زۆری دەرامەتی وڵات قووت دەدەن، کەچی ئاکامەکانیان پێچەوانە دەردەچێت، نە لە قازانجی دەوڵەت و نە لە قازانجی کۆمەڵگە، بەڵکو بە زیانی هەموو لایەک کۆتاییان پێ دێت. چونکە چەند بە زوویی لە دامەزراوێکی دیعائی بێتاقەت دەبن، کە ڕاستەوخۆو لە پروپاگەندەیەکی ئاشکرادا ستایشی دەسەڵات دەکات و پاکانە بۆ هەموو چەوتییەک دەکات (ئەوە ئەگەر ئاشکرا ببێت). بەم پێیەش دەسەڵات بەردەوام دەبێ بودجە فڕێدەنە نێو ئەو ئامێرەی هەرگیز ئاکامە باشەکانی دەرناکەوێت، چونکە خەڵک باوەڕی پێناکات، تا سەرەنجام کەس نییە کێماسییەکان بۆ ئیدارە و کۆمەڵگە ئاشکرا بکات، بەو جۆرەی دەسەڵات بەرەو گۆشەگیری و کەڵەکەکردنی

زیاتری کەموکورتییەکان دەچێت و بە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیەش کۆمەڵگە بەخۆیو گلەییەکانییەوە بۆ شوێنێک یتر باردەکات، ئینجا لە بریتی شوێنە ڕووناکەکان، کوچە و پەنا و پەسێوان دەبنە شوێنی نادروستی ڕەخنەگرتن، ڕەخنەکانیش هەروا کەڵەکە دەبن. لە کەشێکی وادا، چونکە خەڵکەکە مەشقی ڕەخنە و چاودێریکردنی لە ڕێی چاوی خۆیان (ڕۆژنامە)وە فێرنەبوون، هەرگیز کەسێک نابیننەوە تەنانەت بە کارە چاکەکان و پرۆژە باشەکانیش بڵێت چاک و باش، چونکە ڕۆژنامەگەریی پروپاگەندەیی هەروا بودجە قووت دەدا و ناتوانێ خەڵکی فێری قەزاوەت بکات.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٩/٤/٢٩

# ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی

ئێستا سەدایەکی باش پەیدا بووە لەسەر ئەوەی "کوردستانی نوێ" دەنووسێ و ڕەخنە دەگرێ، یان ڕاستتر بڵێم، لە پاڵ ئەوەی ستایشی خزمەتگوزاری و کارە ئیجابییەکانی لەنێو کۆمەڵگەدا هەن دەکات، لە هەمان کاتدا ڕەخنە لە کێماسی و سەلبیاتەکانیش دەگرێ. ئەوەش ئەرکی دووسەرەی ڕۆژنامەگەرییەک دووپات دەکاتەوە، کە "خزم و هاورێ"ی دەسەڵاتی خۆماڵییە و دەیەوێ بە دەست خستنە سەر کەموکوڕییەکان باشتر خزمەتی بکات.

بەڵام مادامەکی لە تەواوی پرۆسەکەدا ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی ئامادەیە، کەواتا دەتوانین بە گشتی بڵێین، ڕۆژنامە ڕەخنە دەگرێ و گلەیی دەکات. هەر بە فیعلیش ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس، لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و دواکەوتوودا، ئەرکیان ڕەخنە و ڕەخنەکارییە، با ئەو پرۆسەیە بەپێی وڵاتان و ئاستی پێگەیشتنیان جیاوازو چوونیەکیش نەبێت. یان با ئەو پرۆسەیە لە هەندێک شوێندا پەروەردەی و لە هەندێک شوێنی تریش بۆ شتیتر بێت. سەرەنجام ئەو ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانەی ڕەخنە

ناگرن، وەک ئەوە وایە کرێکارێک یان فەرمانبەرێک، ئەرکی کرێکاری یان فەرمانبەری سەرشانی ڕانەپەڕێنێت. ئەرکی ڕەخنەیی ڕۆژنامەنووسیش وای لێ دەکات هەمیشە بپرسن، ئەی ڕۆژنامەنووس خۆی چییە تا ڕەخنە بگرێت؟ ئایا ڕۆژنامەنووس خۆی بێ کەموکورتییە؟

وەڵام بۆ ئەم پرسیارە دەبێ لەسەر دوو ئاست بێت، ئاستێک ئەوەیە کە ڕەخنەگرتن خۆی جۆرێکە لە کار و خەڵکانێک هەن تەنها کاریان ڕەخنەگرتنە! ئاستی دووەمیش ئەوەیە کە دەبێ ڕۆژنامەنووس، پێش ئەوەی خاوەن توانای نووسین و مەرجەکانی کاری رۆژنامەنووسیی بێت، ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسیی هەبێت، یان ئەوەی پێی دەگوترێت شەرەفی ڕۆژنامەنووسی، بەڵام دەبێ بنەما و پێوەرەکانی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی چی بن و کێ دیارییان بکات؟ بۆ ئەم مەبەستە گەڕامەوە سەر پەیماننامەی سوێندی ڕۆژنامەنووسی، کە ساڵی (١٩١٨) یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی دەری کردبوو، بینیم ئەگەر ڕۆژنامەنووس ئەو (١٤) بەندەی پەیماننامەکە جێبەجێ بکات، سەرەنجام وەک وەلیو پیاوچاکانی لێ دێت! بە ڕاستی مەرجەکانی تاقەتپڕوکێنن و لە توانای مرۆڤ بەدەرن. لە یەک وشەشدا، ئەگەر لە ساڵی ١٩١٨وە ڕۆژنامەنووسانی جیهان پابەندی ئەو بەندانە بوونایە، ئێستا ڕەوتی رۆژنامەگەری لە دونیادا (راوح مکانک)ی دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، خۆ چەند بنچینە و بنەمایەک هەن، هیچ نەبێت ڕێککەوتنێکی جینتڵمانی لەسەر کراوە و هەموو ڕۆژنامەنووسێک خۆڕسکانە لێی ئاگادارە.

یەکێک لەو بنچینانە ئەوەیە، ڕۆژنامەنووس دەسەڵاتو ئیعتباری ڕۆژنامەگەری، چ هی خۆی بێت و چ هی ئەو ڕۆژنامەیەی کاری تێدا دەکات، بەکارنەهێنی بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆی، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی نەریتی ڕێزگرتن لە ڕۆژنامەگەرییان تێدا باوە.

لە ڕاستیدا بەکارهێنانی دەسەڵات و ئیعتباری ڕۆژنامەنووسی، چ لە ڕووی بەکارهێنانی ناوبانگی ڕۆژنامەنووسی، چ لە ڕووی بەکارهێنانی ڕۆژنامە بۆ وروژاندنی شتی شەخسی، هیچ فەرقێکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ بەکارهێنانی پلەوپایەی سیاسی بۆ کاروباری شەخسی، بگرە ئەوەی ڕۆژنامەنووس خراپترو ناپەسەندترە، چونکە چاوەڕێ دەکرێ ڕۆژنامەنووس خۆی دژی ئەو دیاردانە بێت و ڕەخنەی لێ بگرێت، چاوەڕێ دەکرێت ڕۆژنامەنووس ئەو کێماسییە دەستنیشان بکات و لە دژی بێت، کە ئیعتبار و دەسەڵاتی دامەزراو بۆ دەستکەوتی تایبەتی بەکار ببرێت، نەک بۆ خۆشی ئەو کەچە دەسەڵاتەی کاری ڕۆژنامەنووسیی بۆی دابین دەکات، بە خەڵک و خوای ئەم دونیایەی بفرۆشێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەوە زۆر گرنگە ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەگەری ناو و ناوبانگ و شوێنی خۆیان بۆ دەستکەوتی تایبەتی، هەروا بۆ قین و شتی تایبەتی خۆیان بەکارنەهێنن، چونکە ئەوانەی ڕەخنەکانی ڕۆژنامەنووس دەخوێننەوە، باوەڕی پێ دەکەن و ئەوانەش ڕەخنەکان دەیان گرێتەوە چاوەڕێن ڕەخنەگرەکەیان لە ئاستی لێپرسراوێتی ڕەخنە و ڕەخنەگرتندا بێت. پابەندبوون بەو وانە سەرەتاییەوە، بۆ

ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی (کوردستانی نوێ)، کە لە سەرەتای کاری ڕەخنەیی خۆماندابن، ئەرکێکی لەدواخستن نەهاتووە.

سەرەنجام لە یەک وشەدا، هەقە ڕۆژنامەنووسانی ئێمە، ئەو پێوەرانەی بەسەر پێشمەرگەی نموونەییدا جێبەجێ دەبن، بەسەر خۆیاندا جێبەجێی بکەن، واتا دەبێ لە بوارەکەی خۆیاندا، لە خەباتی ڕۆژنامەنووسیی خۆیاندا: (پێشمەرگەی دەست و دەم و داوێن پاک بن).

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٩/٨/١٠

باسی دووەم:

# فلاش نووسین

**حەچی جەراید**

دەوران هات و ڕۆژنامەنووسی بووە پیشەیەکی موحتەرەم و ئەوانەشی کاری تێدا دەکەن بوونە ئەفەندی. مەخابن نها جارێکی تر دەچینەوە قۆناغی پێش شارستانی و ڕۆژنامەنووسیش دەبێتە پیشەیەک کە کەس بایەخی پێ نەدات، ئەوی ڕۆژنامەنووس دەینووسێ، وەکو جاران، دەبێتەوە حەچی جەراید.

ئێمە بۆ وا لە پیشەکەی خۆمان دەکەین؟ بۆ وا لە ڕۆژنامەگەریی کوردی و بۆ وا لە میللەتەکەی خۆشمان دەکەین؟ بۆ بە ناوی ئازادییەوە دنەی گیانی توندڕەوی دەدەین و کارێک دەکەین کۆمەڵی کوردەواری قینی لە قەڵەم و کاغەز ببێتەوە؟ بۆ کارێک دەکەین ئەو ئازادییەی هەمانە ببێتە بەڵا بەسەرمانەوە و سبەی کە لەدەستمان دا، ئازادی ئەوەشمان نەبێ کۆڕ و پرسەی وەفاتی بۆ بگرین؟

گوڵی ئەم ئازادییە بە خوێن چرۆی کردووە، بۆ دەیژاکێنن؟ ئەگەر وەک هەندێک میللەتی خواپێداو بە عەریزە و داواکاریی

ئاسایی هاتۆتە دی چی لێ دەکەن لێی بکەن؟ بەڵام کە خوێنی بۆ ڕژاوە و شەهیدی بۆ دراوە، بۆچی بە دار و بەردیدا دەدەن؟

ئازادیی ڕۆژنامەنووسی چ پەیوەندیی بە پەلاماری پیرۆزیی خەڵک و باوەڕیانەوە هەیە؟ کێشە نەما لە سەری بنووسین و دوژمن نەما بیڕوخێنین، بۆیە پەلاماری خوا و پیرۆزییەکانی ئایین دەدرێت؟

بەری چەند ڕۆژ، لە یادی ڕۆژی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیدا، گوتم: هەڕەشە زۆرە لەسەر ڕۆژنامەنووسی، هەڕەشە لە دیکتاتۆری و توندڕەوییەوە، بەڵام هەڕەشەترین هەڕەشە لە ئەنارشیزمی ڕۆژنامەنووسییەوەیە، کە کارێک دەکات پیشەکەمان بەها و نرخی نەمێنێت.

خۆزگە هەڵەبام.

## پراڤدا چییەتی؟

هەڤاڵێکی خۆمان پەیوەندی پێوە کردم و دۆستانە گلەیی هەبوو لە خەبەرێک، ئەمە شتێکی ئاساییە و ئەوانەی لە میدیای حزبیدا کار دەکەن، لەسەر ئەم جۆرە گلەییانە ڕاهاتوون، هەندێکیمان پێ چارەسەر دەکرێ و هەندێکیش بە قسەی خۆش و دۆستایەتی و دڵدانەوەیەک جێی خۆی دەگرێت، بەڵام هەڤاڵەکەمان دەستەواژەیەکی سەرنجڕاکێشی بەکارهێنا. ئەو وتی: تو خوا کوردستانی نوێ مەکەنە پراڤدا. پراڤدا ڕۆژنامەی یەکێتیی سۆڤێت بوو، کە ناو و ناوبانگی مەشهوری گشت عالەمی سۆشیالیستی بوو، نیوەی دیکەی دونیای سەرمایەداریش حسابی لەسەر دەکرد.

ئەو هەڤاڵە خۆشەویستەمان لەدیدی ئەمڕۆوە سەیری

پراڤدای کرد، یان مەبەستی بوو ئێمە ڕۆژنامەیەکی تەقلیدی حزبی بەرتەسکین لە ناونیشان و ناوەڕۆکی هەواڵەکانمان، وەکو رۆژنامەیەکی بەلشەفی واین؟ نازانم.

پرسیارم کرد لە هەڤاڵەکانم، ئەریّ (پراڤدا) چی کردووە وا هەڤاڵە لیبڕال و (کراوەکانی) ئەمڕۆمان دەیکەنە نیشانەی (تانە)؟

سەیر لەوەیە، ماوەیەک پێش ئێستا ویستم تەکلیف لە مامۆستا و ئەکادیمیست د.مەغدید سەپان بکەم، کە داخۆ دەتوانێت لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمان بۆ بنووسێت لەسەر پراڤداو میدیای سۆڤێتی؟ بەڵام بە داخەوە مژۆڵی ڕۆژانە دەرفەتی ئەوەی نەدام ئەو پێشنیازە بە دکتۆر بڵێم. من لەو باوەڕەدام، کە میدیای سۆڤێتی، سەرەڕای خەسڵەتی مەرکەزی، بەڵام لە باری تەکنیکی ڕۆژنامەوانی و شێوەی پرۆفیشناڵی کارکردنەوە، ئەزموونێکی دەوڵەمەندە و ئەم ئەزموونە بە دەستەواژەی وەک میدیای (بەلشەفیزم) و (پراڤدا) سواخ نادرێت.

گەلێک جار دەڵێم خۆزگە ئەزموونی وەک ئەوانی سۆڤێتمان دەبوو، وەکو ناتوانین لە کوردستان شێوە میدیای ڕۆژئاوایی جێگیر بکەین.

بەری چەند ساڵێک هەندێک لەوانەی توانجیان لە ڕاگەیاندنی یەکێتی دەدا، بە میدیای ئۆردووی ڕۆژهەڵاتیان دەشوبهاند، کەچی دوایی تەجرەبەی میدیای خۆشیان هیچ نەبوو، جگە لە وێنەیەکی شێواوی ڕاگەیاندنی دەوڵەتە مەرکەزییەکانی دونیای سیّ، کە هەرگیز ناڵێم بیّ کەموکوڕییە.

من پێچەوانەی ڕای ئەو هەڤاڵەمان، کە گلەیی خەبەریی هەبوو، ئاوات دەخوازم کوردستانی نویّ لە هەندێک خەسڵەتدا بگاتە ئاستی پراڤدا. مەبەستم ئەوەیە، وەک ئەو لە سەرتاسەری وڵاتدا

بڵاوببێتەوە و (قەولی فەسلی) لابێت لەسەر ڕەوشی وڵاتەکەمان. بەلای کەمەوە پراڤدا ڕۆژنامەی مەرکەزیی حزبێک بوو، کە تەنانەت هەواڵی تەشریفاتی و هەواڵی پرۆتۆکۆڵیش تێیدا بە حیساب و کیتاب بوو، وەک وڵاتی کوردستان نەبوو، کە لە سەرەوە تانەی پراڤدایی لێ دەدرێت و لە ژێرەوەش تەکلیفی هەواڵی تەشریفاتی بکرێت.

**سێ (ڕ) ێیەکە**

ڕێبازی سێ ڕێیەکە، ڕێبازی ڕۆژانەی کوردستانی نوێ بووە. بێگومان بە شێوەیەکی چڕ و پڕتریش دەبێتە ڕێ و ڕێبازی کوردستانی نوێی کۆتایی هەفتەش.

ڕێبازی سێ (ڕ)ێیەکە لە دەستەواژەیەکی هەڤاڵ مام جەلالەوە وەرگیراوە، کە پێش چەند ساڵێک لەگەڵ ستافی کوردستانی نوێدا کۆبۆوە و هەندێک ڕێنوێنی لەسەر کاری ڕۆژنامەکە وت. ئەو، کە بە دەستەواژە جوانەکانییەوە دەناسرێتەوە، وتی ڕۆژنامە دەبێ:

- ڕاستی بڵێت، ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خەڵک و خوێنەرەکانی. جا بۆ ئەوانەی کەیفیان بە چەپ دێت گوتیشی: وەکو جاران دەیان گوت هەموو ڕاستییەکان بۆ جەماوەر.

- ڕەوان بێت، واتا ئەو ڕاستییە بە کوردییەکی ڕەوان و ڕەسەن بڵێت، کە هەموو خەڵکی لێی تێ بگەن.

- ڕازاوە بێت، واتە لە ڕووی جوانی و دیزاین و شێوازی کاری ڕۆژنامەنووسیشەوە، ڕازاوە و کەمەندکێش بێت.

ئێمە لە کوردستانی نوێ، بۆ ئەوەی ئەو سێ ڕێنوێنییەمان لەبیر نەچێت، ناومان نا سێ (ڕ)ێکە: ڕاستی و ڕەوانی و ڕازاندنەوە.

خۆشی ڕۆژنامەوانی هەر ئەوەیە.

ڕێباز و ڕێی کاری ئێمە لەم ژمارەیەی بۆ ڕۆژانی هەینی و شەممە کردوومانەتە هێلکەی دوو زەردێنەیی، ڕەچاوکردنی هەر سێ ڕێیەکەیە، تا بگەینە ئامانجی ئەوەی ڕۆژ نەبێ کوردستان نوێ نەبێ و ڕۆژ نەبێ خۆری کوردستانی نوێی لێ هەڵنەیەت.

کوردستانی نوێی هەفتە دووپاتکردنەوەی پێنج ژمارەی پێشووی بەری خۆی نییە، ئەوەندەی ئەوەی وێستگەیەکی چۆنایەتی دەبێت لە پشووی هەفتەیەکی پڕ هەواڵ و ڕووماڵو ڕووداودا.

**گەڕان بە دوای حەبی ئەسپرین دا!**

بە ڕۆژنامەگەری دەگوترێ پیشەی گەڕان بە دوای دەردیسەریدا. ئەمە بۆ میللەتانی خواپێداو وایە، کە ژیانیان خۆش و فەرحنایی و سەقامگیرییە. بۆیە ڕۆژنامەوان شارو وڵاتان دەگەرێت بە دوای دەردیسەریدا، بە دوای هیلاکی و دۆزینەوەی زانیاری و ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا. لە وڵاتی ئێمەدا گەڕانی ناوێ، دەردیسەری خۆی لەبەر دەرگایە. لە تەنیشت و لە پشتی رۆژنامەنووسە و ئەگەر چاوی خۆی لێ غافڵ نەکات، بەسەرهات و هەواڵو ڕووداوەکان بەرۆکی پێ دەگرن و داوا دەکەن لە قاڵبی ژانرێکی ڕۆژنامەنووسیدا دابرێژرێنەوە و ببنە کەرەستەی بەردەستی خوێنەرانێک، کە ڕەنگە ئەوانیش ئەم شتانەیان بینیبێ، بەڵام هەر لە ڕۆژنامەدا حەز بە بینینی دەکەن و لە ڕۆژنامەدا باوەڕ بە روودانی دەکەن.

لەبەرئەوە دەبێ لە کوردستان بە ڕۆژنامەگەری بگوترێ پیشەی لێرژانی دەردیسەری. هاوەڵێک وتی، یەکجار واش نا. پێم گوت، بۆ

ئاگاداری ئێوە، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەساڵی ١٨٩٨دەرچووە، ساڵێک دواتر، یانی ١٨٩٩، زانست حەپی سەرئێشەی ئیسپرینی دۆزیوەتەوە. یانی هەر لە سەرەتاوە ئیشەکە سەرئێشە بووە و حەپی ئیسپرینی گەرەک بووە.

**فلاش**

تازێباری لەبیر مرۆڤەکان ببەنەوە. ئێمە دوو ساڵی تەلەفزیۆنمان دانەگیرساند، تا جامی جیهانی مەکسیک، کە لە مانگی (٦) ١٩٨٦ دا سازکرد. بە شەرمەوە بە سەرگەورەی ماڵەوەمان گوت: "ئەرێ ڕاستە خەفەتباری مردووەکانین، بەڵام دەکرێ بە بێدەنگی لە ماڵەوە سەیری ئەم مۆندیالە بکەین". سەرگەورەی خێزانیش لە تازێباری بێزار بوو. پێی گوتین: "باشە، بەڵام دەنگی زۆر بەرز مەکەنەوە، با خزم و کەسەکانمان نەزانن." ڕاستی دەکرد، ئێمە لە ترسی قیلوقالی خزمو دۆست دەبوایە هەر بەرگی ڕەش بپۆشین، بە ڕاستی ئێوەش تەلەفزیۆنەکانتان لەبەر خەفەتی مردوو دەکوژێنەوە یان لەبەر قیلوقالی خزم و دۆستان؟

## باسی سێیەم:

# هەڵمەتی خاچپەرستانە

ئەگەر ڕۆژنامەیەک هەڵە بکات، دۆستەکانی بۆی ڕاست دەکەنەوە. ڕەنگە ڕۆژنامەکانی تریش هەواڵێک لەسەر هەڵەکانی بکەن، بەڵام هەر لە چوارچێوەی هەواڵدا، کاتێکیش بگاتە ئاستی تەشهیر و تەخوین و سوکایەتی، ئەمە بەس لە ڕۆژنامەگەریی کوردی دەقەومێت. تەنانەت ئەگەر هەڵەش نەبێت، بەڵکو ئیجتیهادێک بێت لە شێوەی تەحریری ڕۆژنامەوانیدا، هەڵمەتی خاچپەرستانەی هەمەلایەن دەست پێ دەکات. خۆ سەرەنجام هەر ڕۆژنامەیەک سیاسەتی تەحریری خۆی هەیە، ئەگەر وا نەبوایە، ڕۆژنامەکان ماکێتی خۆیانیان بۆ یەکتری دەنارد، تا هەر رۆژنامەیە و ڕای خۆی لەسەر تەرزی تەحریری ئەویتر بڵێت.

ئەمە بەس لە میدیای کوردی دەقەومێت، کە تەنانەت لە دەرەوەی ململانێی سیاسیی ڕاستەوخۆش ڕۆژنامەو میدیاکان تەشهیر بە میدیاکانی تر بکەن. لە کوردستان میدیای وامان زۆرە، کە خاوەنەکانیان سەری زمانو بنی زمانیان پرۆفیشناڵیو پیشەییبوونە، کەچی لە فەیسبووک و تویتەرەکانیانەوە، تا پەناو پەسێوی سایت و بڵاوکراوەکانیان

دەڕشێنەوە و دەلەسەی وا لەسەر هاوپیشەکانیان بڵاودەکەنەوە، مرۆڤ هەر پێی شەرمە وەڵامیشیان بداتـەوە.

لە یەک کاتدا لە سێ و چوار میدیای ئاست جیاجیا و جۆری کارکردنی جیاجیاوە تەشهیر و تەخوین بەرپا دەکەن، بە جۆرێک شەرافەتمەندی دۆستایەتی تێدا ناهێڵن و بە تەرزێکی وا زەق و نا حەریفی هەڵمەتەکەیان دەکەن، کە هاوپەیمانێتی ژێر بەژێر و تۆڕی پەیوەندی گومانلێکراویان هەر زوو دەردەکەوێت. ئیتر دەبینی ئەو میدیایانەی سوێندێکی زۆر و کۆششێکی دیپلۆماسی زۆر دەکەن شمەکی (سەربەخۆیی خۆیان) بە خەڵک بفرۆشنەوە، کەچی لە یەک ساتی هەڵمەت دژی میدیایەک هەموو کۆششەکەیان هەرزانفرۆش دەکەن‌و پەتی باریکی پێکەوەییان و سەر بە لایەن و گرووپیان لێ دێتەوە یەک.

جا ئێوە لە وەگەڕێن ئەوانە پڕۆفیشناڵن یان نا، چونکە ئەم چەمکانە لە کوردستانی خۆماندا ملکەچی ئیجتیهادی نێوەندە میدیاییە جیاجیاکانە، بەڵام ئەوەی جێی پێکەنینە هەندێک جار هەڵمەتەکەیان لە تەلی گومان خستنە سەر نیشتمانپەروەرێتی ئەم و ئەو لێ دەدات لە کاتێکدا ڕەنگبێ وا پێویست بکات لە بارەگای بەرزی کوردایەتی داوای شەفاعەتیان بۆ بکەین.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٢-٢٠١٦/١/٢٣

باسی چوارەم:

# ڕووماڵی ناڕەزاییەکان

ئەم هەفتەیە کوردستان هەمووی ڕووداو و قەومان بوو. ڕووداوی خۆپیشاندانی خەڵک و خولێکی تری ناڕەزایی چین و توێژەکان لەسەر گوزەران و موچە و ژیانیان، وەکو ئەمە تاقیکردنەوە بوو بۆ حکومەت و حزبەکان و سیاسەت، وەکو مەشقێکی دیموکراسی و مەدەنیش بوو، هەروا تاقیکردنەوەیەکی دیکەش بوو بۆ دامەزراوەکانی میدیا و تۆڕی کەناڵ و سۆشیال میدیاکانی وڵات داخۆ چۆن ڕووماڵی ئەم ڕووداوانەیان کردووە و چۆنی دەکەن؟ بێگومان هێشتا زووە هەڵسەنگاندن بۆ چاک و خراپی ڕووماڵکردنەکە بکەین، بە تایبەتیش هەر هەڵسەنگاندێکی ئەمرۆیی بۆ ڕووماڵێک ئێستا جێبەجێ دەکرێت دوور نابێت لە سەنگەربەندی و ڕوانینی سیاسی و لایەنداری. ئەوەی دەبێ ئەو کارە بە شێنەیی بکات و ئەدای دامەزراوەکانی میدیا هەڵبسەنگێنێ، ناوەندە ئەکادیمییەکان و دامەزراوەی مۆنیتەرینگی تایبەتە. بە داخەوە لە ئەزموونەکانی پێشووتردا ڕووداوگەلی وا تێپەڕین و ئەو ناوەندانە نەیان توانی لێکۆڵینەوەی وابکەن،

یان مامۆستایان و خوێندکارانی خۆیان ڕاسپێرن لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدای میدیاکان بکەن لەو وێستگە ڕووماڵکردنانەیاندا. ئەگەر پێشتر ئەوەیان بکردبا، بۆ نموونە لە ڕووماڵی ڕووداوەکانی وەک ١٧ی شوباتی ساڵی ٢٠١١و نارەزاییەکانی ئەو کاتەدا، ئێستا خەزینێکی باشی ئەزموونمان لەبەردەستدا دەبوو و ئومێدێکیشمان لەلا دروست دەبوو، کە ئەم وێستگە نوێیەی بزاوتی کۆمەڵایەتیش بەر لە هەموو شتێک دەبێتە گۆڕەپانی هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی گەشەی میدیای کوردی لە دوای قۆناغی ١٧ی شوباتەوە. جا هەتاوەکو ئەو ناوەندانە لە کوردستان بەو ئەرکە کوردستانییە میدیاییە ئەکادیمییە هەڵدەستن، وا لێرەدا چەند نموونە و ناونیشانێکیان دەدەینێ، کە دەتوانن بیکەنە تایتڵی لێکۆڵینە و ئەندامەکانی خۆیانی بۆ تەیار بکەن.

- جیاوازی ڕووماڵی میدیایی حزب، میدیای سێبەر لەگەڵ میدیای بێلایەن و سەربەخۆ لە ڕووماڵی نارەزاییەکاندا.
- جیاوازی لە ڕووماڵی ڕووداوی شار و شارۆچکەکاندا، چ لە ڕووی شارچێتی و چ لە ڕووی دژە شاری ترەوە.
- ڕووماڵی کەناڵە کلاسیکییەکانی وەکو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و جیاوازی نێوانیان.
- جیاوازی ڕووماڵی ئەو کەناڵانە لە ڕووماڵی سۆشیال میدیا.
- دادپەروەری لە ڕووماڵدا، گواستنەوەی بیروبۆچوونو هەڵسوکەوتی دامودەزگا ڕەسمییەکان لە بەرامبەریان.
- ئەدای ئیعلامیی حکومەت و چۆنێتی گواستنەوەی خیتابی حکومەت.

- ڕاگەیاندنی بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنێتی کەڵک وەرگرتنیان لە سەکۆی میدیاکان، بۆ گەیاندنی دیدار و بۆچوونەکانیان.
- ئەرکی میدیاکان لەنێوان ڕووماڵی پیشەیی و ئەرکی هاندان، یان ئیحتواکردنی ناڕەزاییەکان.
- ئەدای میدیاکان لەنێوان ١٧ی شوبات و ناڕەزاییەکانی ئێستادا.

ئەمانە چەند ناونیشانێکن. ئێوەش هی تری بخەنە سەر.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: (٩/٣٠)-(١٠/١)/٢٠١٦

باسی پێنجەم:

# ڕۆژنامەگەری بۆ ئەوانی تر

**بە زمانی کوردی**

هەتا ئێستا عەرەب لە عیراق و لە دونیای عەرەب باوەڕی بە ڕوونکردنەوەکانی کورد نەکردووە، لە بارەی مامەڵەی کوردی کەرکوک لەگەڵ عەرەبی کەرکوک، بە ئاوارە و نیشتەجێوە، بە تەعریب و ئەسڵییەوە، بە شیعە و سوننەیەوە، نەک لەبەرئەوەی کورد عەرەبییەکی باش نازانێ، یان عەرەب لە عەرەبییەکەی کورد تێ ناگات، بەڵکو لەبەر ئەوەی گوێگرتن لە ڕاستییەکان، لە ڕوانگەی کوردەوە، لە قازانجی ئەوان نییە. عەرەب زمانی عەرەبی و میدیای عەرەبی بۆ خۆی داناوە، بۆ ئەوەی داناوە لە قازانجی خۆی بێت و ڕاستی لە ڕوانگەی عەرەبەوە، بۆ عەرەب و عەجەم، بگوازێتەوە.

ئێمە ناتوانین لە یاریگای عەرەب و بە جەماوەری عەرەب و ناوبژیوانی عەرەب یارییەکە لە عەرەب ببەینەوە، چەند یاریزان بین و مەشقمان کردبێت، لە یاریگای ئەوان و بە ناوبژیوانیی ئەوان ئێمە ئەوپەڕی دەتوانین بە گۆڵ یەکسان

بین. هەر تیمێکیش بۆ یەکسانی، نەک بردنەوە، یاری بکات دەکرێ بڵێین دۆڕاوە.

دەبێ ئێمە بە زمانی کوردی و بە زمانی عەرەبیش ڕاستییەکان بۆ خۆمان بڵێین، خۆمان قەناعەتمان بە ڕاستی و گوتاری خۆمان هەبێ. لە مەسەلەیەکی هەستیاری وەکو دەرکردنی تەعریبدا، گرنگە ئێمە خۆمان باوەڕمان بە سیاسەتی کوردستانی هەبێت، کە هەرچی بۆ نەهێشتنی تەعریب بیکەین ڕاست و ڕەوایە. بێ ئەوەی ناچار نەبین کەس دەربکەین، یان مافی کەس پێشێل بکەین. پێویستە کورد بە زمانی شیرینی کوردی و زمانی عەرەبی و هەموو زمانیکی دونیا بەو قەناعەتەوە کار بکەین، کە دۆسێی کوردستانێتی کەرکوک هەق و ڕەوا و دادپەروەرییە و بەو نەفەسەوە کار بکات، هەموو دونیا، بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیشەوە، لێی ڕازی دەبن، چونکە دەبینن کورد تەمبەڵی خۆی لە بواری چارەسەری یەکلاکەرەوەی مەسەلەی کەرکوک بە حاڵەتی فەردی دەرکردنی ئەم عەرەب و تورکمانەوە گرێ نادات. قەناعەت بە خۆتان، بە خۆمان بکەین مەسەلەکەمان ڕەوایە، دەتوانین چارەسەری ڕەوای بکەین.

**کورد بە عەرەبی**

بڵاوکراوەیەکی کوردی و کوردستانی بە زمانی عەرەبی، یان ڕاگەیاندنێکی کوردستانی ڕوو لە عەرەبی عیراق، وەک هاوبەشەکانمان لە یەک وڵات و وەک گەلی عەرەبی لە وڵاتانی ناوچەکە، کە لە سوریاش هاوبەشین لەگەڵیان، زەرورەتێکی گرنگی ئەمرۆمانە. زەرورەتێکە جاران

ئەوەندەی کورد ڕاگەیاندنی هەبوو و عەقڵی پێی دەشکا و توانای بەسەردا دەشکا، بەکردەوە پیادەی دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ زۆرترین قسەی لەسەر دەکەین و کەمترین کرداری لێ شین دەبێت. جاران ئەم پێویستییە، بەو توانایانەی هەبوون، ڕایی دەکرا. حزبە کوردستانییەکان و تێکۆشەرانی چەپ و دیموکراتخوازی عیراق و عەرەب لە وێستگەی جیاجیادا هاوکاری ئەم کۆششە کوردییەیان دەکرد، بۆ ناساندنی ویست و ئیرادە و داخوازیی کورد و مافەکانی، بۆ ناساندنی ئەندێشەی کورد و حاڵ و باری کوردستانەکەی.

لە شۆڕشی نوێی کوردستان، لە شام و لە شاخ، ڕۆژنامەو ڕادیۆ بە عەرەبی دەنووسرا و قسەیان دەکرد. دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١، تا کەوتنی بتی بەعس لە ئاداری ٢٠٠٣دا، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی عەرەبی بە جیا، یان بەشێک بوون لە ڕاگەیاندنی یەکێتی و بە گشتی ڕاگەیاندنی کوردی، هەبوون. گەلی کوردستان و کوردسات و الاتحاد لە کایەدا بوون. دوای ٢٠٠٣ حوڕییە بە لۆکاڵی و ئینجا بە سەتەلایتی، ئیتحادیش بە هەفتانە و ڕۆژانە بوژانەوە و درەوشانەوە.

هیچیان نەمان، جا بەبیانوی کوالێتی، یان بێ پارەیی، یان بێ باوەڕی، ئاکام هەر یەک شتە. عەرەب گوتەنی، مادام ئێمە قسە لەسەر میدیا بە عەرەبی دەکەین: تعددت الاسباب والموت واحد.

ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر میدیامان بە عەرەبی دەوێت. بە تایبەتی دوای ڕیفراندۆم و پاشکشێی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عیراق.

له کوێوه دەست پێ بکەین؟ لەم وەزعەدا، کە ئازادی هەیە و ئامێری میدیاش هەیە و هەروا گەشە دەکات.

ئێمە بۆ دەستەوسانین؟ هۆکار هەرچی بێت، بێپارەیی، یان بێچارەیی، حەیفە حزبەکەی مام جەلال بە عەرەبی قسەی نەبێت.

## باسی شەشەم:

# دەردە دڵ

### پارە پارە

کانگای بەرەکەتی ڕۆژنامەگەریی عەرەبی لە میسر و لوبنان بوو. دوای داکشانی ئەزموونی ناسریزم، ئینجا شەڕی ناوخۆی لوبنان، باڵندەکان بۆ کەنداو کۆچیان کرد.

لەپێشدا کوێت باخچەی پشتەوەی ڕەوتی عروبەی گەنجانە بوو، بۆیە خوێندکارەکانی هەیکەل چوونە ئەوێ. دوایی سعودیە بۆریی نەوتی بۆ ڕۆژنامەگەریی تاراوگە کردەوە. میدیای عەرەبی کەوتە دەستی ئەزموونی شام و میسر. عەقڵ هی وان و گیرفان هی میرەکانی کەنداو بوو.

وتیان ئەم عەقڵە سەرەنجام کار لەو گیرفانەش دەکاو سعودیەش ڕەوتێکی لیبڕالی بۆ پەیدا دەبێ، کە دەبنە پێشەنگەکانی گۆڕانکاریی ناوخۆیی لە سعودیە و ئامۆزاکانی کەنداو.

ڕەوتێک، کە بە پارەی نەوت ڕەونەقی بۆ سیاسەتی موحافەزەکاری پەیدا دەکرد، شەو و ڕۆژ ماشێنی لەکایەدا بوو. ئەوی بە پارەی بەغدای سەدام و لیبیای قەزافیش

پایەدار بوون، ئەرکیان کەوتە سەر شانوشەوکەتی میرانی ڕیاز.

جا کە نرخی نەوت کەوتە تەنگژەوە، پڵنگی کاغەزین شەمزا، کەچی پڵنگی ڕەسەنی ئاسیا زوو خۆی گرتەوە. ڕۆژنامەی کاغەزینی لەندەن و پاریس گەڕانەوە خەرجی کەمی ماڵە باوان. لە نووسینگەکانی کەنداو و بەیروت، بە ڕیال لە جێی دۆلار، گیرسانەوە.

کە سعودیە لە گێژاوی هەڵمەتی ڕۆژاوا گیری خوارد، دەرکەوت ماشێنی میدیای پارەداریش ناتوانێ سیاسەتی کۆنەپەرستی تیفتفە بدات. کە پارچەپارچەکردنی خاشقچیش بۆتە باسی باسان، ڕوون دەبێتەوە کە کەلتووری خەنجەر هەر بە نیەتی باش، یان شوکری فەزلی وتەنی "هەر بە دوعا و نوێژ" نابێتە ئەفەندی لیبڕال.

نێوانی پارەدارکردن و پارچەپارچەکردن دەرسێکە بۆ زۆر مەملەکەت.

## باو و.. نەریتە؟

ئەوەی لە میدیای کوردستان دەکرێت، پەلاماردانی خراپی و گەندەڵی و لاساری سیاسی و ئیداری و ڕەفتاریی نییە. ئەوەی هەیە، یان سەنگەرلێکگرتنی حزبی و سیاسییە، یان پەلاماردانی خەڵکانێک تەنها لەبەر ئەوەی لە بوارێکی ژیانی گشتی کۆمەڵگەدا ناسراون و ناو بەدەرن، جا ئەو ناودەرکردنە لەسەر هەق یان ناهەق، لەسەر بەهرە یان تەفرە بێت، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. میدیای کوردستان و سۆسیال میدیاکەی، بگرە هەندێ جار ڕوانینی باوی

گشتی کۆمەڵگەو داودەزگاکانی ناو و ناتۆرە دوای خەڵک دەخەن، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانە ناو بەدەرن، ئەمما خەڵکانی تر، کە کەتن و تاوان و کرداریان پەنهانە و کەس پێیان نازانێت، ئەوا کاریان مەیسەر و جێبەجێکراوە و کەس لێشیان ناپرسێتەوە، چونکە ناو دەرناکەن و لە سێبەردا دەخۆن و دەلەوەڕن.

لە کوردستانی باشووردا، میدیا و تەنانەت بەشێکی دامەزراوە گشتییەکانی کۆمەڵیش، بە پێچەوانەی بەدواداچوون و بنکۆڵکاری و پشکنینی ورد قسە و سەنجدانی گشتی دووبارە دەکەنەوە. تەنانەت بێ ڕەچاوکردنی ڕاستی و دروستی ئەوی دەی بیستن قسە و قسەلۆک و پڕوپاگەندەگان دووبارە دەکەنەوە. ئەمە وەک قاووقیلی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان وایە، کە تۆمەتی ئەخلاقی و سکاندالی کۆمەڵایەتی دوای ژنێک یان کچێک دەخەن، تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ پیاوێک یان کوڕێک قسەی کردووە، لەکاتێکدا حوکمی ئایین لەم بارەیەوە ئەوەندە قورسە و بەڵگە و شایەتەکان ئەوەندە دژوارن، کە بینینی سەرپێی ژن و پیاوەکان بەس نین بۆ بڕیاردان لەسەر لادان و دەست تێکەڵاوکردن.

بە داخەوە، چۆن لە کوردەوارییدا باوی کۆمەڵگە و حوکمەکانی لە بنەماکانی دین و شەریعەت لە پێشترن و هەر ئەوان دەیخۆن، پێدەچێ ناوهێنان و پروپاگەندە لە یاسا و ڕێوشوێنە یاساییەکانیش گرنگتر بن و میدیاش بە دوای شۆرەت و ناودەرکردەوەکان دەکەون و ئارەزووی خۆیانی پێ پڕ دەکەنەوە. هەرچی لادان و لادەرە ناوی تاریکی و

نوتەکەی هــەیــە، وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.

تا ئەم هاوکێشە چارە نەبێت، نە میدیامان و نە دامەزراوە گشتییەکانمان سەنگ پەیداناکەن و سەنگەری خۆیان لە بێویژدانی و بێدادی جیا ناکەنەوە.

**لۆمپن نووسەر**

زوڵملێکراوترین توێژ لە کوردەواریی هاوچەرخدا نووسەرو ڕۆژنامەنووسەکانن. ئەمانە پڕۆلیتاریای سەردەمن، لە وەختێکدا مارکسیزم هات و ڕۆیشت و هێشتا ئەو چینە لە کوردستان پێکنەهاتووە. جا ئەگەر نووسەرەکان پڕۆلیتاریای کوردستان بن، دەبێ کۆڵکە نووسەرەکان لۆمپن برۆلیتاریا بن، یانی ئەوانەی بریتین لە قوڕولیتەی پرۆلیتاریا و بۆ شەڕی نووسین و سوکایەتی بە پیشەی نووسین لە کایەکە دانراون. ئەمانە یەخە شینەکانیش نین، بەڵکو یەخە چڵکنەکانن.

ئەوانە زۆرن، توێژێکی گەورەی بەرفرەهە، کە لە هیچدا کۆک نین، لەوە نەبێت ئەهلی تەقەڵ و ئەهلی چەقەڵ سەروەریان هەبێ و مەیدانەکە بکەنە پاشاگەردانی. لە چەند دەرکەوتێکدا مرۆڤ دەگاتە قەناعەت، کە سەرداریی نووسین بۆ هەندێک باوک و بۆ هەندێک باو پیارە، وەک چۆن لە دونیای خەباتی پارتیزانی لەسەر ئەو هێزانەی زوو زوو سەنگەر دەگۆڕن و دەبنە مەقاشی دەستی سەنگەرەکانی تر، لەناوخۆدا ڕێ و ڕێباز دەگۆڕن و لە دەستێوەردانی دەرەکیدا، کە دەبنە داردەستی بێگانە، پێیان دەگوترێ تفەنگەکەیان لەم شانەوە دەگوازنەوە بۆ ئەو شان، ئاوەها لۆمپۆن پرۆلیتاریای

نووسین قەڵەمیان لەم دەستەوە دەگوازنەوە بۆ ئەو دەست و لەم دەفتەرەوە دەچنە سەر دێڕی دەفتەرێکی تر.

لۆمپن پرۆلیتاریا زیاتر لە کۆڕی نووسەران، بە تایبەتی لە کایەی ڕۆژنامەنووسیدا دەردەکەون، چونکە کڕیاران پەلەیانەو زیاتر ئەهلی تەقەڵی ڕۆژنامەنووسیان مەبەستە. ئەمە جگە لە گواستنەوەی چەکی قەڵەم لەم شانەوە بۆ شانێکی تر، بەڵگەی هاوپەیمانێتی ئەهلی چەقەڵ و ئەهلی تەقەڵە، کە ئیشیان پینەکردنە و لەپەنا ئەوەشەوە خەبەردان و خەبەر لەسەر پڕۆلیتاریای ڕاستەقینەی نووسین دەدەن. لۆمپەن هەر وایە، یەخە چڵکن و چڵکاوخۆرن. نازانم بۆ لە ئەدەبیاتی خزمانی چەپدا خاوەنانی یەخەی شینیان پێ ئێژن؟

باسی حەوتەم:

# با بچینە سەر وەیس

یەکەمین هەڵەی چاپ و یەکەمین پۆزەش لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا لە ئەستۆی کێدایە؟

لەم ڕۆژانەدا خەریکی خوێندنەوەی ئەو ژمارانەی "کوردستان"ی بەدرخانییەکان بووم، کە دکتۆر کەمال فوئاد لە ساڵی ١٩٧٢دا زۆربەیانی کۆکردەوە و لەچاپی دانەوە و پێشەکییەکیی کورت و وردی بۆ نووسین.

گەلێک سەرنج و تێبینی بەکەڵکم لەو خوێندنەوەیە وەرگرت، کە بەکەڵکی تێگەیشتن لە ڕێرەوی ڕۆژنامەنووسیو سەرەتاکانی دامەزراندنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دێن. هەروا هەندێک شتی خۆش و مفارەقاتم چنگ کەوت.

لە هەموو ئەوانە خۆشتر، یەکەمین هەڵە و یەکەمین پۆزەش بوو لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا.

بێگومان هەڵەی چاپ دەردێکی موزمینی کاری ڕۆژنامەنووسییە لە دونیا بە گشتی و لە ڕۆژنامەنوسیی کوردی کلۆڵدا بە تایبەتی. ئەگەر لە ڕۆژنامەنوسیی دونیادا هەڵەکان بچووک و چەند جار ڕوودانیان کەم و دەگمەن

بن. ئەوا لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەڵەی چاپ گەورەو زەق و دووبارە و چەندبارەبوونەوەیان نەریتێکی ڕۆژانەو هەمیشەییە. لە ڕۆژنامەنووسیی دونیادا بە هۆی نەریتی بەرز و پرئەزموونییەوە هەڵەکان و سەبەبکاری هەڵەکانیش زوو دەستنیشان دەکرێن، بەڵام لای ئێمە خوێنی ڕژاوی "هەڵە" بزر دەبێت، چونکە نووسەری بابەت تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی هەڵەبڕەوە و هەڵەبڕیش دەیخاتە ئەستۆی تایپیست و ئەمی دواییش دەیخاتە ئەستۆی لێپرسراوی لاپەڕە و خوێنەریش دەیخاتە ئەستۆی ڕۆژنامەکەوە و لەوە ناپێچێتەوە، کێ لە نووسەر و کارمەندان بەرپرسیارن؟

به هەرحاڵ، پێدەچێ بۆ خوێنەری بێچارە، زوو ئەم ئاوە ڕژاوە! ئەوەتا لە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی "کردستان)"، کە لە ١٩٨٩/٤/٢٢ لە قاهیرە بڵاوبۆتەوە، یەکەمین هەڵەی چاپ ڕووی داوە، بەوەی کە فەرمودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) بە هەڵە نووسراوە (اطلبوا العلم ولو كان فی الصین-بروانە کوردستان ژ(١) ڕۆژی پێنج شەممە ٩ی نیسانی سنەت ١٣١٤ لاپەڕە (٢) ستوونی (٢) دێڕی (٧) لە خوارەوە)، کەچی لە ژمارە (٢) ی ڕۆژی پێنج شەممەی ٢٣-ی نیسانی ١٣١٤ دا پۆزەشێک لە لاپەڕە (٣)دا، ستوونی دووەم، دێڕی (٥) لە سەرەوە بڵاوکراوەتەوە، کە (جریدە یا بری ویدە مطبعهییدە مرتب حدیثك شریف غلط نقیسی یە ڕاستی هویە اطلبوا العلم ولو بالصین).

بەپێی ئەم دەقە بێت، یەکەمین هەڵەی چاپ لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیماندا لە ئەستۆی پیتچنە (مرتب)، بەڵام وا مەزەندە دەکەم، کە هەڵەکە خۆی لە ئەستۆی نووسەری

بابەتەکەدا بێت، چونکە هەڵەی چاپ لە خۆڕایی وشەی (کان) ناترنجێنێتە نێو فەرمودەکەی پێغەمبەرەوە.

ئەسڵی فەرمودەکەش ئەوە نییە، کە لە ژمارە (٢) ڕاست کراوەتەوە، بەڵکو پێغەمبەر دەفەرموی (اطلبوا العلم ولو فی الصین)، ئەگەرچی ئەوە ساغ نەبۆتەوە خەتای کێیە؟ بەڵام پێی ناوێ بچینە سەر وەیس، ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە یەکەم هەنگاو و یەکەم ژمارەوە بە هەڵەی چاپەوە هاتە مەیدان و قەراریشە لە ڕێرەوی باپیرانمان لانەدەین!

*کوردستانی نوێ: نیسانی ١٩٩٨

## باسی هەشتەم:

# ئەدەبی کرێکاریی، ڕۆژنامەی ئەهلی

لە زووەوە گوتوومە، ئەو پۆلینکردنەی نێوان ڕۆژنامەی ئەهلی و ڕۆژنامەی حزبی، بە پۆلێنکردنێکی دەستکردی سیاسیی دەزانم. دەشێ بگوترێ، ڕۆژنامەوانیی دەسەڵات (هی حزبەکان کە لە دەسەڵاتن و هی حکومەت) و رۆژنامەوانیی ئۆپۆزسیۆن (هی حزبەکان کە هێشتا نەچوونەتە دەسەڵات)، کە ئەمەشیان پۆلینکردنێکی سیاسییە، بە گوێرەی شوێنی حزبەکان لە دەزگای دەسەڵات و پێگەی ئۆپۆزسیۆن. پۆلینی ڕاستەقینە بۆ ڕۆژنامەوانی ئەوەیە، بە گوێرەی (ڕۆژانە-هەفتانە)، یان ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی تر، بە گوێرەی گشتی و تایبەتمەند، بە گوێرەی دەستەبژێری و تابلیۆدی (ئەوی پێی دوترێ ڕۆژنامەوانیی زەرد) و دەشێ لای خۆمان پێی بڵێین ڕۆژنامەوانیی ڕوو زەرد و ڕۆژنامەوانیی بەرپرس.

بێگومان ڕۆژنامەوانی، بە پۆلینە سیاسییەکەی، جۆرێک لە ڕەوایی تێدایە، وەک ئەوەی بڵێن هی "سەربەخۆکان"، کە خزمەتی چاکی ڕەوتی میدیایان کردووە ئازادترن و هی

پابەندەکانی وەکو پابەندی حزبی حوکمڕان، یان پابەندی ئیلتزامێکی سیاسی کەمتر ئازادیی کار و نووسینیان هەیە، بەڵام مانای ئەوە نییە خزمەتێک ناکەن. ئەوانیش بە گوێرەی خۆیان خزمەتیان هەیە و لەگەڵ فراوانبوونی ئازادیی سیاسی لە وڵات و فراوانبوونی بازنەی کرانەوەی سیاسی لای پابەندە سیاسییەکان و دروستکردنی ئاستێکی بەرز لە سەربەخۆیی ئیلتزامی ڕۆژنامەوانی لەسەر حیسابی ئیلتزامی تەسکی سیاسی، ئەوانیش ئازاتر و ئازادتر دەبن.

ئەمە بەو مانایە دێت، نە ئیلتزامی ڕۆژنامەوانی مۆری سەرکزییە و نە ئەهلیبوون و سەربەخۆبوون و ئۆپۆزسیۆن بوون ڕەچەتەی دەربازبوونە لە هەڵسەنگاندن و پسوڵەی پەرینەوەیە بۆ یەقینی بەدەستهێنانی نەمرێتی و تاجی سەرکەوتن لەسەرنان. بۆ هەردوو بەرە، کاری باش سەنگی مەحەکە، کاری باشی وا کە زۆرترین مەرجەکانی هونەری ڕۆژنامەنووسیی تێدا بێت.

بۆ نزیکبوونەوەی وێنەکە، نموونەی وتەزایەک دێنمەوە، کە کاتی خۆی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک ڕەوتی چەپ بەهێز بوو، وەک وتەزایەکی پیرۆز باسی دەکرا. وتەزای "ئەدەبی کرێکاری"، وەک گای پیرۆزی هیندۆسەکانی لێ هاتبوو، کە کەس لە موسڵمانان و خەڵکی تری ئەم دونیایە نەی دەوێرا لێی نزیک بکەوێتەوە، نەوەک دڵی برای هندۆسم بڕەنجێ. وتەزای "ئەدەبی کرێکاری" هەموو ڕەنجی ئەدەبی کوردستانیی دەخستە ژێر نەشتەرگەریی چینایەتیبوون و پێگەی نووسەری داهێنەر لە ڕیزبەندیی کۆمەڵایەتیدا. ئەمە تاقە پێوەری هەڵسەنگاندن بوو لای هاوڕێبازانی ئەم تەرزە

له ئەدەب، کە ئەدەبی حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزا، نالی، شێرکۆ بێکەس و حسین عارفی دەخستە دەرەوەی مانابەخشینەوە بە ژیان، تەنها لەبەرئەوەی گوایە بۆ کرێکار نەنووسراوە، بەڵام لە خۆتوخۆرایی گەرەکی بوو مەکسیکم گۆرکییەکی خۆماڵی بەسەر نێوەندەکەدا بسەپێنێ، بەڵام کاروانی ئەدەبی کوردی هەر حسین عارف و شێرکۆ بێکەسەکان، پێش ئەوانیش نالی و حاجی و شێخ دەناسێ. ئەدەب هەر ئەدەبە، ئەوانەی داهێنانی تێدا دەکەن، هەمووان کرێکاری خزمەتکردنی تەلارە بەرزەکەی ئەدەبن و ناسنامەی کرێکاریبوون بەس نییە.

وەک ئەدەبی کرێکاری ناسنامەی ڕۆژنامەوانیی ئەهلی و سەربەخۆ بەس نییە و تەزکیە خزمەتی کەس ناکات، ئەگەر لە بنەڕەتدا خزمەتەکە نەبێت.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٨-٢٠١٦/١١/١٩

باسی نۆیەم:

# سۆفت پاوەری ئاشتی

دیمەنی زۆروزەوەندی گەریلا و شەڕڤان لە گرتەی ئاشتیخوازیدا، بۆ نموونە وەک ئەم وێنەیە، کە گەریلایەکی کچ لەناو کۆمەڵێک کۆتری لە شەقەی باڵدەردا، یان لە وێنەی تردا، وەختێک یاری لەگەڵ ئاسکی کێوی، سمۆرە، ژیژک و ئاژەڵی دیکەیماڵیدا دەکات، دیمەنی سەرنجڕاکێشی نێو دونیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سایتەکانی هەواڵ و هەندێک جاریش ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهانە. ئەم دیمەنانە وێنایەکی جوان و کەمەندکێشی جوڵانەوەی کوردستانیی نیشان دەدەن، بە تایبەتی لە بەشی باکووردا، کە پروپاگەندەی چەندین دەیەی حکومەتی تورکیا و سوپاکەی، هەمیشە کاری لەسەر ئەوە کردووە چەکداری پەکەکە و شەرڤانی پەل و باڵە سەربازییەکانی تەڤگەری پەکەکە وەکو دڕندەو تیرۆریست بناسێنێت. سیاسەتی دەوڵەت و هێزی پڕوپاگەندەی دەوڵەت و تۆڕی میدیایی زەبەلاح، یان ئەوەی ئەدەبیاتی pkk ناوی دەنێت شەڕی تایبەت، کاری نەکردەی بۆ سڕینەوەی ڕەوایی خەباتی سیاسیی کورد لە زهنیەتی دونیادا کردووە، چ جای ئەو خەباتە ڕەهەندێکی چەکداریشی هەبێت، ئەوا پروپاگەندە بەتینتر و دەسکەلای دەستی بۆ شێواندنی

خەباتی کورد بەهێزتر دەبێت. لە بەرامبەر ئەم نادادپەروەرییە لە ململانێی سیاسیی‌و میدیاییدا، چەند ساڵێکە فلاشی نەرمی گەریلا لەم جۆرە دەرکەوتانەی لە وێنەکەدا دەیبینین دەبێتە سۆفت پاوەری کەمەندکێش بۆ درەوشانەوە و قەرەبووکردنەوەی دیمەنی زاڵ لە زهنیەتدا. ئەم سۆفت پاوەرە درەنگ کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت، بەڵام بۆ کاردانەوەی ڕۆژانەشی بێ ئەسەر نییە.

ئەگەرچی بزووتنەوەی کوردایەتی لە جەوهەرو دیمەندا بزووتنەوەیەکی توندوتیژی وا نییە کە دەست لە هیچ نەپارێزێت‌و لەناو هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی دونیادا رەنگە خاوەنی زۆرترین رێژەو برەو قەبارە بێت لە مۆراڵی جەنگیی‌و لە پابەندێتی بە سوارچاکی مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمن و سوپاکەی‌و کەسەکانی. تەنانەت هەندێک حزبی کوردستانی هەیە وەکو بیروباوەرێک هەمیش بۆ بەدەستهێنانی دانپیانان لەگەڵ سازییە نێودەوڵەتییەکانی دونیا پەیمانی پابەندێتی بە رێساکانی جەنگی رەواو پاکیان ئیمزا کردووە. بەڵام لەبەر تایبەتمەندێتی رووبەڕووبوونەوە لە خەباتی چەکداری باکووردا زیانەکانی پروپاگەندە لە دژی گەریلا دیارو بەرچاوە. تا ئێستا پەکەکەو میدیاکەی لە پەرچەکردارو لە (شەڕی تایبەت)ی دژی شەڕی تایبەتی تورکیادا چەند خولێکی رووبەڕووبوونەوەی بردۆتەوە بەڵام ئەو ستراتیژی سۆفت پاوەری میدیایی پەرەپێدانی زیاتری دەوێت. نەشیاوە هەر بۆ دەستپێشخەری شەخسی‌و بۆ رێکەوت بەجێ بهێڵرێت. بەڵکو گەرەکە دیمەنی ئاشتی گەورە بکرێت‌و ببێتە دیمەنی زاڵ لە میدیاو کەمێکی زۆریش لەسەر زەمینی واقیع.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٥-٢٠١٦/١١/٢٦**

باسی دەیەم:

# کۆبۆنەکانی قەڵەم

دەشێ ڕۆژنامەنووس بەشێک نەبێت لە حزب، بەشێک نەبێت لە ڕاگەیاندنی حیزبی، بەڵام قەدەری ڕۆژنامەنووسی کورد وایە، بەشێک بێت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، بەشێک بێت لە کێشەی میللەتەکەی، هەتا ئەو کێشەیە لە شوێنێکی چارەسەر دەگیرسێتەوە. ئەندامێتی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا، هەم جێبەجێکردنی ئەرکە و هەمیشە جۆرێکە لە خۆپارێزیی ڕۆژنامەنووسی لە لادان و لەرێ دەرچوون. میراتی ڕزگاریخوازی و بارهێنانە سیاسیەکەی، خوێندنگەیە بۆ پەروەردەبوون و پێگەیشتنی ئەخلاقی و پیشەیی بۆ ڕۆژنامەنووسی کورد. ئینتیما بۆ حیزب ئیختیارێکی تاکە کەسییە، بەڵام ئینتیما بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لەناو میللەتی هێشتا لە خەم نەڕەخسیووا قەدەرێکی ئیجبارییە. ئەو چوارچێوەیە ڕۆژنامەنووسی لە خزان و قەڵەمفرۆش دەپارێزێت. ئینتما بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی پەرژین پاراستنە بۆ ڕۆژنامەنووسان، کە ببنە دەسکەلای ئەم و ئەو سیاسی و ئەو حیزب و ئەو ڕێکخستن، ئەگەر خۆیان قەناعەتیان بە بەرنامەکەی نەبێ و لە ڕێی دەرگای شەرعییەوە ئەندامی نەبن.

دیاردەی ئەندامێتی لە پەنجەرەوە و شەخسپەرستی دیاردەیەکی

خراپە و ڕۆژنامەنوس بەرەو هەڵدێر دەبات، حەسانەی مەعنەوی و دژە ڤایرۆسی خۆ لەدەستدانی تێدا دەکوژێ. قەڵەمفرۆشی کارێکی جیاوازە لە کارکردن بە ڕەنجی شان و ڕەنجی قەڵەم. قەڵەمفرۆش خۆ تەرخان کردنە بۆ کەسێکو دەستەیەک، کە جگە لە گیرفان هیچ خاڵێکی کۆکەرەوەیان بۆ ڕۆژنامەنووس تێدا نییە.

ڕۆژنامەنووس، ئەگەر لە حزبێک بێت، بە ئاشکرا ڕۆژنامەنووسی لایەنگری حیزبێکە و ئەوەی بۆ حیساب دەکرێت، لایەنگیری خۆی ناشارێتەوە. ڕۆژنامەنووس ئەگەر سەربەخۆ بێت، دەرفەتی دەبێت بە یەک مەسافە لەنێوان هەموو حیزبەکان ڕابوەستێت، بەڵام ڕۆژنامەنووس ئەگەر حیزبی و ئەگەر سەربەخۆ بێت ئینتمای بۆ بزووتنەوەی میللەتەکەی نەبێت، ئاسان تەفرە دەخوات و دەبێتە قەڵەمی دەستەیەک، نەک ڕێبازێک، کەسێک، نەک بزووتنەوەیەک.

ئەم دیاردەیە تازەیە لە کوردستان، کە ڕۆژنامەنووسی وەک بکوژی نادیار قەڵەمەکەی هەراج بکات و بەپێی سیاسەتی (من یدفع اکثر) قەڵەمی دەسورێنێت. ئەوانە درەنگ یان زوو ئاشکرا دەبنو ناتوانن لە پەنا پیشەی پیرۆزی ڕۆژنامەنوسیەوە خۆڵ بکەنە چاوی خوێنەران و خەڵکی حیزبەکان و بێگومان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانیش. چۆن کۆبۆنەوەکانی نەوتی سەدام ئاشکرابوو، کۆبۆنەوەکانی تازەش، درەنگ یان زوو، ئاشکرا دەبن. ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی عەرەب لە نیقۆسیا گۆڤاریان دەردەکرد و تۆڕی قەڵەمفرۆشیان لێ ئاشکرا دەبوو، قابیلە لە وڵاتی خۆمان ئەمە ڕووبدات و ئاشکراش نەبێت؟!

*هەفتانە، کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٩-٢٠١٦/١/٣٠

## باسی یانزەیەم:

# خۆزگەیەکی ڕۆژنامەگەرییانە!

هەر دوێنێ بوو دادگایەکی ئوردنی سەرنووسەر و ڕۆژنامەی (ئەلحەیات)ی لە تۆمەتی تەشهیرپێکردنی وڵاتی ئوردن تەبریە کرد. ئەمە درێژەی ئەو قەیرانەیە، کە (جیهاد ئەلخازن) ناوی لێ ناوە، نەبوونی ئازادیی رۆژنامەگەری لە وڵاتانی عەرەبیدا.

جارێکیان هەر خودی (ئەلخازن) شتێکی لە بارەی ئەو دەرفەتە کەمانەی بۆ ڕۆژنامەنووسی عەرەب دەلوێ، تا بە ئازادی بنووسێ، نووسی بوو. ئەو دەرفەتانەی بەم شێوەیە باس کردبوو:

لە کاتی ناکۆکی نێوان قەتەر و بەحرێندا ڕۆژنامەنووسێکی بەحرینی دەتوانێ لە ڕۆژنامەکانی وڵاتی خۆیدا بە ئازادی لەسەر قەتەر بنووسێ و ڕۆژنامەنووسە قەتەرییەکەش بە پێچەوانەوە. هەروا سعودییەک دەتوانێ بە ئازادی لەسەر یەمەن بنووسێ و ڕەخنە لەو وڵاتە بگرێ، کە ناکۆکی لەگەڵ سعودیەدا هەیە. بەم جۆرە ڕۆژنامەنووسی عەرەبی دەتوانێ کەڵک لە ناکۆکییە سیاسییەکان وەربگرێ و دوو قسەی دڵی

خۆی بکا! بەڵام (ئەلخازن) وەک ڕۆژنامەنووسێکی مولتەزیم ئەوەی لەیاد ناچێ کە بڵێ، خوا دەکا ناکۆکییە سیاسییەکانی دونیای عەرەب نامێنێ، چش با ڕۆژنامەنووسان دەرگای ئازادی لەسەر خۆیان کلۆم بدەن!

من لە یادی (٩٨) ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا خواستەکانم لەوە زۆرترن، کە بە تەنها ناکۆکییە کوردییەکان نەمێنن. پێم خۆش بوو ڕۆژنامەنووسانی کورد، هەم بۆیان بلوێ بە ئازادی بنووسن، هەم شەرەفی ئەوەشیان پێ ببرێ کە کەشوهەوای ئاشتییەکی ڕاستەقینە برەخسێنن. (بریا) و (خۆزگە) هیچیان لێ شین نابێ. وەلێ (بریا) ناکۆکییە کوردییەکان نەدەمان و (خۆزگە) سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردیش بە ڕەنگە جیاجیاکانیانەوە بەشداری ئاهەنگی وەزارەتی ڕۆشنبیرییان دەکرد و کەشی (تبیعیان)یان لەبارتر دەکرد!.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٦/٤/٢٣**




ڕام وایە
تەجرەبەی
پراڤداش
شایەنی
تۆژینەوەیە.







لە کۆشک و شۆستە
و لەسەر دیواری
کتێبخانەکان ڕۆژنامە
هەمەجۆرەکان بەشێوەی
جۆراوجۆر
خەمە هاوبەشەکانی
خەڵک دەگێڕنەوە.





کاری ڕۆژنامەنووسی سەرئێشەیە، هی ڕۆژنامەنووسی کوردیش هەروەتر،لەبەر ئەمە لە دوای کوردستانی مقداد بەدرخان حەپی ئەسپرینیان لە ساڵی ١٨٩٩ داهێنا.




میدیای کوردی چۆن ڕووماڵی نارەزاییەکان دەکات؟







رۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی ئەوانی تر چی پێ دەکرێ و چۆن ئەم گرفتە چارەسەر دەکەین؟





**سۆڤت پاوەری خۆناساندن وەک هێزی شەڕی ئاشتی.**







کردستان

١٣١٥

بسم الله الرحمن الرحیم

هەڵەی زمانەوانی و هەڵەی چاپ هەر لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە لەدایک بوو.




پارەدارکردنی میدیای عەرەبی و پارە پارەکردنی میدیاکاری عەرەبی.




## فەسڵی دووەم

# پەژارەی ڕۆژنامەنووسی لە یانزە وتاردا

# پشویەك لە سایەی كوردستانی نوێ دا

"پشووی کوردستانی نوێ"، گۆڤارێکی گشتیی هەمەڕەنگی کوردستانی نوێ بوو. تەمموزی ساڵی ١٩٩٩ ژمارەی تاقیکردنەوەی دەرچوو. بە حوکمی ئەوەی بەندە جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووم و بە وەکالەت ڕۆژنامەکەم بەڕێوە دەبرد. لەگەڵ هاوەڵەکانم سەروکاری گۆڤارەکەشمان دەکرد. ئەم یانزە وتارەی لێرەدا بڵاوم کردوونەتەوە، لە ژێر تایتڵی پشوویەک لە سایەی کوردستانی نوێدا نووسیومن، وەک وتاری سەرەکی هەر ژمارەیەک بوو، لە تەرزی وتارەکانی نڤیسکاری هەر گۆڤارێک. هەر یانزە ئەڵقەی لەسەر کێشەکانی کایەی ڕۆژنامەنووسیی کوردییە لە ساڵی ١٩٩٩–٢٠٠٠ دا. ئەوی لەوێ باسم کردووە، بە حوکمی گەشەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەندێکیان چارەسەر بوون و هەندێکیشیان خودی گۆڤاری (پشوو)ش تووشی هاتن، سەرەنجام سەری گۆڤارەکەشی خوارد. لێرە وەک ئەزموون و نموونەی سیپارەی ڕۆژنامەنووسی هەر یانزەیان لەم کتێبەدا بڵاو دەکەمەوە. هیوامە ڕۆژێک مێژووی ئەم گۆڤارەش بنووسرێتەوە و کارگەرانی ماجەرای دەستپێک و دەستتیاچوونیشی بگێڕنەوە.

**باسی یەکەم:**

# ڕۆژی پشوو کرایە ڕۆژی کار

نەبوونی هوشیاریی جاڕدان و دابونەریتی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و ڕیکلام لە کوردستان لەیەک کاتدا گوزارشت لە دووشت دەکات:

یەکەم: بزاوتی بازرگانی و چالاکیی ئابووری لە کوردەواریدا نەگەیشتۆتە پلەیەکی ئەوتۆی گەشەسەندن، کە دیاردەکانی ناردنە بازاڕی شمەک و ساغکردنەوەیان لە پرۆسەی کڕین و فرۆشتنی بە بەرنامەدا دەربکەون، بگرە هێشتا پەیوەندی نێوان بازرگان و فرۆشیار لەلایەک و بەرخۆران و کڕیاران لەلایەکی ترەوە پەیوەندییە سادە و ساکارەکەی جارانە، کە لە سلێمانی پێی دەڵێن "دوکانی بەکر و دوو قاڵب سابون".

دووەم: ڕۆژنامەگەری و میدیای کوردیی نەگەیشتۆتە پلەی ئیعتراف و پێگەینێکی وا، کە سەرچاوەی دارایی و توانا ئابوورییەکانی سەربەخۆ بێت و لە ڕێگای داهاتی بێمنەتی ڕیکلامو پروپاگەندەوە بتوانێت تێچوونی ڕۆژانە و پێداویستیی چاپ و چاپەمەنی دابین بکات.

هەڵبەتە هەردوو حاڵەتیش کەموکوڕین و دەبێ چارەسەر

بکرێن، به تایبەتی کە کۆمەڵگەکەمان ڕووی لە سەدە و هەزارەیەکی تازەیە، خەوشییە کە پێ بنێینە قۆناغێکی تازەوە و هێشتا بازاڕ و جموجوڵی بازرگانی لە وڵاتەکەماندا وا قەرەباڵغو پڕ جەنجاڵ نەبن، کە پێویست بە پڕوپاگەندەی شارستانی و خستنەگەڕی تەکنەلۆژیای میدیایی بکات، لە خزمەتی برەوپێدانی زیاتری شمەک و بەرهەمی خۆماڵی و بیانیدا، خەوشییە کە ڕوو لە دووەمین ساڵی دوای سەدەیەک لە تەمەنی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بکەین و هێشتا ڕۆژنامە وا حەریف و پارەدار نەبێت، کە چاوی لە یارمەتی دەرەکی نەبێت.

کوردستانی نوێ، کە لە ڕۆژنامەگەریی دوای ڕاپەڕیندا فابریکەی دەستپێشخەری بووە و بەم دواییە ڕووی لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی زیاترە، لەلایەن خۆیەوە بڕیاری دا کارێک بە ئاڕاستەی برەودان بە هوشیاریی پروپاگەندەییو ئیعلان بکات، بۆیە بڕیاری چوونە نێو ئەزموونێکی نوێی دا، ئەویش دەرکردنی پاشکۆی (پشووی کوردستانی نوێ) یە، ئەگەرچی کوردستانی نوێ بەوەی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی لایەنێکی سیاسییە، هەرگیز پەکی دەرچوونی ناخرێت، بەڵام بڵاوکردنەوەی هۆشمەندیی پڕوپاگەندەیی بەو جۆرەی برەو پەیدا بکاتەوە گرنگە.

*گۆڤاری پشوو ژمارە سفر تەمموزی ١٩٩٩

**باسی دووەم:**

# ماڵی لێ بێتەوە

لە کوردەوارییدا دەگوترێ، ماڵ ماڵی لێ دەکەوێتەوە، واتا کە منداڵان گەورە دەبن و لە خەم دەرسکێن، ئیتر ئەوانیش ماڵی دیکە پێکەوە دەنێن و قەوارەی کۆمەڵایەتی نوێ دێنە نێوانەوە و پەرە دەستێنن و گەشە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئینتیما و خۆشەویستی گەورە هەر بۆ ماڵە باوانە. زۆری دەوێ، دروست لە خەم ڕسکانێکی دیکەی دەوێ، تا ماڵی نوێی بچووکیش کەسێتی خۆی پێک بێنێ، بگرە لە دوارۆژدا ئەویش ماڵی دیکەی لێ بکەوێتەوە و ببێتە ماڵە باوانی چەند ماڵێکی نۆژەن و تازە پێکهاتووە.

لە ڕۆژنامەگەریی کوردییدا (کوردستانی نوێ) وا پاش هەشت ساڵ لە تەمەنی و لەگەڵ نزیکبوونەوەی لە کامڵبوونی دەرچوونی ژمارە (٢٠٠٠)، خەریکە دەبێتە ماڵێکی گەورەو لەگەڵ لەخەم ڕسکانی کوڕ و فەرزەندەکانییدا ماڵی دیکەشی لێ دەکەوێتەوە. هەر لەم چوارچێوەیەشدا (پشوو)ی هەمەڕەنگ لەدایک بوو، هەر لەم چوارچێوەیەشدا ماڵی دیکە لە (کوردستانی نوێ) دەبێتەوە.

* * *

با سەرەتا لەسەر (پشوو) و خەسڵەتە هەمەڕەنگەکانی بدوێین، مادامەکی پێشتر لەسەر لایەنی ئیعلان و جاڕدانەکەی قسانمان کرد.

بەشی هەمەڕەنگی هەموو ڕۆژنامەیەک، وێستگەی حەسانەوەو زاخاوی مێشکی خوێنەرانە. بە تایبەتی لەو ڕۆژنامە سیاسیانەی سەنگینیی باسوخواسەکانی کەمتر دەرفەتی پشوو و حەسانەوە دەدات، مەگەر لە دوالاپەڕەی نەبێت. لای ئێمە دوالاپەڕە بەشی هەمەڕەنگی هەفتانەشی لێ کەوتەوە، کەچی هەر تەواوی خواست و ئارەزووە ڕۆژنامەنووسییەکانمان نەهاتنەدی، مەگەر بە دەرکردنی (پشوو) نەبێت، چونکە لە پشوودا پەراوێزێکی فراوانتر، هەمەڕەنگتر، ڕەنگینتر، بۆ ئێمە و خوێنەران و خواستە ڕۆژنامەنووسییەکان فەراهەم بوو، تا بتوانین لەو بوارەشدا، واتا لە بواری لاکردنەوە لە داخوازییە ڕوحسووکەکانی خوێنەران، لەو داخوازییانەی لە دەرەوەی جوغزی سیاسەت و گیروگرفتە ڕووناکبیریو کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژانەیە، شتێک بە شتێک بکەین. بتوانین ڕیپۆرتاژی زوو هەرسکراو و دیداری هەمەڕەنگی وەرزشی و هونەری و زاخاوی مێشک و بایەخدان بە بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی هاووڵاتیان لە کوردەوارییدا لە دووتوێی ئەو (پشوو)یەدا کۆبکەینەوە، تا خوێنەران بە هۆی ماندووبوونی (پشوو)ەوە بتوانن بحەسێنەوە و پشوو بدەن.

لەم پێناوەدا، ماڵی تازە دامەزراوی (پشوو) لە کوردستانی نوێی دایک و ماڵەباوان لەدایک بوو و ئومێدمان وایە لە ئایندەدا ماڵی تازە وا ئاوەدان و گەورە بێت، کە لە خەم

برسکێ، بۆ ئەوەی ئیتر منداڵە خۆشەویستەکانی تری (کوردستانی نوێ) ئەوانیش بتوانن لەخەم برسکێن و ماڵی دیکە و دیکە لە ماڵە باوان ببێتەوە. بەم جۆرەش (کوردستانی نوێ) لە ماڵێکی بچووکی ڕۆژنامەنووسییەوە وا گەورە دەبێ و گەشە دەستێنێ تا ئەو ڕۆژەی بە هەوڵ و هیمەتی هەموو لایەک، چەشنی دامەزراوێکی گەورەی ڕۆژنامەنووسی، چەشنی کوڕێکی لەخەم ڕسکاوی داهێنانە هەمیشەییەکانی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن، دەربکەوێ و خۆی بنوێنێ.

ئەنگۆ بڵێن ئامین!

*گۆڤاری پشوو، ژمارە: (١) ١٩٩٩/٧/٢٤

باسی سێیەم:

# ئەستێرەسازی

یەکێک لەو ئەرکانەی ڕۆژنامە و میدیا پێی ڕادەبن، مەسەلەی (دروستکردنی ئەستێرە)یە. واتا دروستکردنی ئەستێرە و کەسایەتی لە ئاسمانی درەوشاوەی کۆمەڵگە بە هەموو بوارە جیاجیاکانیەوە، دروستکردنی ئەستێرە لە بواری هونەر، وەرزش، ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی ..هتد.

دروستکردنی ئەستێرە بۆ ئەوەیە، هەر کۆمەڵگەیەک شانازو دڵخۆش بێت بەوەی لە ئاسمانەکەیدا پتر لە ئەستێرەیەک دەدرەوشێتەوە، پتر لە کەسایەتی و ناودار و ئینسانی بەهرەمەندی تێدا هەڵکەوتووە و لەنێو کۆمەڵگە، لەنێو جادەو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا ئاماژەیان بۆ دەکرێ و ڕێزیان لێ دەنرێ. ئەو ئەستێرانە بە مانای پێشکەوتوویی کۆمەڵگەو مانای مەدەنیەت وەری بگرین، سامانی گەورەی نیشتمانیو دەسکەوتی پڕ بەهای وڵاتن. ڕەسول هەمزاتۆف گوتەنی، مرۆڤ کە لێیان پرسی فلان تۆ کێیت ناسنامەکەی دەردێنێ. میللەت و وڵاتانیش، کە لێیان دەپرسن ئێوە کێن، ناوی شاعیر و ئەدیب و هونەرمەند و هونەرکار و

داهێنەرانی بوارە جیاجیاکان دەکەن بە ناسنامەی خۆیان. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کەم کەس دەزانێ ناوی سەرکۆمار کێیە، کەچی زۆرکەس ناوی هونەرمەند و داهێنەرانی خۆیان دەزانن، کەس نازانێ سەرۆکی ئێستا و پێشوو پێشووتری بەڕازیل کێ بوو، بەڵام زۆر کەس دەزانن ئەستێرەی بواری وەرزش و تۆپی پێی بەڕازیل لە ئێستادا ڕۆناڵدۆ و لە جاراندا زیکۆ و سوقرات و پێشووتریش بیلێی مەزن بوو، لە نایجیریا جەنەراڵە دیکتاتۆرییەکان مژوڵی کودەتان، کەچی وول سۆنیکای خاوەنی پاداشتی نۆبڵ سەری نایجیریا و گەلی نایجیریای بەرز کردەوە.

لەبەر ئەو بایەخەی ئەستێرەکانی بواری بەهرەداری لە کۆمەڵگە شارستانیەکاندا هەیانە، پرسی (دروستکردنی ئەستێرە) لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەرنامەی وردی بۆ دادەنرێ، کە لەلایەن کۆمپانیا گەورە پارەدارەکانەوە دەکرێ و کۆشش و هەوڵێکی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت.

وەک دەڵێن، دەبێ داهێنەر بەدرزی دەرزییدا گوزەر بکات، ئینجا کەناڵێک یان کۆمپانیایەکی پڕوپاگەندەیی تەبەنی بکات و بۆ خەڵک و خوای ئەم دونیایەی بفرۆشێت و تەسدیری بکات.

لەبەرئەوەی ئەو کۆمپانیا و توانا مالییە گەورەیە لە وڵاتەکەی ئێمەدا فەراهەم نییە، ئەوا ڕۆژنامەنووسیی هەمەڕەنگ و هونەری وەرزش دەتوانن ئەو ئەرکە شارستانییە جێبەجێ بکەن و بەهرەدارانی بوارەکان بەسەر بکەنەوە و بیانکەنە ئەستێرەی درەوشاوە لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی وڵاتدا.

لەم پێناوەشدا (پشووی کوردستانی نوێ) دەیەوێ لە

ساتەکانی پشووی خۆیدا، لەو پەراوێزەی لە دەرەوەی بایەخدانە سیاسیەکانیەتی، بەشدارییەکی بچووک لە درەوشانەوەی زیاتری ئەو ئەستێرانەی کە هەن بکات، ئەگەریش بەهرەدارانێک لە دۆخی پەڕینەوەی دروستبووندا بن، ئەوا دەستیان بگرێو هاوکارییان بکات. بۆیە (پشوو) چاوپێکەوتن و وێنەی ڕەنگاوڕەنگی ئەو بەهرەدارانە بڵاو دەکاتەوە.

* گۆڤاری پشوو ژمارە: ١٩٩٩/٨/٤،٢١

باسی چوارەم:

# مەرگی جوانی

لە ٣١ی ئابدا گەلێک ڕووداوی دزێو و کریت قەومان، کە ڕۆژەکەیان ناشیرین کردووە. لەو قرچەی گەرمایەی ئابدا، کە خەڵک بێزار و بێتاقەتن، شتی ناخۆش و کارەساتی جەرگبر ڕوودەدەن.

لە ٣١ی ئابی ١٩٨٨دا کاک ئازاد هەورامی سەرکردە شەهید بوو. هەورامی جگە لەوەی تێکۆشەرێکی بە جەرگ و ڕۆڵەیەکی هوشیاری ئەم گەلە بوو، هەرواش دەنگخۆشێکی نێو سروودی شۆرش و شۆرشگێڕێکی ڕۆمانسی نێو بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی نیشتمانی بوو.

لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دا... دەبابەکان هاتن و چوون، لوولەی دەبابەکان پایتەختی خەونەکانی کوردیان لە خەونی ڕەوای نیشتمانی ڕاچڵەکاند. و (اب المتوكل علی الله) هەر بە فیعلی گەڕایەوە نێومان.

هەروەها بۆ عاشقانی جوانیی پادشایی، جوانیی گەردەن کێڵ و زەوقی بەرزی شاهانە ٣١ی ئابی ١٩٩٧ ساتەوەختێکی ناخۆش و درەوشاوە بوو. لە ٣١ی ئابی ١٩٩٧دا دایانا–ی

شای جوانان بووە قوربانی چلێسی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی یەخەی ناوداران بەر نادەن تا لـە تونێلێکدا تووشـی پێکدانیان دەکەن.

ئێمە لە پشوودا هەقمان بەسەر سیاسەتەوە نییە. بۆیە باسی ٣١ی ئابی دایانا دەکەین. ٣١ی ئابی دایانا بۆ هەندێک کەس، ئاشکرابوونی خیانەت بوو. ئەمما خیانەتی زەوجی، بۆ هەندێکی دیکەش شانازی بوو (مەبەستم ئەو عەرەبە ناسیونالستانەیە، کە دڵیان بەوە خۆش بوو ئەوەی لە ماشێنەکەدا لەگەڵ دایانا بوو، عەرەبێکی میسر بوو: دودی (الفاید!). بەهەر حاڵ، تونێلەکە لەیەک کاتدا گوزارشتی لە چەند بنبەست گەیشتنێک دەکرد:

– بەبنبەست گەیشتنی ژیانی دایانا بوو لەنێوان کۆشکی پادشایی بەریتانیا و ئازادیی ڕەهای ژیانی تایبەتدا.

– بەبنەبەست گەیشتنی نێوان خەبات و شانازی بوو.

– بەبنبەست گەیشتنی ڕەوتێک بوو لە ڕۆژنامەگەری، کە لەپێناو دەسکەوتی ڕۆژنامەنووسیدا سڵ لە هیچ بەرپرسیارێتییەکی ئینسانی ناکەنەوە و بەپێی قسەکەی کە دەڵێ "ڕۆژنامەنووس لەپێناو داگیرساندنی جگەرەیەکدا ئامادەیە دارستانێک بسوتێنێ" ڕەفتار دەکەن.

دایانا مرد، لەگەڵ ویشدا تەمەنێک لە جوانی، کە خەڵکی بەریتانیا چاویان لێ بوو و چاودێرییان دەکرد، لە هێکرا مرد و چووە ژێر گڵەوە. لە دوای وی مۆنیکای نەناسراوی ئابروچوونەکەی کلنتۆن هات، بەڵام مۆنیکا شاژن نەبوو، بۆیە هەقایەتەکەی، نە بە مەرگێکی جوان و نە بە ئاهوحەسرەتێکی میللی کۆتایی پێ هات. هەقایەتەکەی دایانا هی کۆمەڵگەیەکی

ڕەسەنی وەک کۆمەڵگەی ئینگلیزی بوو، لێ ئەوەی مۆنیکا هی ئەمریکای خاوەن شێوازی ئەمریکایی بوو لە ژیاندا. بەهەرحاڵ، لە هەردووکیاندا ڕۆژنامە و میدیا حەشریێکیان کرد نەبێتەوە، لە هەردووکیاندا ڕۆژنامە و میدیاکان بە ئاشکرا خیانەت و شانازی، جوانی و ناشیرینیان ئاشکرا کرد و ئاشکرا دەکەن، لە هەردووکیاندا ڕۆژنامە دژی ٣١ی ئابەکان بوو، کە مەرگی جوانییان تێدا دەقەومێ. هەقمان چەس، ئێمە (پشوو) دەدەین لە (پشوو)شدا باسی سیاسەت بڤەیە.

* گۆڤاری پشوو ژ: ١٩٩٩/٩/٥،٤

## باسی پێنجەم:

# گەنج، گەنج، گەنج

ئەچییە هەر جێیەک پڕە لە گەنج، لە هەر جادەیەک پیاسە دەکەیت، شانە هەنگێک گەنجی کوڕ و کچی لێیە. ئەمە بە گشتی سیمای هەرە دیاری دامەزراوە جیاجیاکانی کوردەوارییە. ڕەنگە هەبن بڵێن، جا ئەو شانە هەنگوینەی گەنج تەنها قەرەباڵەغیەکی بێ بەرنامە و بێ ئامانجە و هیچی تر، بەڵام خۆ هیچ نەبێت لە یەکەیەکی دیاریکراوی دانیشتواندا شانەهەنگی گەنج، چڕیی ڕێژەی گەنج لەنێو دانیشتوانی ئەو یەکەیەدا گەواهی تەندروستی کۆمەڵ و ساغلەمی وڵاتە، وڵاتێک کە لەنێو دانیشتوانیدا ناوەندی تەمەن ڕێژەیەکی گەنجی چنگ کەوێت، مانای وایە ڕەوشی باشە و ئەوەی لەسەرێتی ئەوەیە، بەرنامە بۆ گرتنەخۆی ئەو هەموو گەنج و لاوانە، ئەو هەموو کیژگەل و کوڕگەلانە، دابنێت.

ئەم دیاردە خاسەی زۆری گەنج لە دامەزراوەکانی کۆمەڵدا زیاتر بەزەقی لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا هەستی پێ دەکرێت.

گەلێک جار دەخوازین لەنێو خێزانی ڕۆژنامەدا ڕێژەی تەمەنی ڕۆژنامەنووسان دەربهێنین، لێ گرفتەکەمان ئەوەیە، خوشکانی بەڕێز

و هاوكاری براكانیان و خاوەن ڕۆڵی دیار لە ئیدارەدانی ڕۆژنامەكەدا، ساڵی لەدایكبوونی خۆیان ئاشكرا ناكەن، تەنها ڕەنگە ڕۆژ و مانگەكەی بڵێن، دەی ئەوەشیان بەڵگەی عافیەت و تەندروستییە، كە خانمانمان وەک خۆشیان بە فیعلی وان، كیژی گەنج و چاو لەئایندەن، بەڵام خراپ نییە لێرەدا ئاماژە بەو ئامارە بكەم، كە ڕۆژنامەی (الحیاة)ی لەندەنی بۆ دیاریكردنی ڕێژەی تەمەنی كارمەندانی سازی كردبوو، ناوەندی تەمەن لە (الحیاة)دا ٤٠ ساڵ بوو، جیهاد ئەلخازن گوتبووی كەوابێ ڕۆژنامەكەمان پیر بووە، ئێستا ئەلخازن لەوێ نەماوە، لەوە دەچێ تەمەنی ئەو بەڵانسی ناوەندی عومری (الحیاة)ی تێک دابێ!

خاڵێک دەمێنێتەوە بۆ ڕۆژنامەنووسانی گەنج، لەنێو ڕۆژنامەنووسیی گەنجبۆوەی دوای ڕاپەڕیندا، كە ئەویش خاڵی پڕكردنەوەی بۆشایی ئەزموونەكە لای گەنجەكان چنگ ناكەوێ، دەبێ ڕۆژنامەنووسانی گەنج دەرچووی خوێندنگەی پێگەیاندنی مامۆستا بە ئەزموونەكان بن و لەوانەوە فێری نەریتی كاركردن، نەریتی دەوام بن، لەپاڵ توانای ئەفراندن و نوێكردنەوەدا.

ئەم خاڵە بۆ ڕۆژنامەنووسانی نێو ڕاگەیاندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، لای ئێمەی بنەماڵەی كوردستانی نوێ، وا خورد دەكرێتەوە، كە ڕۆژنامەنووسانی گەنجی نێو بزاڤی ڕۆژنامەگەریی یەكێتی ئەزموون و كەلتووری درێژە ساڵەی ئیعلامی یەكێتی فێربن و قووتی بدەن. لەم پێناوەشدا دەبێ بە ڕۆحی گەنجانەی خۆیان، خواست و ئاواتی گەنجانەی خۆیان، ڕێگرییەكان و لەمپەرەكانی بەردەم ڕابماڵن و بێوچان چاویان لەئاینده بێت.

* **گۆڤاری پشوو ژ: ۱۸، ۱۹۹۹/۹/٦**

## باسی شەشەم:

# کوردی ئێرە و کوردی ئەوێندەر!

ئێستا بە هۆی ئەوەی پشکێکی کەمی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و تۆڕی تەلەفۆنات و فاکس و ئینتەرنێت بەر کوردانی داماوی ئێرە کەوتووە، خەریکە پەیوەندییەک، با لاوازیش بێت، لەنێوان کوردی ئێرە (هەرێمی کوردستان) و کوردی ئەوێندەر (ئەوانەی هەندەران) دروست دەبێت. پێ بەپێی گەشەکردنی تۆڕەکانی پەیوەندییەکە، هەروا پێ بەپێی ئاساییبوونەوەی ڕەوشی کوردستان و گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە وڵاتدا، سەردان و هامشۆکردنەکانی نێوان ئێرە و ئەوێ زۆرتر دەبێت. ئێستا تێبینی دەکرێت، وردە وردە تەسهیلاتی زیاتر بۆ سەفەر لێرەوە دێتە بوون، وردە وردەش کۆچی عەکسی دەستی پێ کردووە (واتا گەڕانەوە لە دەرەوە بۆ کوردستان)، بە تایبەتی بۆ ئەو پسپۆر و خەڵکی نوخبە و هەندێک جاریش کادیر و تێکۆشەرانی دێرینی سیاسی، کە دەرەفەتی هاتووچۆیان زیاترە. ئەمەش وا دەکات زیاتر لە جاران، باشتر لە ڕابردوو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی دیکەی نێوان

کوردی ئێرە و کوردی هەندەران پتەو ببێت. لەم بوارەشدا، بە هۆی ئەو ئامرازە پێشکەتووانەی پەیوەندییەوە، میدیا و ڕاگەیاندن ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لەوەی پەیوەندییەکانی باسمان کردن لەیەک کاتدا توندوتۆڵ و بەردەوام بن.

(کوردستانی نوێ) و (پشووی کوردستانی نوێ)، کە ئێستا دەچنە نێو تۆڕی ئینتەرنێت و هەروەها بە فاکس و بە ناردنە دەرەوەی ژمارەکانیان لە ڕێی بەریدەوە دەگەنە ژمارەیەکی باشی خوێنەرانی کورد لە دەرەوە، پێی خۆشە لەم بوارەدا دەستێکی هەبێ و خزمەتێکی ئیعلامی پێشکەش بکات، ئێستا بە هۆی کوردستانی نوێ کوردی دەرەوە ئاگاداری ئەوانەی ناوەوەن، ئاگاداری ڕەوشی ڕۆژنامەگەری ئێرەنو ڕووناکبیرانیان نووسینی بۆ دەنێرن و کوردی ئێرە لە هەواڵەکانی لای خۆیان ئاگادار دەکەنەوە، بۆیە بزووتنەوەیەکی چالاکی هاوکاری لەنێوان ئێرە و ئەوێ دەستی پێ کردووە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش دەتوانن پردی متمانەپێکراوی نێوان هەردوولا بن.

کوردەکان، کە لە دەرەوەن ئارەزوویان لەوەیە گوێبیستی هەواڵ و ڕازەکانی بەهرەمەندانی ئێرە بن، ئەوانەی ئێرەش حەزیان لێیە کە بزانن بەهرەمەندانی دەرەوە چ دەکەن. بۆیە ئەوانەی ئێرە دەچنە ئەوێ ڕۆژنامە دەتوانێ بەسەریان بکاتەوەو هەروا ئەوانەی دەرەوەش دەتوانرێت بە سەر بکرێنەوە.

کورد هەر کوردە لە هەر کوێیەک بێت، ئەمڕۆ زۆربەی ماڵو خێزانەکان یەکێکیان لە دەرەوەیە، یان چاوی لە دەرەوەیە. ئەو ڕۆژەش نزیکە بەشێکی ئەوانەی ئەوێ واز

لەوە بێنن نەفرەت لێرە بکەن و بەشێکی ئەوانەی ئێرەش دەست لەوە هەڵبگرن گاڵتە بە هەموو ئەوانەی ئەوێ بکەن، هەمووڵایەکمان پێکەوە جوانین و کوردستان وڵاتی هەموومانە.

هەموو تواناکانی ئێرە نەخراونەتە گەڕ و هەموو تواناکانی ئەوێش ئەفروزە ناکرێن، جاران دەگوترا شار و لادێ یەکتری تەواو دەکەن، ئێستا دەبێ بڵێین کوردی هەندەران و کوردی ئێرە هەردووڵا دەتوانن هاووڵاتی بەکەڵک و دڵسۆزبن.

* گۆڤاری پشوو ژ: ١٨، ١٩٩٩/٩/٧

**باسی حەوتەم:**

# خۆ نوێکردنەوە

کاری ڕۆژنامەنووسی (پیشەی ئاستەنگەکان–مهنة المتاعب) ـە، بەڵام کە ڕۆژنامەنووس بەرهەمی ماندووبوونەکەی خۆی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە دەبینێ، چێژێکی زۆری لێ وەردەگرێ‌و ئیسراحەتێکی نەفسی دەداتێ، ئەو چێژە چێژی خاوەن کارە بۆ کارەکەی، بەڵام وەک ئەو کابانە نا کە تام لە خواردنی دەستی خۆی ناکات و لە کاتی لێنانی چێشتەکەدا بۆن و بەرامەکەی هەستی بۆنکردنی دەگەیەنێتە حاڵەتی (تێربوون– تشبع)، بەڵکو چێژی ڕۆژنامەنووسیانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە دیقەتدانی ڕۆژنامەنووسیش لە بەرهەمەکەی خۆی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام پێویستە بەو چاوە بە بەرهەمی هیلاکی و ماندووبوونەکەی خۆیدا بچێتەوە، کە بە وردی حساب بۆ چێژلێوەرگرتنی خوێنەران بکات و لەوەدا زۆر وریا بێت، کە نەکەوێتە حاڵەتێکی ڕوتینییەوە و بەرهەمی بە پێوانەی ئەوەی پێرێی... هتد بپێوێ و بەرهەمەکانی یەک تام و بونیان هەبێت، چونکە ئەو کاتە خوێنەریش لە سنوورێکدا لەو تام و بۆنە تێر دەبێت

و بە دوای بەرهەمێکی تردا دەگەڕێ، کە تام و بۆنێکی تری هەبێت. ئەم حاڵەتە هەم بۆ ڕۆژنامەنووس وەک فەردێک و هەم بۆ ستافی ڕۆژنامەیەکیش وەکو کارێکی دەستەجەمعی، ئەنجامەکەی ئەو لێ تەکینەوەیەی خوێنەرانی لێ دەکەوێتەوە کە باسمان کرد.

بۆیە گیانی خۆنوێکردنە و بەخۆداچوونەوەی بەردەوام، یەکێکە لە زرووڕەتەکانی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسیی سەرکەوتوو، ئەگەر ڕۆژانە ئەو گیانەی تێدا زیندوو نەبێتەوە، ئەوا سووڕانەوەی ئامێرەکانی چاپخانە هیچ جیاوازییەکی نابێ لەگەڵ جووڵەی ئامێرەکانی هەر کارگەیەک، کە بەرهەمێکی بێ ڕەواج دەخاتە بازاڕەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ نرخەکەش لەدابەزیندایە.

* **گۆڤاری پشوو ژ:٢٢، ٨/١٠/١٩٩٩**

باسی هەشتەم:

# دەردی پچڕان

بەم دواییە لە ڕۆژنامە و لە نوسینەکاندا یادێکی پڕ شکۆی (کوردستانی نویٚ۲۰۰۰)مان کردەوە، گەلێک دەربارەی لایەنە پرشنگدارەکانی ڕۆژنامەکەی خۆمان قسەمان کرد و وەک دەڵێن زۆیشمان بە شانوباڵی خۆماندا هەڵدا و کەیفمان بەخۆ هات. هەڵبەتە هەرچی بڵێین و هەرچی بنووسین لەسەر (کوردستانی نویٚ) و لەسەر ئەوانەی لە ڕابردوو و ئێستادا تەلاری (کوردستانی نویٚ)یان بەرزکردۆتەوە، هێشتا کەمە و شایستەی ئی دیکەشن، فەقەت ئێمە لە (کوردستانی نویٚ) گرفتیشمان هەس، ئەو گرفتانەش کەم و زۆر ڕێگری گەشەکردنن لەمڕۆ و لە ئایندەشدا، بە واتایەکی تر ڕێگری ئەوەن لە ئایندەدا بەم شێوە شایستەی ئێستا ستایشی خۆمانو ڕۆژنامەکەمان بکەین.

یەک لەو گرفتانە گرفتی پچڕانە و لە ڕێرەوی کار و گەشەکردنی کوردستانی نوێدا.

لە سەرەتای دروستبوونییەوە، (کوردستانی نویٚ) بەردەوام دەستپێشخەری و داهێنانی تازە و بەردەوام لەپاڵ

کەڵەکردنی ئەزموونی لەسەریەک، شتی سەرباری خستۆتە سەر تێکۆشانی ڕۆژنامەنووسیانەی خۆی، بەڵام بە هۆی گرفتە سیاسی و گرفتەکانی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕۆژنامەکە بوون، هەمیشە ئەو دەستپێشخەرییە تووشی پچڕان و مردارکرنەوە و لەناوبردنی نێو بێشکە بووە، ڕاستە خەتای ڕۆژنامە نەبووە، بەڵام ئاسەوارە خراپەکانی بەسەر ڕۆژنامەدا کەوتووە و قلّپ بۆتەوە.

لە سەرەتاوە کوردستانی نوێ پاشکۆی هەمەڕەنگی منداڵانی بە نێوی (پەریستان) بڵاوکردەوە، پاشان لە سەردەمێکی تردا پاشکۆی ئەدەب و هونەری داهێنا. ئینجا پاشکۆی زانست و پاشکۆی پەروەردەی هێنایە بەرهەم. لە سەرەتادا نووسینگە هەبوو، لە کەرکوک و سلێمانی و دهۆک، لەگەڵ بارەگایەک لە هەولێر. کەچی دواتر بە هۆی کەم دەرامەتییەوە (پەریستان) ڕاگیرا و پاشکۆ پچڕانی تیا کەوت، تا سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە. بە هۆی گرتنی هەولێرەوە، پاشکۆی زانست و پەروەردەییەکە، لە سەرهەڵدانەوەی ڕۆژنامە لە سلێمانی پەکی کەوت، ڕۆژنامە لێرە بووە دوو ژمارە لە هەفتەیەکدا، ئینجا سێ ژمارە و ئینجا پێنج. پاشان پێنج ژمارەکە بووە (١٢) لاپەڕە و (١٢) بووەوە (٨) و هەشتەکەش بووەوە (٦) ژمارە لە هەفتەیەکدا دواتر (٦) ژمارەکە کرایەوە بە (١٢) لاپەڕە!

ئەمانە هەمووی پچڕانی ئەوتۆ بوون، کە لێنەگەڕاون ڕۆژنامەکە سیمای جێگیری خۆی وەربگرێ، وەختێک کە ئێمە ڕوو لە هەزارەی سێیەم دەکەین، ڕۆژنامەکەمان (١٢) لاپەڕەیە و گۆڤارەکەشمان (پشووی کوردستانی نوێ)

هەروا بەردەوامە، پێویستە لە دەروازەی هەزارەی تازەدا ڕۆژنامە و گۆڤارەکەمان ماڵی دیکەیەیان لێ بێتەوە نەک پچڕانێکی تر، کە ئەوەمان کرد مانای وایە یەک لە سەلبیاتە دێرینەکانی کوردستانی نوێ-مان چارەسەر کردووە.

* **گۆڤاری پشوو ژ: ١١،١٠/١٢/١٩٩٩**

**باسی نۆیەم:**

# (پشوو)ی دیموکراسی

میهرەجانی دیموکراسی ئەوە دەهێنێ، کە (پشوو)ی خۆتی بکەیتە قوربان، ئەوە دەهێنێ خۆتی بۆ تەرخان بکەیت و سەرقاڵی سەرخستنی میهرەجانەکە بیت. بۆیە ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا (پشووی کوردستانی نوێ) و پشووی تایبەتی بنەماڵەی کوردستانی نوێشمان تەرخانی چاوە جوانەکانی دیموکراسی و باڵای بەرزی (هەڵبژاردن) کرد.

کاتی خۆی (پشووی کوردستانی نوێ) بۆ ئەوە هاتە بوون، کە دوو ڕۆژ پشوی هەفتانەی ڕۆژنامەکەمان هەروا بێ کار و چالاکی ڕۆژنامەنووسی ئەڕوا، ئەوە بوو بیرۆکەی پشوو وا گەشەی کرد، بووە ماڵێکی نوێی کوردستانی نوێ. بە جۆرێک ئەگەرچی دواتر ڕۆژێکی پشووی ڕۆژنامەکەشمان قرتاند و وەکو جاران کردمانەوە بە (٦) ژمارە، بەڵام (پشوو) بڕیاری خۆیدا، کە هەروا بەردەوام بێت، مادامەکی شوێنی خۆی لە دڵی خوێنەراندا کردەوە، هەروەک بەشێکی زۆری کەلێنی زۆری بابەت و کەمی دەرفەت لە ڕۆژنامەکانی بۆ

پڕ کردوینەتەوە.
بەو حاڵەوە، سەرەتای ساڵی نوێ بەرنامەیەکی نوێمان بۆ (پشوو) دارشت، بەڵام هاتنە پێشەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و ئەرکەکانی (کوردستانی نوێ) وەک ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانە لەو هەڵمەتەدا دیسانەوە پشووی ڕۆژنامەنووسان و گۆڤاری (پشوو) شی دواخست. لە ڕاستیدا (کوردستانی نوێ) لە یەک کاتدا دەبوایە خۆی هەڵمەتێکی پێشمەرگانە بکات، بۆ سەرخستنی بەرنامەی نوێنەرە ڕاستەقینەکانی گەل و لە هەمان کاتیشدا بەشدارییەکی کاریگەر و سەرەکی لە هەڵمەتە گەورەکەی ڕاگەیاندندا بکات، کە بۆ هەمان مەبەست ئەرکی دەرکردنی بڵاوکراوەی (هەڵبژاردن)ی کەوتە ئەستۆ.
ڕەنگە ڕێکەوتێکی سەیر بێت، کە دیموکراسی ڕێگا لە دەرچوونی ژمارەیەکی نوێی گۆڤارێک بگرێت، لە کاتێکدا خۆی دەرچوونی ڕۆرژنامە و گۆڤاران یەک لە گوزارشتە دیارەکانی دیموکراسین، بەڵام ئەوە لەگەڵ (پشوو)ی ئەم جارەدا قەوما، بە جۆرێک کە دەرفەت نەما پیرۆزبایی سەری ساڵتان لێ بکەین، بۆیە لە جیاتی سەری ساڵ لەم مانگی ئادار و ڕاپەڕین و نەورۆزدا، هەموو جەژنەکانتان پیرۆز.

* **گۆڤاری پشوو ژ: ١١،١/٣/٢٠٠٠**





له تەمەنی خۆیدا کوردستانی نوێ ژمارەیەکی زۆر کەم ۆرک شۆپی سازکردووە، ئەمە یەکێکیانە.



شازادەیەک پەیامنێرەکانی خاوەن شکۆ کوشتیان.



نمونەکانی
گۆڤاری پشووی
کوردستانی نوێ.





## فەسڵی سێیەم

# کتێبەکانی میدیا

**باسی یەکەم:**

# دیموکراسیی لە ڕۆژنامەگەریی میسریدا

کتێبی (الديمقراطية في الصحافة المصرية) کتێبێکی ناونیشان هەڵخەڵەتێنەرە. لە یەکەم نیگادا پێت دەڵێ ڤەکۆڵینم لەسەر ئەندازەی دیموکراسییە لە ڕۆژنامەگەریی میسردا. لەسەر مەودای ئازادی و ڕەوتی ڕێگەپێدرانی باسکردنی بابەتە تاپۆکان و لەسەر ئەوەیە داخوا یاسا و ڕێساکانی میسر چۆن ڕێگەیان بە ئازادیی ڕادەبڕین و دیموکراسی لە سەکۆی میدیادا داوە، بەڵام کتێبەکە خۆی لەسەر باسکردنی چەمکی دیموکراسییە لەناو ڕۆژنامەگەریی میسر و سەرەتاکان و دەرکەوتەکانی ناساندنێتی بە کۆمەڵی میسر و ڕاڕەوەکانی سیاسەت لەو وڵاتەدا.

دیموکراسی لە ڕۆژنامەگەریی میسریدا، لە بنچینەدا لێکۆڵینەوەیەکی د.ئیسماعیل حیلمی-یە و ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن (الهيئة المصرية العامة للكتاب) لە میسر لە دووتوێی ١٦٨ لاپەڕەدا چاپکراوە.

د.حیلمی گەشتێکی ناوازە بەناو ڕۆژنامەکانی میسری پادشایی و بە تایبەتیش سەردەمی حوکمڕانیی مەلیک فوئاددا

دەکات. سەردەمێک، کە لەلایەک دیوەخانی پادشا حوکمی پادشایی ژێر سایەی ئینگلیزی جێگیر دەکرد و لەلایەکی تریشەوە بزووتنەوەی نیشتمانی لە ڕێی حزبی وەفد و کەسایەتییە ئازادیخواز و نیشتمانپەروەرەکانەوە کاری بۆ سەربەخۆیی تەواوی میسر و جێگیربوونی حوکمێکی تەواو نیشتمانیی پەرە پێ دەدا.

ڕۆژنامەکانی میسر بەوی سەر بە بەرەی دیوەخانە و ئەوی سەر بە بەرەی نیشتمانپەروەران و ئازادیخوازان بوو، چەمکە تازەکانی وەک دیموکراسی، ئازادی، سەربەخۆیی و حوکمی دەستوورییان تاوتوێ دەکرد و تەرجەمەیەکی میسرییانەی ئەو چەمکانەیان لەسەر خاکی فیرعەونەکان دەویست.

نووسەر نموونەی چەندین باس و بابەتی فیکری و سیاسیو مشتومڕی دیموکراتی نێوان بیرمەندانی گەورەی میسر، وەکو عەقاد و د.محەمەد حسنین هەیکەل و تەها حوسێن، لوتفی سەید لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ نەیارانی دیموکراسیشدا دەهێنێتەوە. لەسەر چەندین تەوەرەی وەک:

– چەمکی دیموکراسی لە ڕۆژنامەگەریی میسری.

– ڕۆژنامەگەریی میسری و ڕەخنەگرتنی لە حوکمی ئیستبدادی.

– ڕۆژنامەگەریی میسری و ژیانی پەرلەمانیو دەستوور.

– ڕۆژنامەگەریی میسر و ڕەوتە فیکرییەکان، وردەکاری تێکۆشانی بیرمەندان لە سەکۆی ڕۆژنامەگەری و هەروەها ڕۆژنامەنووسانیش لە ڕێی ڕووماڵکردنی بەسەرهاتە سیاسییەکان و ئەزموونی ژیانی پەرلەمانی بەسەردەکاتەوە.

ئەم کتێبە هەم بەشێکە لە مێژووی تێکۆشانی دیموکراتیو هەم بەشێکە لە ڕەوتی گەشەکردنی ڕۆژنامەگەریی میسری، کە بە چەندین وێستگەی سەرکەوتن و پاشەکشێ، بزاوتنو مەییندا تێپەڕیوە و دوای حوکمی موبارەکیش لەسەر ناسنامەیەکی تازە نەگیرساوەتەوە.

ئەم کتێبە بۆ میسرییەکان باشە، هەروەها بۆ ئێمەش باشە، تا لێکۆڵیارانمان لێکۆڵینەوە لەسەر زۆرانبازیی سیاسیی ئاڕاستە سیاسییە جیاجیاکان بکەن، لەسەر پەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی، کە لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەرچوون.

لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا، مێژووی ڕەوتی سیاسی و دیرۆکی ڕۆژنامەگەرییشمان دەوڵەمەند دەکات.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٧-٢٠١٥/١١/٢٨

باسی دووەم:

# جەزیرە لە سەرەتای ڕۆمانسیدا

دوای ١٩ ساڵ لە دامەزراندنیشی، هێشتا کەناڵی جەزیرە مشتومڕ و ڕەدوبەدەل بە دوای خۆیدا دەهێنێ، ئەمەش بەشێکی بۆ شوێنپەنجەی ئیجابیی کەناڵەکە لە واقیعی میدیاو سیاسەتی عەرەبی و دۆخی ئەو وڵاتانەی عەرەبی دەزانن‌و بەشێکیشی بۆ لایەنە سەلبییەکانی کەناڵەکە، دەگەڕێتەوە. لە گەلێک جومگەدا جەزیرە بەشێکە لە کێشەو گرفتەکانی‌و بۆتە تەرەف لە ڕووداوەکان، لە جیاتی ئەوەی ئەرکی چاک، یان خراپی ڕووماڵکردنی ئەو ڕووداوانە بگێڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا زەحمەتە خولی نۆزدە ساڵی بە یەک ئاست و یەک لێکدانەوەو یەک ڕیتمی گەشەکردن پۆلێن بکرێت. بە ئەندازەی هەڵبەز و دابەزی ڕووداوەکانی دونیای جێی تیرئەندازی جەزیرە، یان ڕوونتر بڵێین، جوگرافیای وەرگر و بینەرانی کەناڵەکە، کە هەموو دونیای عەرەب و دونیای ئیسلامی عەرەبی زان و ڕەوەندی عەرەبی ڕۆژئاواش دەگرێتەوە، بە ئەندازەی ئەو دونیایەش جەزیرە هەڵبەز و دابەزی بینیوە، ڕێڕەوی گۆڕیوە و ڕوو لە چاک و گەلێک جاریش ڕوو لە خراپی ئەم

ئاست و ڕەهەندە جیاجیایانەی جەزیرە، کە هەموو کارەکتەر و ڕووداوەکان دەکاتە نێچیری سیاسی و میدیایی خۆی، تەماعی وەبەر زۆر ناوەند و زۆر ئەکادیمی بواری میدیا ناوە، تا لە دیاردەی جەزیرە بکۆڵنەوە و جەزیرە لەبەردەم ئەواندا بێتە نێچیری ئەنگاونزاو و بابەتی ڤەکۆلێن و ڕەخنە و هەڵسەنگاندن. لەم نۆزدە ساڵەدا، بە زمانە جیاجیاکان، لە ڕۆژئاوا و لە وڵاتانی عەرەب و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش تۆژینەوەی ئەکادیمی و تێزی ماستەرو دکتۆرا لەسەر جەزیرە بڵاوکراوەتەوە، کە هەریەکەیان لایەنەێک، یان وێستگەیەک، لە جەزیرە تاوتوێ دەکات.

ئەم کتێبەی بەردەست "قناة الجزيرة، كسر المحرمات في الفضاء الاعلامي العربي" لە نوسینی د.مفید زەیدی، یەکێکە لە کتێبە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوە لە جەزیرە، کە بەشی زۆری تەرخانە بۆ ئەزموونی ئەم کەناڵە لە ماوەی دامەزراندن (١٩٩٦) بۆ ٢٠٠٢، یانی ماوەی هەستیاری دەرکەوتنی ئەدگاری جەزیرە لە سەودا و بەرخورد لەگەڵ ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا، بە تایبەتی ناوجەرگەی شەڕی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە دژی قاعیدە و تالیبان لە ئەفگانستان، دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و سەرەتای هاوپەیمانێتی ئەمەریکا لە دژی ڕژێمی سەدام حسین، کە بە تێوەگلان لە تیرۆر و لینک دروستکردن لەگەڵ قاعیدە و بوونی چەکی ئەتۆمی تۆمەتبار کرابوو.

نووسەری کتێب: د. مفید زەیدی، کە ئەکادیمێکی عیراقییەو هامشۆی ئوردن و نێوەندە زانکۆییەکانی دەکات، لە چەند ڕەهەندێکەوە دەرکەوتنی کەناڵی جەزیرە و بەریەککەوتنەکانی

لەگەڵ ڕژێمە عەرەبییەکان و ئەمەریکا و ڕۆژئاوا تاوتوێ دەکات. لەپێشدا لەسەر هەلومەرجی دروستبوونی جەزیرە، دوای کودەتای بنەماڵەیی لە میرایەتی قەتەر، کە شێخ حەمەد جێی باوکی خۆی گرتەوە و ئارەزووی کرانەوەی سیاسی و میدیایی نیشان دا. لەم هەلومەرجەدا جەزیرە لەسەر داروپەردووی ئەزموونی سەرەتایی BBC عەرەبی لە بواری تەلەفزیۆنیدا پێکهات، دوای ئەوەی BBC گرێبەستی پاڵێوراوانی کەناڵەکەی هەڵوەشاندەوە و پرۆژەی کەناڵی BBC تەلەفزیۆنی بە زمانی عەرەبی بۆ ئەم چەند ساڵانە دواخست. قەتەر ئەم گرووپە BBCیەی لەباوەش گرت و لەگەڵ گرێبەستی تازەدا بەڵێنی ئازادی و دەستوەرنەدانی و پرۆڤیشناڵی هاوشێوەی BBC پێدان.

کتێبەکە لەسەر چەند تەوەرەیەک کار دەکات:

– بنەچەی کەناڵەکە و سەرچاوەی داهاتی.

– بەرنامەکانی جەزیرە لە نموونەی (الاتجاه المعاکس)، (اکثر من رأی)، (الشریعە و الحیاە) و (شاهد علی العصر) و فیداکاریی بینەرانی بەرینی عەرەبی بەرامبەریان، وەک دیاردەی ناوازەی لیبڕالی و ورووژاندنی بابەتە قەدەغەکان.

– کێشەکانی جەزیرە لەگەڵ پایتەختە عەرەبییەکان.

– دیدی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و ئیسرائیل بۆ جەزیرە و کێشەکانیان لەبارەی سیاسەتی میدیاییەوە.

– جەزیرە لە دیدی ڕای گشتی عەرەب.

لە هەموو ئەم تەوەرانەشدا نووسەر بە زۆرترین زانیاریو چاودێری سەرچاوەناسییەکانی خودی کەناڵەکەوە، هەڵسەنگاندن بۆ ئەو خولەی جەزیرە دەکات. ئەمانەش

هەمووی بە زمانێکی سادە و جوان، بێ ئەوەی لەسەر حیسابی ئاستە ئەکادیمییەکە بێت. بێگومان لە دوای بەرواری ئەم کتێبەوە ،کتێبی تریش لەسەر جەزیرە و دیاردەی کەناڵە هاوشێوەکانی دەرچوون، بەڵام ئەم کتێبە فەزڵی سەرەتا و بایەخی ناساندنی بنەمای کەناڵەکەی هەیە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٤-٢٠١٥/١٢/٥

باسی سێیەم:

# دراما و تەلەفزیۆن
# ئەزموونێك بۆ لێوە فێربوون

"دراما و تەلەفزیۆن" بۆ ئەوە نەنووسراوە درامای پەیدابوونی تەلەفزیۆن و ڕەنگدانەوەی ژانەری دراما لە گەشەی تەلەفزیۆندا بە شێوەیەکی ئەکادیمی وشک و برینگ بگێڕێتەوە. بەڵکو بۆ ئەوە نووسراوە بیروڕای درامانووسێکی دیاری هونەری میسری و تەلەفزیۆنی عەرەبی لەسەر بواری پراکتیکی دراما دەربخات. مستەفا موحەرم بۆ ئەوانەی تایتلو تەتەری دراما میسرییەکانی هەشتاکانیان لەبیرە سیناریستو درامانووسێکی بە ئەزموونی میسرییە. لەگەڵ گەشەی بە دراماکردنی چیرۆک و ڕۆمان، هی دەقی وەرگێردراوە و دەقی ڕەسەنی خۆماڵی و لەگەڵ گواستنەوەی فیلمی سینەمایی بۆ زنجیرە دراما و گواستنەوەی زنجیرە دراما بۆ فیلمی سینەمایی، گەشەی کردووە.

سەرەتاکانی پەیدابوونی درامای ڕادیۆیی و کارە ناوازەکانی میسر لەو بوارەدا، پەرەسەندنی ئەزموونی سیناریستە میسرییەکان لە دامودەزگا ڕەسمییەکان تا

بەرهەمهێنانی تایبەت و تا هاتنی سەرمایە و توانای زۆری کەنداوی عەرەبی بۆ کڕین و فرۆشتن و بۆ کەڵک وەرگرتن لە شارەزایی مەیدانی میسرییەکان لە دراما و ئینجا دیاردەی دراما دۆبلاجکراوەکانی تورکیا، کە شێوەزاری سوری و تایبەتمەندی درامای سوری لە دونیای عەرەبدا ڕێی بۆ خۆشکرد. ئەمانە هەمووی سەردێرە دیارەکانی کتێبی (دراما و تەلەفزیۆن)ن، کە ساڵی ٢٠١٠ لە دەستەی گشتی میسر بۆ کتێب چاپ کراوە.

مستەفا موحەرەم لەم زنجیرە وتارەدا جیاوازی نێوان دەقی ئەدەبی، سیناریۆی دراما و خەزینی شانۆیی و وێستگە گرنگەکانی پەیدابوونی سینەما و ئینجا تەلەفزیۆن تاوتوێ دەکات. هەڵسەنگاندنی چاوتیژانەی خاوەن ئەزموونێکمان بۆ دەگوازێتەوە، کە چێژ و ئازار، زیان و قازانجی لە کاروانی درامای عەرەبی بینیووە و پەژارەی ئەوەیەتی دەرکەوتەی دراماکانی ڕەمەزان جۆرێک لە سکچوونی درامای لێ کەوتۆتەوە. (مستەفا موحەرەم) کتێبێکی نووسیووە ڕێگای نێوەنجییە لەنێوان بەرهەمێکی ئەدەبی، هونەری و میدیایی، بۆیە گەرەکە هەم میدیاکاری تەلەفزیۆنی و ڕەخنەگری هونەری و ئەدەبیش بیبینن و بیخوێننەوە.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٤-٢٠١٥/١٢/٥

باسی چوارەم:

# میدیا و زاوزێ

لە میسر لێکۆڵینەوەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن هەر زۆر زۆرن. زانکۆ لەوێ زۆرە و بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریش بە قەدەر ئەو زۆرییە هەیە. ئینجا ڕۆژنامەنووسانی مەیدانیش، کە ڕیپۆرتاژ و دیدار و ڕوومالّ دەکەن، ئەوانیش تەجرەبەی کەڵەکەبووی ڕۆژانەی خۆیان دەکەنە خەزینی لێکۆڵینەوە لەو بوارانەی لێی شارەزان. لەبەر ئەوە کتێبخانەی میسری سەدان کتێبی لەسەر بواری جیاجیای ژیان و میدیا هەیە. ئەگەر ئەوەشی بخەینە سەر، کە لێکۆڵیارانی بواری ئابووری، کۆمەڵناسی، سیاسی و هەموو بوارەکانی تر، ئەوانیش بە دەوری خۆیان ڤەکۆلین دەکەن لەسەر ڕەنگدانەوەی پسپۆرێتی خۆیان لە کەناڵەکانی میدیاو بە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لە سەری دەدوێن و لە ڕووی ئەکادیمیەوە میدیاکان ئاڕاستە و تەشویق دەکەن، چۆن بوارەکانی ژیان رووماڵ بکەن، ئەوا دەزانین خوێنەران و هەروا ئەو میدیاکارانەی لە سەرەتای ڕێدان قەت دانامێننو لە هەر بوارێکی میدیا بخوازن، کتێب

و ئەزموونیان لەبەردەستدایە. ڕاستە لە هەموو زۆرێک ڕەنگی بۆریش دەبینین، بەڵام ڕەنگاوڕەنگیی ڤەکۆلینەکان توانیویەتی ئەو کەموکوڕییەش قەرەبوو بکاتەوە.

که کتێبخانەی میسری لەم کایەدا دەوڵەمەند بوو، مانای وایە کتێبخانەی عەرەبی و عەرەبی خوێنانی وەکو کوردیش بەشیان لەم خەرمانە دەکەوێت.

ئەوەی لێرە وەک نموونە هێناومانەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی سەنگینە، کە ساڵی ٢٠٠٥ لە قاهیرە چاپی یەکەمی بڵاوبۆتەوە. لێکۆڵینەوە بەناوی (الاعلام و الاسرة الريفية- دراسة لاثر الاعلام في أتخاذ قرار الانجاب)ە، کوردییەکەی (میدیا و خێزانی لادێ، لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی کاریگەریی میدیا لە وەرگرتنی بڕیاری منداڵبووندا)، کە (د. هناء السيد) پسپۆری میدیا لە کۆلێژی پەروەردەی جۆریی لە زانکۆی منوفیەو (د.عواطف محمود عيسى) پسپۆری بواری ئابووری و ماڵداری لە کۆلێژی پەروەردە لە ئیسماعیلیە لە زانکۆی قەناتی سویس، پێکەوە کاریان لەسەر کردووە. هەردوو خانمی دکتۆر هەردوو پسپۆڕێتی خۆیان تێکەڵکردووە و بە شێوەیەکی ئەکادیمی (تیۆری) و مەیدانیش (دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی و هەڵسەنگاندنی زانستیانەی ئاکامەکەی) لە پرسی کاریگەریی ڕاگەیاندن، بە تایبەتی تەلەفزیۆن، لەسەر بڕیاری خێزان لە لادێی میسری بۆ کەمکردنەوە و سنووردارکردنی ژمارەی منداڵ، دەکۆڵنەوە.

لێکۆڵینەوەکە خەزینێکی مەعریفی دەوڵەمەندە، هەم لە بواری زانستی ئابووری ماڵداری، هەمیش لەسەر سیاسەتی دەوڵەتان، لەوانەش میسر کە مەیدانی لێکۆڵینەوەکەیە. لە

بواری دانیشتوان و هەڵمەتەکانی سنووردارکردنی منداڵبوون و کۆنترۆڵکردنی ژمارەی دانیشتوان . بەشێکی تەرخانی گفتوگۆکردنە لەسەر هۆکاری سیاسەتی سنووردارکردنی زاوزێ، وەک سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەت و هەڵمەتی ئایینی و میدیایی و پەروەردەیی دامودەزگاکانی دەوڵەت بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی خێزانی کەم ژمارە و ڕۆڵی لە دابینکردنی ژیان و گوزەرانێکی باشتر، بە تایبەتی بۆ خێزانە هەژار و کەمدەرامەتەکانی لادێی میسر.

لێکۆڵینەوە دەپرسێ، ئایا هۆکاری خراپی دۆخی ئابووری میسر، هەر بە تەنها ژمارەی زۆری دانیشتوانە، یان نەبوونی پرۆگرامێکی دوورمەودای گەشەپێدان؟ ئایا میدیاکان بە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و کەمتریش ڕۆژنامەکان توانیویانە پەیامی دەوڵەت بۆ هوشیاری و تێگەیاندن بگەیەننە وەرگری پەیام، کە ژنان و خێزانە نەخوێندوارەکانن؟ زانایانی ئایینی و دامودەزگا ئایینییەکان توانیویانە ڕۆڵ بگێڕن لە پرسی کەمکردنەوەی زاوزێدا، ئایا ئەوان پشت ئەستوورن بە بەڵگەی ئایینی ئەوتۆ، کە خێزانە دیندارەکانی لادێ هان بدات منداڵێکی کەمتر بخەنەوە؟

لێکۆڵینەوە دەگاتە ئەو دەرنجامەی، کە ڕۆژنامەکان ڕۆڵیان لەو پرسەدا نییە و زیاتر ئەگەر میدیاییەک هەبێ ڕۆڵی وا بگێڕێت، هەر تەلەفزیۆن و ڕیکلامە ڕەسمییەکانێتی. لێکۆڵینەوە بۆی دەردەکەوێت، کە بەڵێ ژنان سەیری تەلەفزیۆن و ڕیکلامەکانی دەکەن، بەڵام خێزان بە گشتی و پیاوی ماڵەوەش بە تایبەتی زیاتر ڕۆڵ دەگێڕن لە بڕیار وەرگرتندا، تا ئەوەی تەلەفزیۆن، هەروەها تا ئێستاش نوێژی هەینی لە

مزگەوت و کۆڕ و کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکانی خزمایەتی نێوان خێزان وماڵبات و دراوسێکان وێستگەی سەرەکین بۆ وەرگرتنی بڕیاری منداڵخستنەوە، یان سنوردارکردنی. بەو ئیعتبارەی فەرهەنگی میسری و ئیسلامیی پێی وایە (منداڵ نیعمەتی خودایە) و (منداڵ ڕزقی خۆی لەگەڵ خۆی دێنێت).

لێکۆڵینەوەکە هەروەها هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی هونەریو تەکنیکی پەیامی بەرهەم هاتووی تەلەفزیۆنەکان دەکاتو ڕادەی کاریگەری لەسەر وەرگر هەڵدەسەنگێنێ. هەموو ئەمانەش لە ڕێی خوێندنەوەی ورد بۆ ڕاپرسی و وەڵامی خانمانی نەخوێندەوار بۆ پرسیارەکانی، کە هەمووی بە شێوە قسەی میسری کراون، نەک عەرەبی ڕەقوتەق، بۆ ئەوەی باشتر لێی تێ بگەن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە چەند گوندێکی میسری بە نموونە وەرگرتووە، نموونەی کۆششی پێکەوەیی و کاری هاوبەشە، کە دەشێ ئەکادیمییانی کورد لە میدیا و لە بوارەکانی تریشدا هەم بیخوێننەوە و هەمیش لە کاری هەرەوەزیدا چاوی لێ بکەن.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٣-٢٠١٥/١٠/٢٤

## باسی پێنجەم:

# ڕۆژنامەنووس بێرەدا گوزەری کرد

١

گەلێک جار کاری ڕۆژنامەنووس و کاری ڕۆژنامەنووسی، وەک شتێکی ڕۆژانەی بێ بایەخ سەیر دەکرێت، کە خۆراکی ڕۆژە و هەر بۆ ئەو ڕۆژە دەست دەدات. گوایە فاست فودەو خەزینێکی باشی لێ پێک نایە بۆ دوایۆژ. لەناو عەرەب و عەجەمدا جاران بە گوتەی ڕۆژنامەکانیان دەگوت "حەچی جەراید"، یانی قسەی ڕۆژنامەکانە، قسەیە، درۆیە و دەست نادات وەکو سەنەدی یاسایی‌و تاپۆی موڵکداری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. "ڕووناکبیر"ێکی کوردیش هەبوو، ئەگەر نووسینێکی بەدڵ نەبوابە، دەیگوت ئەمە وتاری ڕۆژنامەنووسییە. هەر ڕووناکبیرانی بورجی عاجی خۆشیان دوایی ناچار بوون لە ڕۆژنامەکاندا بنووسن، کە نووسیان درێژدادڕ بوون و نووسینەکانیان وا دەرچوو، کە بۆ ڕۆژنامە دەست نادات، بێ کەڵک بوو، لە ئیشی ڕووناکبیر دەچوو!! هاها.

## ٢

بەڵام زەمەن دەریخست کاری ڕۆژنامەنووس و کاری ڕۆژنامەوانی، جگە لە ڕەهەندی ڕۆژانە بۆ مێژوونووسین و مێژوو ساغکردنەوەش دەست دەدات. کاری ڕۆژنامەنووسی وەک شەراب وایە، تا کۆن بێ بەلەزەتتر و خەستتر دەبێ. ڕۆژنامەنووسیش تا کۆن بێ نرخی بەرزتر دەبێتەوە، دەبێتە پارچەیەکی ئاسەوار و بابای مێژوونوس بۆ ساغکردنەوەی ڕووداوی ڕۆژ و ساڵەکان، کە خۆی بە هۆی سەرقاڵی بە مێژووەوە و سەرقاڵی ڕووناکبیر بە خەیاڵی ئایندەوە، لەبیریان چووە تۆماری بکەن، پشتی پێ دەبەستن. بەم مانایە، مێژوونووس کوڕی دوێنێ و ڕووناکبیریش کوڕی ئایندەیە. تەنها ڕۆژنامەنووسە کوڕی ئەمڕۆیە و شایەدی ڕووداوەکانی ڕۆژە. بۆیە باشترە بە کاری ڕۆژنامەنوسی نەگوترێت فاست فود، کاری ڕۆژنامەنوسی هەموو فودەکەیە، چونکە کورد دەڵێ: "ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە". ئەمڕۆش موڵکی ڕۆژنامەنووسە مادام دوێنێ هی مێژوونوسی و سبەینێش هی ڕووناکبیرە.

## ٣

بەڵام ڕۆژنامەنووس، کە ئەمڕۆی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، ئەویش وەکو مێژوونووس و ڕووناکبیر پاڵەوانی بەسەرهاتەکان نییە. وەکو چۆن نووسینی مێژوو مێژوونووس ناکاتە مێژووساز، بەڵکو دەیکاتە گێدەرەوە و تۆمارنووسی مێژوونووسسازەکان، وەکو چۆن ئایندەش بە ئایندەسازەکان دەکرێ و ڕووناکبیر تەنها پێشبینی،

ئاوەهاش ڕۆژنامەنووس پاڵەوانی ڕۆژی خۆی نییە، بەڵکو شایەدی ڕۆژی خۆیەتی. ئەمما شایەدێکی پادشایی.

بگرە ڕۆژنامەنووس لە کایەی تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژدا چەند کارێکی هاوشێوەی کاری دادگاکان و دادوەریی دەکات. لە شەنوکەوکردنی بەسەرهاتەکاندا ئەفسەری پشکنەری شوێنهەڵگرە، لە پرسیار و گومان و بەدواداچووندا، دادوەری لێکۆڵینەوەیە لە داکۆکی لە شەئنی گشتیدا. داواکاری گشتییە لە دەرخستنی دیوی دووەمی بەسەرهاتەکان و داکۆکی لە پانتایی تاریک و نادیار، لە خستنەڕووی ناشیرینی، کە بەشێکی ڕاستی لای ناشرینەکانیشە، پارێزەرە و بگرە هەندێک جار پارێزەری شەیتانیشە. ڕۆژنامەنووس هەموو ئەمانەیە، بەڵام هەرگیز نابێتە قازی کە حوکم بدات، نابێتە پاڵەوانی چیرۆک، نە وەک خاوەن هەق، نە وەکو تاوانباریش. هەرچەندە هەندێک جار ڕۆژنامەنووس خۆی لێ دەبێتە دادوەر، یان خۆی لێ دەبێتە پاڵەوانی ڕووداو، یاخود نەیارەکانی وەک تاوانبار مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەڵام سەرەنجام ئەوە سەر لێ تێکدانو سەر لێ تێکچوون و (بە لاڕێدا بردنی دۆسییەکەیە)، ئەو گوزارشتە جوانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە سەری ڕاهاتوون، بۆیە کاکی ڕۆژنامەنووس، کە خۆت لێ بووە قازی و بڕیارت دا لە دوارۆژدا تووشی دڵشکان و دارمان دەبیت، خۆت دەخۆیەوەو پیش دەخۆیەوە، کاری ڕۆژنامەنووسیش لەدەست دەدەی و دەبیتە ڕۆماننووس، کە خۆشت لێ بووە پاڵەوان، وەکو جەزیرەت لێ دێت، کە ناچاری بۆ مانەوە لە پۆستی پاڵەوان ڕووداو بخولقێنی و

پارە بدەیت پاڵەوانەکان بتکەنە شەریکی پاڵەوانێتییەکانی خۆیان. بەمەش دەبیتە سیناریۆنووس.

بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر نەیاران وەکو تاوانبار مامەڵەت بکەن، دەبیتە قوربانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و شتی لەم بابەتە دەتکەنە کەرەستە بۆ ڕاپۆرتەکانیان. ئیتر لەوێوە خەم دەخۆی، کە جاران خەڵک و خوای ئەم دونیایە دەبوونە کەرەستەی بەردەستی ڕاپۆرتی تۆ، وا ئێستا تۆ بوویتە کەرەستە بۆ ئەوان!

## ٤

ئەگەر وەکو ڕۆژنامەنووس بمێنیتەوە، وەکو شایەدی ڕووداوەکانی ڕۆژگاری خۆتی بۆ ئایندەش، دەبیتە شایەدی ڕووداوەکانی مێژوو. یانی دەبیتە شەریکی مێژوونووس لە بەسەرکردنەوەی ڕابردوو و دەشبیتە شەریکی ڕووناکبیر لە ئایندەدا، چونکە تۆ لە ئایندەدا دەبیتە شایەدی مێژوو.

ڕێک وەکو ئەوەی ڕۆژنامەنووسی دیار غەسان شەربل کردوویەتی. لەم کتێبەی وا لەم ژمارەدا خوێندنەوەی لەسەر دەکرێت (سەددام بێرەدا گوزەری کرد،) ئەم کتێبە زنجیرە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی و پشکنینە بۆ تێگەیشتن لە دونیای حوکمڕانیی سەددام و بەعسەکەی. کاتی خۆی غەسان وەک ڕیپۆرتاژ، بابەت و دیداری ڕۆژنامەوانی بە زنجیرە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردۆتەوە. پاشان پێکەوە کردوویەتی بە کتێب و یەکێتی بابەتی لێ دروست کردوون. ئەمە شێوازێکی تایبەتی ئەم ڕۆژنامەنووسە دیارەی لوبنان و عەربە و لە کتێبی تریشدا تاقیکردۆتەوە و (لە خێوەتی

قەزافی)، (سندوقە ڕەشەکە) و (لە کوێ بووی لە کاتی شەڕدا)، نموونەی ئەو کتێبانەین.

ئەم کتێبانە غەسان شربل-یان کردۆتە شایەدی ڕۆژ، شایەدی مێژووو ڕێ ڕۆشنکەرە بۆ ئایندە، کردویتی بە دادوەری لێکۆڵینەوە، پارێزەری شەیتانێکی وەکو سەددامو نەیارەکانی، کردوویەتی بە (بەقسەهێنەری) ڕووداوەکان، بەڵام قەت خۆی لی نەبووە بە قازی، کە حوکمی کۆتایی بدات، خۆی لێ نەبووە بە پاڵەوان، تەنها لەبەرئەوەی لەگەڵ پاڵەوانەکانی ڕووداو دانیشتووە، خۆی لێ نەبووە بە تاوانباریش، لەبەرئەوەی تاوانبارێکی وەکو سەددامی دواندووە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکە تاجی شایەدی ڕاستگۆی لەسەر ناوە. بەرهەمی ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژانەی داوینەتێ و کتێبی بۆ ئایندە ئامادە کردووە، تا ببێتە کەرەستە بۆ مێژوو.

لەبەرئەوە ئەم کتێبە هەر گرنگ نییە، چونکە لەسەر (سەددام) ە، بەڵکو گرنگە، چونکە دەستڕەنگینی ڕۆژنامەنووسی دەردەخات.

بیخوێننەوە، خوشک و برای ڕۆژنامەنووسم.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٧-٢٠١٦/١٠/٨

باسی شەشەم:

# چەند هەنگاوێك بەرەو:
# ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووسی، پڕوپاگەندە و ڕای گشتی

وەک چۆن کورستانی نوێ لە بواری دامەزراندنی دەسپێکێک بۆ نەریتی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان و جیاکردنەوەی لە کەلتووری ئەدەبی چانسی پێشەنگی بەرکەوت، هەرواش یەکێک لە ڕۆژنامەنووسە گەنجەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە هەوڵ و کۆششێکی تاکەکەسیدا، بە مەبەستی پڕکردنەوەی بەشێکی بچووک لە کەلێنی گەورەی کتێبخانەی کوردی لەب واری ئەدەبیاتی ڕۆژنامەگەریدا، دەستپێشخەرییەکی جوانی نواند و نامیلکەیەکی پڕ زانیاری (٧٦) لاپەڕەیی خستە بەردەم خوێنەران و ئەوانەی بە دوای ماندووبووندا دەگەڕێن.

نامیلکەی (چەند هەنگاوێک بەرەو: ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووسی، پروپاگەندە و رای گشتی) لە توێژینەوە و ئامادەکردنی هاوکارمان هەڤاڵ ئەبو بەکرە، کە تێیدا بە بەکارهێنانی (٢٧) سەرچاوەی کوردی و عەرەبی پانۆرامایەکی کورت و بێ درێژدادڕی لەسەر دەرکەوتە

جیاجیاکانی کاری ڕۆژنامەگەری، بە تایبەتی و ڕاگەیاندن بەگشتی بۆ ئامادەکردووین.

نووسەر لە پێشەکیدا نووسیویەتی: "نەبوونی کۆلێژ و پەیمانگای تایبەت بە ڕاگەیاندن و هونەر و زانستی ڕۆژنامەنووسیش، کاردانەوەی خراپی لەسەر پیادەکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە.. ڕۆژنامەنووسانی ئەمڕۆی کورد تەنها پشتبەستوو بە ئەزموونی خۆیان لەم بوارەدا کاردەکەن"..

هەربۆیەش "لەبەر نەبوونی ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند، ئەدیبەکان بەسەر ڕۆژنامەکاندا زاڵ بوون و زۆربەی ڕۆژنامەکان مۆرکێکی ئەدەبیان گرتووە"ل٢.

پاشان بەپێی هەنگاوەکان نامیلکەکە بەسەر بوارەکانی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووسی، پڕوپاگەندە و ڕای گشتیدا پۆلێن کراوە.

لە بەشی تایبەت بە ڕاگەیاندندا باس لە مێژوو و قۆناغە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن بە هەموو شێوەکانییەوە کراوە، هەر لە دەربڕینە سەرەتاییەکان و پەیوەندییە سەرەتاییەکانی نێوان مرۆڤ بۆ گۆڕینەوەی زانیاری، تاوەکو ئەو شۆڕشانەی لەو بوارەدا بەرپابوون و بە دەرکەوتنی چاپخانە و ئاژانسەکانی هەواڵ و هۆیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، کە ئەوانەش بە دەوری خۆیان بەسەر چەندین شێوەی ڕاگەیاندندا دابەش بوون: وەکو ڕۆژنامە، ڕادیۆ و دواتر تەلەفزیۆن، سینەما و تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانی گەیاندنی زانیاری و خزمەتی ئیعلامی بە خەڵک. هەروەها لەو بەشەدا باسی بابەتەکانی وەک فەلسەفە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن و جۆرەکان و

سوودەکان و هۆیەکانی دواکەوتنی ڕاگەیاندن کراوە.

لە بەشی ڕۆژنامەنووسیدا، کە زیاتر جێگای بایەخی نامیلکەکەیە، لە (٣١) بڕگەدا باس لە دەرکەوتن و پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەری، وەک بوارێکی هەرە دیاری ڕاگەیاندن کراوە.

نووسەر لە سەرەتای ئەم بەشەدا باس لە یەکەم ڕۆژنامە لە جیهان دەکا، کە ڕۆمانییەکان لە (٥٨) ساڵ پێش زایین دەریان کردووە ل٢١ و تا هاتووە گەشەی کردووە و بە دەرکەوتنی چاپخانە و هۆیەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوە، ڕۆژنامەگەریش پێشڤەچوونی بەخۆوە دیوە و لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و ڕووداوە گەورەکاندا بایەخێکی پتری پێ دراوە. هەروەها لەو بەشەدا لە بارەی لایەنەکانی کارگێریی ڕۆژنامە باس لە بەڕێوەبردن، سەرچاوەی دارایی و مەسروفات، ئەرشیف، دەرهێنانی ڕۆژنامە و لایەنە باش و خراپەکان و چۆنیەتی سەرفبوونی ڕۆژنامە کراوە. لە لایەنی هونەری ڕۆژنامەگەرییەوە باس لە (هەواڵ و چۆنیەتی دەسگیرکردن و سەرچاوەکانی هەواڵ و خشتەی دارِشتنی هەواڵ ل٣٤ و دارشتنەکانی سەروتار و مانشێت و ستوونی ڕۆژنامەنووسی، راپۆرت، گفتوگۆ، لێکۆڵینەوە، چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی... هتد) کراوە. لە بەشی سێیەمدا باس لە پڕوپاگەندە لە ژیانی هاووڵاتیان و گەلاندا دەیگێڕێ و بەوەش ڕاگەیاندن جیادەبێتەوە.

نووسەر لە بڕگەی مێژووی پروپاگەندە و بڕگەکانی تردا ئەوەمان بۆ باس دەکا، کە پروپاگەندە بە شێوەی جۆراوجۆر هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش بۆ تەشەنەکردنی خۆی بەکاردێنێ.


لە بەشی چوارەمدا (ڕای گشتی)، وەک گوزارشتێک

له پێگەیشتنی هوشیاریی میللی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پڕوپاگەندە و بڕیاردان لەسەر کێشە سیاسی و ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان باسی لێوە کراوە و ئاماژەش بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەو پێگەیشتنە دراوە. لەم بەشەدا بڕگەکانی (جۆرو دابەشکردن و ئەرکەکان و دروستبوونی رای گشتی) دەخوێنرێتەوە.


بە کورتی، ئەم نامیلکەیە شایستەی ئەوەیە هەموو ڕۆژنامەنووسێک بێخوێنینەوە و وەکو بنەمایەکیش بۆ خوێندن لە خولە ڕۆژنامەنوسییەکاندا بەکار بهێنرێت و پیرۆزبایی لە هەڤاڵ-ی هاوکارمان دەکەین.

* **کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٦/٦/٩**


غسان شربل
العراق من حرب إلى حرب
صدّام مرّ من هنا
حازم جواد
نزار الخزرجي
صلاح عمر العلي
أحمد الجلبي
نسخة مجمّعة مما نُشر في جريدة الحياة ضمن سلسلة يتذكر


د. مفيد الزيدي
قناة الجزيرة
كسر المحرمات في الفضاء الإعلامي العربي


د. اسماعيل حلمي
الديمقراطية في الصحافة المصرية
الهيئة المصرية العامة للكتاب


سلسلة الفنون
الدراما والتليفزيون
مصطفى محرم


چەند هەنگاوێك بەرەو:
ڕاگەیاندن،
ڕۆژنامەنووسیی،
پڕوپاگەندەو ڕای گشتیی
توێژینەوەو ئامادەکردنی
هەڤاڵ ئەبوبەکر


الإعلام والأسرة الريفية
دراسة لأثر الإعلام في اتخاذ قرار الإنجاب
دكتورة هناء السيد
دكتورة عواطف محمود



فەسڵی چوارەم

# کورتە ناساندن

## باسی یەکەم:

# پاشکۆی مانگانە
# خەرمان بەرەکەت!

وا دیارییەکی دیکەی (کوردستانی نوێ) کەوتە بەردەستی خوێنەرانی، یان ڕاستتر بڵێین (کوردستانی نوێ) دیارییە دێرینەکەی خۆی (پاشکۆی ئەدەب و هونەر)ی جوانتر و دەوڵەمەندتر کرد و لەمەودوا نیازی وایە لە هەشت لاپەڕەی مانگانەییدا چاو و دیدەی خوێنەواران و هۆگرانی ئەدەب و هونەر بە هەموو لقەکانییەوە ڕۆشن بکاتەوە. لەم ژمارەیەوە (پاشکۆی ئەدەب و هونەر) لە پاڵ دەرچوونی هەفتانەیی بە (٤) لاپەڕە، کۆتایی هەموو مانگێک ژمارەیەکی تایبەتی دەردەکات، کە لە هەشت لاپەڕەی هەمەڕەنگی بەپێزدا، سەردەخاتە سەر هەموو بوارەکانی ئەدەب، هونەر، هەواڵ، ڕاپۆرتە هەواڵو دەقی داهێنەرانە و بەرهەمی ناوازەی سینەمایی، شانۆیی، شێوەکاری تەلەفزیۆنی..هتد بەسەردەکاتەوە.

ئەم ژمارە تایبەتییەی (پاشکۆی ئەدەب و هونەر) هەر بە فیعلی دەخوازێ تایبەت بێ و لە ژمارە ئاساییەکانی

پاشکۆ جیاواز بێت. گرنگترین خەسڵەتی جیاوازکاریش لەم بوارەدا، زاڵبوونی هەناسەی ڕۆژنامەنووسی و شێوازی رۆژنامەنووسین لە دارِشتنی هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ و بەسەرکردنەوەی چالاکییە هونەری و ئەدەبیە جۆراوجۆرەکان‌دا. بەمەش (پاشکۆ)، لە جیاتی ئەوەی ببێتە ڕکابەر و ململانێکاری ئەو هەموو گۆڤارو بڵاوکراوە ئەدەبی‌و هونەرییانەی لە کایەی ڕۆشنبیرییاندا چالاکانە هەوڵ و تەقەلا دەدەن، دەبێتە هاوکار و تەواوکارێکی ڕۆحسووکی ئەوان و زیاتر لە شێوە و ڕوخساری خۆی وەک پاشکۆیەکی ستاف، سەربەخۆی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە نزیک دەبێتەوە.

لەم چوارچێوەیەشدا پاشکۆی مانگانەی (ئەدەب و هونەر) دەیەوێ وا گەشە بکات، کە بتوانێ لە چوارچێوەی فراوانبوونی کار و گەورەبوونی خواستەکانی کوردستانی نوێ‌دا، هەموو هەفتەیەک بە هەشت لاپەڕە و هەموو هەفتەیەک بەهەگبەیەک بابەتی بەپێزترەوە دەربچێت.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٩/٧/٢٩

باسی دووەم:

# تویژی جوتیاران
# لە ڕۆژنامەی ڕێکخراوی سۆشیال دیموکراتدا

ئایا هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر پێگە و ڕۆڵی تویژی جوتیارانی کورددا هاتووە؟ ئەم پرسیارە دەشێ بە هزرو بیری ئەو کەسانەدا بێت، کە تا ئێستاش پێیان وایە لێکدانەوەو بیرکردنەوە لە دیاردەکان لە ڕووی تیۆرییەوە، ڕێگای تێگەیشتن و ئینجا دەستنشیانکردنی چارەسەری دیاردەکان دەدەن. ئەم پرسیارە هی ئەوانەیە، کە دەخوازن پشک و چانسی تویژ و چینەکانی کوردەواری لە بزاوتن و گۆڕانەکاندا دیاری بکەن و هەر لایەنە و نەسیبی خۆی بدەنێ.

بەڵام خۆ قسەکردن لەسەر شوێن و ڕێی تویژی جوتیاران نابێ تەنها لە بواری تیۆریی دوور لە ڕەوشی کوردەواری قەتیس بکرێت. بۆیە لەم بوارەدا پرسیاری دیکەش دێنە گۆڕێ وەک ئەوەی:

لەم قۆناغەی شۆڕشی ڕزگاریی کوردستاندا، کە جۆرێک لە قەوارەی کوردی دروست بووە و هێشتا ئەرکی ڕزگاریش

کۆتایی نەهاتووە، داخۆ ڕۆڵی جوتیاران هەمان ڕۆڵی جارانە، داخۆ تا ئێستاش جوتیاران بزوێنەری بزووتنەوەی نەتەوەیین و داخۆ وەکو جاران بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ناوەرۆکدا بزووتنەوەی جوتیارانە؟ ئایا بزووتنەوەی نەتەوەیی خۆی بەشێوە دێرینەکەی جاری جاران ماوە، کە تێیدا جوتیار و لادێ هێزە پاڵپشتکەرەکەی بوون؟

لە ڕاستیدا پرسیارکردن لەسەر ئەو ڕۆڵە، لە ئەمڕۆ و ئایندەی بزووتنەوەی ڕزگاریی کورددا، بۆ ئەوە نییە گومان لەسەر ڕۆڵ و تێکۆشانی توێژی نەبەزی جوتیارن بکەین، هەروەها بۆ ئەوە نییە ئیتر پشت لە جوتیار و داخوازییە ڕەواکانی بکرێت لە ئەمڕۆی ڕزگاربوونی وڵاتەکەماندا، بەڵکو بۆ ئەوەیە باشتر لە ڕۆڵەکە، لە ئەرک و فرمانەکانی توێژی جوتیارانی کوردستان و هەرواش چین و توێژەکانی دیکەی کوردەواری تێ بگەین. چونکە تێگەیشتن بۆ خۆی لە پرسیار و گومانکردنەوە سەرهەڵدەدات. ئەمجا پرسیارەکە دەبێ پرسیاری ڕەوا و گومانکردنەکەش بۆ تانە نەبێت، بەڵکو گەیشتنە (یەقینی) زانستی و خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواری بێت.

بۆیەش دەشێ وەڵامدانەوە و توێژینەوە لەو پرسیارانە، خزمەتی دیاریکردنی ئەرکەکانی ئایندە و هەرواش خزمەتی دەستنیشانکردنی پێگەی جوتیاران بکات لە کوردایەتیدا.

ئەمەیان سەبارەت بە بزوتنەوە سیاسییەکە بوو، ئەی داخۆ لە کوردەوارییدا چ تێگەیشتنێک بۆ ماف و داخوازییەکانی جوتیارانی کورد هەیە؟ داخۆ بەرامبەر بەو قوربانیدانەی جوتیاران لە ماوەی ڕابردووی بزووتنەوەی کوردایەتیدا

داویانە، لە مرۆی گەشەسەندنی کوردەوارییدا چیان بۆ کراوەو چ بەدەستەوەیە بۆیان بکرێت؟

ئایا داخوازییەکانی جوتیاران لە کوێ دەست پێ دەکەن و لە کوێ کۆتاییان پێ دێت، هەر بە فیعلی و هەروەکو هاوکاری کوردستانی نوێ- کاک سەلاحی شێخ شەرەف قسەی لەسەر کرد، ئابووری کشتوکاڵی، کاری وەرزێری و ژیانی جوتیاران و گوەزەرانیان چۆنە؟ و ئێمە لە کودستانی نوێ، کە ڕۆژنامەی حزبێکی چەپی سۆشیال دیموکراتە، چ بکەین بۆ ئەوەی پشکێک لە خزمەتەکانمان بۆ جوتیاران تەرخان بکەین؟ ئایا ئەوە بەسە دوو وتاری تیۆرییان لەسەر بنووسین، یان دەبێ ڕۆژانە و بەردەوام جوتیار وەک هاووڵاتیەکی کوردستانی و ئینجا وەک ئەندامێکی کارا و بەرهەهێنەر لە کوردەوارییدا ڕەنگ و دەنگی هەبێت؟ ئایا جوتیاران خۆیان چی بکەن و چ پێشنیازێکیان هەیە بۆ ئەوەی ئێمە دەست پێ بکەین؟ ڕای یەکێتیی جوتیاران چییە؟ ئێمە وەک هەنگاوی یەکەم وا ڕۆژنامەکەمان لاپەڕەکانی کردۆتەوە:

- چەپی نوێ بۆ نووسینی تیۆری لەسەر جوتیاران.
- هەواڵی ناوخۆ بۆ هەواڵی جوتیاران.
- بۆ بەرچاوی لێپرسراوان بۆ گرفت و کێشەکانیان.
- لێکۆلێنەوە بۆ توێژینەوە لەسەر کاروباری کشتوکاڵ و وەرزێری.

تکایە با هەموان هاوکاریمان بکەن.

**باسی سێیەم:**

# ئەم لاپەڕەیە بۆ؟

ئەمساڵ لە کوردستان یادی ساڵێک دوای سەدەیەک لە تەمەنی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەینەوە. پتر لە سەد ساڵ تێپەڕی و هی ئەوەیە ئیدی هەوڵ بدەین ڕوانینەکانمان، ئەزمونەکانمان و بەرنامەکانی داهاتووشمان لە واری ڕۆژنامەنووسیدا بخەینە بەر ڕووناکیی ڕەخنە و هەڵوەستەکردنەوە.

هەرواش ئەوەی تا ئێستا لە مەیدانی جێبەجێکردندا بەڕێمان خستووە لەگەڵ مەرج و بنەما پێویستەکانی ڕۆژنامەنووسی لە دونیای هاوچەرخ، یان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لە مەیدانی مەعریفە و ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیدا بە ستاندار و پێوەریان دەزانین، بەراورد بکەین. داخۆ ئێمە لە داهاتوودا چ بکەین بۆ ئەوەی ئەو خەسڵەت و بنەمایانەی بۆ ڕۆژنامەیەکی هاوچەرخی نێو کۆمەڵ پێویستن، لە ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بەدی بێنین. ئێمە چ بکەین بۆ ئەوەی دابونەریتی ڕۆژنامەنووسی، ڕەوشت و ئاکاری ژورنالیست لە ڕۆژنامەی خۆماڵی و لە خۆماندا بەرجەستە بکەین؟

هەڵبەتە ڕێگا زۆرە بۆ گواستنەوەی ئەزموونی خاوەن

ئەزموونە دووررودرێژەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی لە دونیادا فراوانترین ڕێگا و لە هەمان کاتیشدا دووره دەستترین ڕێگا ئەوەیە، کە تەکنەلۆژیا و هونەری ڕۆژنامەنووسیی تەواوی ڕۆژنامەکانی ئەویّ بگوازینەوە ئێرە. جا چ ئەوەی ئەزموونەکەیان فۆتۆکۆپی بکەینەوە و چ ئەوەی لە گواستنەوەدا بنەما جێگیرکراوەکانی ئەوان لەگەڵ خەسڵەتو تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە و ڕۆژنامەگەریی کوردییدا بگونجێنین، بەڵام وا لێرەدا لەبەر ڕەچاوکردنی دژوارییەکانی ڕێگا، ریگای کردنەوەی پەنجەرەیەکمان هەڵبژارد، کە بەسەر دونیای پان و بەرینی ڕۆژنامەنووسی لە جیهاندا بڕوانیّ.

وا ئیدی ئێمە لەم بوارەدا هەوڵ دەدەین ناوە ناوە لاپەڕەیەک بۆ خەم و خەونەکانی ڕۆژنامەنووس و بۆ کاروباری ڕۆژنامەنووسی تەرخان بکەین.

لە هەنگاونان بەرەو سەدە و هەزارەیەکی نویّ و لە هەنگاونان بەرەو (١٠١) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ئەم لاپەڕەیەمان کردەوە، تا هەواڵی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسیو شێوازی کاری ڕۆژنامەنووسی لێرە و لەویّ، تەکنەلۆجیاو هونەرە پێشکەوتوەکانی ڕۆژنامەنووسی لە دونیادا بە خوێنەرانی کورد و ڕۆژنامەنووسانی کورد بگەیەنین.

تاقە مەرجی ئەم لاپەڕەیە بۆ ئەو بابەتانەی بۆی دێنو تێیدا بڵاودەبنەوە ئەوەیە، بابەتەکان ڕۆحسووک و پوخت بن. فەرموون ڕۆژنامەنووسان و ڕووناکبیران هاوکاریمان بکەن.

*کوردستانی نویّ، رۆژی: ١٩٩٩/٤/١٤

باسی چوارەم:

# کوردستان مۆنتێر... بانێژەیەکی کوردییە

ماوەی زەمەنی نێوان دەرکەوتنی دیاردەی ئینتەرنێت لە چاوگە ڕەسەنەکەی خۆی و سەردەرهێنانی لە کوردستان، نیشتمانی زەمین و ئاسمان ئابلۆقەدراوی گەلی کورد، ماوەیەکی زەمەنی کەمترە لە ماوەی نێوان دروستبوونی تەلەفزیۆن، بۆ نموونە، و بڵاوبوونەوی وەک سندووقێکی سەیر و سەمەرەی هەمەڕەنگ، کە ڕەنگ و دەنگی بە سەر دونیای تاریکی کوردی سەدە بیستەمدا پەخش کرد.

ئەمەش ڕەنگە بۆ خۆی دەرکەوتێکی دڵخۆشکەرە بێت لە ژیانی میللەتەکەماندا. تادێ مەودای نێوان درەوشانەوەی تەکنەلۆژیا لە بڵندی ئاسمانی وڵاتی داهێنەر و تیشکدانەوەی لە کوردستاندا کورتتر دەبێتەوە.

ئەگەر تەلەفزیۆن لە سەردەمی دەرکەوتنی خۆیدا بە سندوقی سەیر و سەمەرەکان ناودەبرا. ئەوا ئەمڕۆ ئینتەرنێت سندوقێکی پڕ لە سیحر و جاویدانییە، شتێکە لە بابەت هەگبەی سیحراویی ئەو کابرا کوردەی لە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوەدا بەنێو بازاڕی نەتەوەکانی هەزار و یەک شەوەدا

دەگەڕێ و شتومەکی نێو هەگبەکەی بە خەڵکی دەفرۆشێ: دەریات دەوێ فەرموو، شاخ و کێو و دۆڵت دەوێ فەرموو، زێڕ و زیو و گەوهەرت دەوێ فەرموو، زانست و زانیاری و چیت پێویستە، فەرموو.

***

بەڵام هەگبەی ئینتەرنێت سیحراویترە، تەنانەت لە هەگبە کوردییەکەی لە ئەفسانەکەدا باسی لێوە کراوە. ئەم هەگبەیە، نەک چیت بوێت پێتی دەفرۆشێ، بگرە چیت بوێ دەتوانێ هەگبەکەی لێ پڕکەیت. بەم مانایە، لە هەزار و یەک شەوەی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکاندا، ئینتەرنێت کۆتری نامەبەریشە، پەیامهێنەر و پەیامبەری نێوان مرۆڤ و جیهان، نەتەوە و نەتەوەکانی ترە، ئەم قاسیدەی متمانەبەخشە، دان بەو سنوورە دەستکرد و جوگرافیا سیاسییە دڵڕەقانەدا نانێت، کە نەتەوە لێقەوماوەکان دەخنکێنێ. بەڵکو سەفیری پایەبڵندی ئەو نەتەوانەیە لە جیهانی عەولەمە و پەیام و ڕازونیازەکانیان، چوون پەخشی کەناڵە ئاسمانییەکان، بە دونیا ڕادەگەیەنێ.

***

ئیتر خێوی کوردی لە قومقومەکە دەرچووە و جارێکی تر لەنێو شوشەبەندی تەنگەبەر و تاریکی "سیادەی وەتەنیو کاروباری ناوخۆدا" قەتیس ناکرێتەوە. ئیتر جارێکی تر هاواری "هەڵەبجە" و "ئەنفال" و "ڕاگواستن" و "تەسفیر" هاوارێکی تاساوی نەتەوەیەکی بێ پشتوپەنا نابێت.

چوون کوردیش لەم دونیایەدا، جگە لەوەی ئێستا لە ڕارەوەکانی سیاسەتدا، لە هامشۆکردنێکی ئەکتیفدایە، پتر لە پەنجەرەیەکی ئینتەرنێتی بۆ خۆی کردۆتەوە، لە هەر چوار گۆشەی دونیاوە کوردان دوور لە چاوی بەد و ترسی بەدکار سایت و لینک دەکەنەوە. لەنێو ئەو گوڵزارە جوانەی کورد لە باخی ئینتەرنێتدا دروستی کردووە. (کوردستان مۆنیتەر) دەخوازێ بە کوردی و بە عەرەبی و بە ئینگلیزی ڕازی کوردان بە دونیا و ڕازی دونیاش بە کوردان بگەیەنێ.

***

(کوردستان مۆنتیتەر) دەیەوێ خزمەتگوزاری کورد و گرفتەکانی، کوردەواری و خواستەکانی، هونەر و ئەدەب و ڕووناکبیریی کورد و دواجار پردی پەیوەندی نێوان کوردی کوردستان و کوردی هەندەران و کورد و دونیا بێت.

(کوردستان مۆنیتەر) بانێژەیەکی کوردییە، فەرموون لێوەی بنوارن.

* ئەمە وتاری کردنەوەی سایتی کوردستان مۆنیتەرە، کە یەکێك لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی میدیای ئەلکترۆنی لە کوردستان بوو. ئەم سایتە ئەگەرچی فەرمانگەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی سلێمانی، کابینەی د. بەرهەم ساڵەح، سەرپەرشتی دەکرد، بەڵام پەنجەرە سایتێك بوو، کەمتر ڕەسمی و زمان حاڵ بوو. زیاتر فراوانی هەموو بوارەکانی ژیان بوو. وەك لەم سەروتارەدا ڕەنگی داوەتەوە. وتاری تۆمارکراو

ئەدگارەکانی سایتەکە وەك هەوڵێکی سەرەتای دوو هەزارەکانی بۆ میدیاییەکی ئەلکترۆنی لە کوردستانەوە بۆ دەرەوە دیاری کردووە، تا بەندە لەو فەرمانگەیە بووم و ئەرکی سەرپەرشتیم لەئەستۆ بوو، بەڕێوەبەری بووم. دواتر کە لەوێ نەمام ئاگام لێ نەما.

**باسی پێنجەم:**

# (دابڕان)ێك
# لە ڕۆژنامەوانی زانستیدا

ژمارە(٣)ی گۆڤاری دابڕان–ی زانستی بە کۆمەڵێک بابەتی بەپێزەوە خۆی لە دوو ژمارەی ڕابردوو دابڕاند. "دابڕانی زانست"ی یەکێک لە پرۆژە ڕۆژنامەوانییەکانی پلاتفۆرمی دابڕان لە ڕێی بابەتەکانیەوە..

زانستی دابڕان دەری دەخات، گەشەکردنەکەی ڕووی لە سەرەوەیە و ناخوازێت کەرتبوون و پەککستنی تێ بکەوێت. ئەم گۆڤارە بەم ژمارە تازەیەی ڕێبازی فیکریی خۆی لە دوو جۆر گۆڤاری زانستی جیا کردەوە.

– گۆڤاری زانستی ڕووت، کە بە کەچ و کاڵی و بێ پشتخانێکی مەعریفی و ڕۆژنامەوانیی لە (٣٠) ساڵی ڕابردوودا دەرچوون.

– گۆڤاری زانستی تاودراو بە ئەندێشەی ئایدیۆلۆژی میتافیزیکی و گۆڤاری لایەنداری داوەریانەی پێشوەخت، کە هیچ بابەتێک بێ شرۆڤەی مەبەستدار جێناهێڵێت. دابڕانی زانستی گەرەکێتی کەلتوورێکی عەقلانی برەو پێ بدات،

که به دیدێکی ڕەخنەیی و گومانەوە لە دیاردە زانستیەکان و دەرکەوتەکانی گەردوون بڕوانێت. بۆ ئەم مەبەستەش زمانێکی سادە و شیرینی خستۆتە گەڕ، کە دەشێ ببێتە سیمایەکی دیاری ڕووتی ڕۆژنامەوانیی زانستی، بەو جۆرەی کەلێنی فەرهەنگی دەستەواژەی کوردی بۆ وتەزا زانستیەکان پڕ بکاتەوە. "دابڕانی زانستی" دابڕانێکی زانستی بەدەستەوەیە، تا میدیای کوردی گەشە بکا و ئەم ژانرەش لە کۆری میدیای کوردستاندا خزمەتی چۆنایەتی بکات و کۆی دیمەنەکە هەمەڕەنگ بکات.

## کوردستانی نوێ - لــە هەندەرانە

ئەم ژمارە تایبەتییەی کوردستانی نوێی هەفتە دیاریی کوردستانی نوێیە بۆ ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵات، لە هەموو وڵاتانی تاراوگە، هەروەها دیاریی ژمارەیەک لە نووسەرانی هەندەرانیشە بۆ خوێنەرانی کوردستانی نوێ. دیارییەکی هاوبەشە، کە ئەمڕۆ (١٢/٢٥) بە بۆنەی ئاهەنگەکانی سەری ساڵەوە، چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵاتیش، بڵاو دەبێتەوە.

٪٩٩ی ئەم ژمارە تایبەتییە لەلایەن هاوکار و هاوپیشەمان کاک بورهان ئەمین-ەوە ئامادە کراوە. کاک بورهان بە هەمان تەرزی دابەشکردنی لاپەڕەکانی کوردستانی نوێی هەفتەوە بابەتی ژمارەیەک نووسەر و هاوکاری هەندەرانی کردۆتە میوانی ئەم ژمارەیە. دەستخۆشی لێ دەکەین و پیرۆزبایی لەو و لە هەموو هاوکارانی هەندەرانی دەکەین و هیوامانە ئەم ئەزموونە هاوبەشە بۆ چەند جارێکی تر

دووباره بکەینەوە، بە جۆرێک کەموکوڕی ئەم ژمارەیە، ئەگەر هەبێت، بە دەرکردنی ژمارەی تایبەتی دیکە قەرەبوو بکەینەوە.

هەرچەندە کوردانی هەندەران، بە تایبەتیش دۆستانی کوردستانی نوێ لە مێژووی (٢٤) ساڵەی ڕۆژنامەکەماندا هەمیشە بەشداربوون و درێغیان لەو بەشدارییە، بە نووسین، بە گۆشە، بە کاری ڕۆژنامەوانی و کاری ڕاوێژی بێ بەرامبەرو دۆستانە نەکردووە، بەڵام ناوبەناو تایبەتمەندکردنی ژمارە بۆ کۆشش و ماندووبوونیان کارێکی چاکە، هەم ڕێزلێنانی کوردستانی نوێیە لەوان، هەمیش بەسەرکردنەوەی ڕۆژنامەکەی خۆیانە لەلایەن ئەو دۆستانەوە.

بە هیوای ئەوەی ڕەخنەکانتان لەم ژمارەیە ببێتە ئەنگێزەی دەوڵەمەندکردنی ژمارەکانی تر و هەر لە ئێستاوە سەری ساڵتان پیرۆز.

## کاریکاتێری سیخورمە

کاریکاتێر کایەیەکی زوڵملێکراوە لە ڕۆژنامەگەریی کوردستانیدا، بە ڕۆژنامەی خۆشمانەوە، بۆیە لە هەر کوێ بۆنەیەکی کاریکاتێر هەبێ، هەوڵدەدەین وەکو ڕۆژنامە ئەو گرێ دەروونییەی خۆمان چارەسەر بکەین و بایەخی پێ بدەین. نەخاسمە کاریکاتێری دۆستانی سیخورمە، کە بە گۆڤار و چالاکیی ڕۆشنبیری قەرەبووی کێماسیی ئێمەیان کردۆتەوە و نازی کاریکاتێر دەکێشن.

هەر بۆیەش لەسەر داوای ئێمە، هونەرمەند کاکە محەمەد فەتاح و دۆستانی سیخورمە ڕازی بوون گوڵبژێرێک لە کاریکاتێری

پێشانگە، کە بۆ ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی کردبوویان، دیاری بکەین و وەک دووتوێ بیکەینە دیاری هاوبەشی هەردوولا بۆ خوێنەران.

دەستخۆشی لە کاریکاتێریست کاک محەمەد فەتاح و هیوامانە لە خزمەتی کاریکاتێر بەردەوام بێت. ئێمەش تا یادی داهاتووی ڕۆژنامەگەریی کوردی عەیبەی بێ کاریکاتێری لەسەر خۆمان لا بدەین.

## کەسایەتی ساڵ لە گۆڤاری تایم دا
## گەورەکان و لێقەوماوەکان

تایم گۆڤارێکی سەنگین و مێژوویەکی دووروودرێژی دەرچوونی هەیە، یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٢٢دا دەرچووە. بەرگی هەر ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە تەرخانی کەسێک، یان باسێکی تایبەتی هەفتەیە. بە تایبەتی هەر کەسێک ئەم گۆڤارە کردوویەتی بە بەرگ، یان وەک کەسایەتییەکی جیهانی دەرکەوتووە، کە کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان هەبووە و هەیە ( نموونەی سەرۆکەکانی ئەمریکا و سوڤێت)، یاخود وەک مەترسی و هەڕەشەیەک ناسێنراوە (هیتلەر، سەددام، بن لادن و زەرقاوی)، هەردوو حاڵەتەکەش دوو دیوی یەک بەرگن لە گۆڤارێکدا. جاران ئەم گۆڤارە بۆ گەورەکانی جیهان و بۆ گەورە سەردەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو( نموونەی ئەتاتورک، مەندەریس، شای ئێران، دکتۆر مسەدەق، نوری سەعید، سادات و ئەردۆغان).

کوردی داماو وەک ئەستێرەی سیوەیل جاربەجار لە تایمەوە دەردەکەوێت، کە یان شکستە وەکو کۆڕەو و هەڵەبجە، یاخود کەساسە وەکو دەستگیرکردنی ئۆجەلان.

ئەمساڵ جیاواز لە چەندین دەیەی ئەم گۆڤارە، سەلاحەدین دەمیرتاشی وەک کەساەتی ساڵ هەڵبژاردووە. ئەمە چەند نموونەیەکی تایمە  ئەو کات هەر زۆردارانی دەردەکرد و ئێستاش لا لە لێقەوماوان دەکاتەوە.

## "دوارۆژ" بۆ ڕاستگۆییە، یان ڕاستگۆیی ئامانجی دوارۆژە؟

سایتی (دوارۆژ)، وەک نۆبەرەی کارە میدیاییەکانی دامەزراوەی (دوارۆژ) دەست بەکار بوو. (دوارۆژ) دامەزراوەیەکی میدیایی تازەیە، بە سپۆنسەری فاروقی مەلا مستەفا. خەونێکی ڕۆشنبیریی پێشترە، کە وەک گۆڤارێکی فیکری لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەردەچوو و پاشان پرۆژەکە ڕاگیرا، تا سەرلەنوێ وەک دامەزراوەی میدیایی هاتەوە نێوان.

پێش سایت، بەرهەمی کتێبی (دوارۆژ) کەوتە بازاڕەوە و سایتەکەش سەرەتای کاری میدیایی ڕۆژانەیەتی.

تایتڵی سایتی دوارۆژ "دوارۆژ لە ڕاستگۆییەدایە" ڕەنگە ئەم ناونیشانە بە جۆرێک لە جۆرەکان خەسڵەتی دامەزراوەکەش ئاشکرا بکات. ناونیشان ئاماژەیەکە بۆ ڕێبازێکی فیکری و سیاسیی دیاریکراو. "دوارۆژ لە ڕاستگۆیدایە" هێمایەکی فیکرییە، تا ئەوەی هێمایەکی میدیایی بێت، ئەگەر گوترابا "ڕاستگۆیی لە دوارۆژدایە" هێمایەکی میدیایی و هەواڵی بوو. بە مانای ئەوەی، ئەگەر خوێنەر بە دوای هەواڵی باش‌و ڕاست و ڕەواندا دەگەڕێیت، ئەوا لەم سایتە هەواڵییەی دەزگای (دوارۆژ)دا دەست دەکەوێت، ئەم خەمە دەبووە

خەمێکی میدیایی، کە ڕۆژنامەنووسانی سایتەکە و دەزگاکە وەک ئەرکێکی پیشەیی پێیەوە سەرقاڵ دەبوون، تا باسکردن لە ڕاستگۆیی هەر بۆ خۆناساندن نەبێت.

ئێستا (دوارۆژ) ستراتیژی وا داناوە، کە (دوارۆژ لە ڕاستگۆیدایە)، ئەمە خەمێکی فیکری و سیاسی دەردەخات، کە بێگومان خەمێکی ڕەوایە و ئەوکاتە لێپێچینەوە لەو خەونە دەکرێت، کە دەزگاکە نەتوانێت خەونەکانی خاوەنەکەی بەدی بهێنێت.

دواڕۆژ بۆ راستگۆییە یان ڕاستگۆیی لە دواڕۆژدایە دەبێتە بابەتی ململانێیەکی نەرم لەنێوان گەنجە تازەکانی سایت و دەزگاکە و ڕێبازی سیاسی و ئامانجی لایەنداری فیکری، نەک حزبی، خاوەنی پرۆژەکە. ئەم ململانێیە دەشێ گەشە بە دیوی پیشەیی و بەرپرسیارێتی نیشتمانیی "دواڕۆژ" بدات و دەشێ یەکێکیان بەسەر ئەویتردا زاڵ بکات.

باسی شەشەم:

# ڕۆژنامەی (شەرقی ئەوسەت) ستۆپ

لە شەرقی ئەوسەت، کە دەکاتە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەکەی خۆمان، هیوا بە دوو شت هەبوو، دیموکراسییەکەی تورکیا و پرۆفیشناڵیی ڕۆژنامەی شەرقی ئەوسەت، بەڵام بە داخەوە هەردووکیان عاقیبەتیان باش نەبوو.

دیموکراسییەکەی تورکیا زوو زوو جەڵتەی کودەتای سەربازیی لێی دەدا و ئێستاش لە غەیبووبەی کودەتای مەدەنیدایە. پرۆفیشناڵییەکەی ڕۆژنامەی شەرقی ئەوسەتیش، کەوتۆتە داوی جەمسەرگیریی شیعە و سونە لە ناوچەکە و پەردەی بێلایەنی و هاوسەنگیەکەی دەمێکە دڕاندووە.

ڕاپۆرتەکەی ڕۆژی (٢٠١٦/٧/٣١)ی ڕۆژنامەکە ئەوەندە دەلەسەیەکی زەق و بێ زەوقە، تەنانەت وەزارەتی پێشمەرگەش، کە دیارە لای کێیە، ناچار بوو بەدرۆی بخاتەوە. ڕۆژنامەکە نووسیویەتی "معسكر إيراني قرب السليمانيه يضم عناصر من الحرس الثوري وحزب الله اللبناني". ئەوەش یەکەم ڕاپۆرتی نییە دژی سلێمانی، کە مەعلومە ئاماژەیە بۆ کام قوتابخانەی سیاسی.

ڕۆژنامەی شەرقی ئەوسەت لە دروستبوونییەوە هەر هی سعودیە و سوننەی عەرەبی و کەنداویی بووە، بەڵام جاران لە شێنەییدا ئەوەی بە نەرمی و هێمنی دەکرد، شتێک پیشەیی و هاوسەنگی تێدا بوو، وەلێ چونکە ئێستا شەڕە مەزهەبی و ئیقلیمیەکە دەرفەتی یاریی پرۆفیشناڵی نادات، ڕۆژنامەکە پەردەی بێلایەنی فڕێداوە و پەیامنێرەکانی ئەم ڕۆژنامەیەش بە بژاردەی سۆنەری ئەمنی و مەزهەبی و سیاسیدا تێپەڕدەبن، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکانیان خزمەتی جەمسەرگیریی ئیقلیمی بکات، لە کوردستانەوە تا لەندەن و بەناو ڕیاز دا.

حەیف بۆ شپرزەیی ململانێ، کە هونەری پیشەییبوون لە دەست ڕۆژنامە سەنگینەکان دەستێنێتەوە.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٥-٢٠١٦/٨/٦

باسی حەوتەم:

# فاکوفیکی خێڵی درۆ

دەلەسە یان ساختە هەواڵ، کە ئێمە لێرە پێشنیازی دەستەواژەی خۆماڵی فاکوفیکی بۆ دەکەین، بەڵایەکی کۆنە بە قەد کۆنینەیی کاری میدیایی، بەڵام ئەم بەڵایە ئێستا بۆتە دیاردەیەکی هەرە زەقی ناو دەزگا و دایەرەکانی میدیا، لەگەڵ گەشەکردنی ئامڕازەکانی پەیوەندی و بەرفراوانی دەستڕاگەیشتن بەم ئامڕازە تازانەی مینبەری بەردەستی تاک و گرووپ و کۆمەڵەکان فراوان دەکەن، بەم پێیەش چانسی گەشەی ئازادی و دیموکراسی دەبەنە کەشکەلانی فەلەک ، بەڵام لەبەر فراوانی بەکارهێنانەکە و فراوانی ناسنامەی بەکارهێنەرانیش، کە بە گشتی کارێکی کردووە، خاوەندارێتی پێگەی یاسایی‌و پرەستیجی کۆمەلایەتی و پرۆفیشنالی میدیاکان لێڵ بێت و روون نەبێت، سەرەنجام دیاردەی ساختەهەواڵ تەشەنە دەسەنێت و هێشتا ڕوون نییە کەی لە شوێنێک دەگیرسێتەوە، تا یاسا و ڕێسا و پرەنسیب و لەوەش گرنگتر دابونەریتی کارو پابەندێتی مۆراڵی جڵەوی لاساری و لەرێ لادانی بکەن. تا ئەم گەشەسەندنە هەر دیوە

باشەکانی لەبرەودا بن و خراپییەکان سکتر ببن.

ئەمرۆ، کە هاوبەش و شەریکە ناوەخت و میوانە ڕەزا سووک و قورسەکانی کایەی میّدیایی زۆر بوون و وەکو جاران هەر دەزگا ئیستخبارییە جۆراوجۆرەکان و تارمایی چالاکوانان و چالّەکانی سیاسەت و مەبەستدارانی کاتی و ڕەنگ جیاجیا نین، بگرە جۆرەها کارەکتەری دەموچاو دەمامکدار و هەلّتۆقیویشیان تیّکەوتووە ، ئاساییە ساختە هەوالّ ببنە باسی سەرەکیی ناوەندەکانی میدیا لە دونیا و لە کوردستانیش وەک بەشیّک لەو دونیایە. وەک ئەوەی هاوپیشەمان کاک سۆران عەلی لەم دووتویّ چڕوپڕەدا کردوویەتی و لە یادی کوردستانی نویّدا، هەم پەخشی دەکەین و هەم دەیکەینە دەرفەتی کۆڕ بۆ سازکردنی لە سالۆنی کوردستانی نویّدا

بۆیە لەم پیّشەکییە کورتەدا، کە زیاتر بۆ دەستخۆشییە لە کارەکەی کاک سۆران، زۆر قسە لەسەر ڕەهەندە جۆرنەجۆرەکانی فاکوفیکی ساختە هەوالّ ناکەین، کە ئەو باشتر لە ئیّمە لیّ دەزانیّ و باشتر لە ئیّمەش خۆی بۆ تەرخان کردووە، تا ئەوەی ئەم دوو توێیە دەولّەمەندەی پوخت کردووە تەنها ئەوە دەلّیّین:

دیاردەی ساختەهەوالّ وەک تەشەنەی کردووە، بۆتە بەلاّی گیانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە هەموو ناسنامەکانییەوەو بگرە وەک قۆناغی نویّی پەلهاویشتنی هەر درۆ و دەلەسە لە شەئنی گشتی کۆمەلّ ناکات، بەلّکو کارخانەی درۆی هەوالّی ساختە بوختان و دەلەسە لەسەر کاتەکتەرەکانی میدیاش سازدەکات.

لەم ئاستەشدا گرنگ بزانین ساختەهەواڵ هەر بەرۆکی تەیفێکی دیاریکراوی ئاڕاستە جیاجیاکانی میدیا ناگرێتەوە، بەڵکو دەردێکی گشتییە و درەنگ و زوو گشتمان دەگرێتەوە. جا وێناکردنی ئەم بەڵایە وەک جەنگی مەغلوبە لە دژی تەیفێک و لێ بواردنی تەیفێکی کورتخوێندنەوەیکی دیکەیە لە کورتخوێندنەوەکانمان، کە ماشەڵڵا لە ناوەندە گوناحەکەمان زۆرە.


لە ڕەوتی میدیای کوردیدا، پۆلینکردنی ئەم دیاردەیە وەک بەڵای سەری تەیفێک درز دەخاتە ڕیزەکانی میدیای کوردییەوە، کە سەرەنجام نەتوانێ کۆششێکی گشتی بکات بۆ ڕووبەرووبوونەوەی ئەم بەڵایە، کە فاکوفیکێکی خراپە و خۆرەی گیانی پەیامە ڕاستگۆکەی میدیای ئازاد و سەنگینە.

هیوادارین بۆنەی بڵاوبوونەوەی ئەم دووتوێیە کۆری دیالۆگ لەسەر ساختەهەواڵ برەخسێنێ و سالۆنی کوردستانی نوێ و سالۆنەکانی تریش گەلالەی هەڵوێستێکی پیشەیی و دەربەستانە ئامادە بکات، تا سەرەنجام ئەم دیاردە نارەسەنە لەقاو بدرێت.

*کوردستانی نوێ: پاشکۆی فاکوفیکی هەواڵ ساڵی ٢٠١٩




سیخورمەکەی کاک محمەد فەتاح لە پێشانگە و لە دوو توێیەکی ڕۆژنامەوانیدا.




دووتوێی
فاکوفیکی هەواڵ
شرۆڤەکردنێکی
خەبەر
بۆ دۆخی
ڕۆژنامەگەری.








گۆڤاری (دابڕان).



مصر: ردود فعل غاضبة بعد حبس نقيب الصحافيين سنتين (ص 2)

السبانخ.. طبيب العائلة الشامل (مناقشات)

هيريرا: إسبانيا تملك خط الوسط الأفضل في العالم

الشرق الأوسط
ASHARQ AL-AWSAT
The Leading Arabic International Newspaper
جريدة العرب الدولية

London - Sunday - 20 November 2016 - Front Page No. 1 Vol 39 No. 13872

التحالف يحذر ميليشيات الحوثي وصالح من أي تحركات عسكرية

# 15 خرقًا انقلابيًا في أولى ساعات هدنة اليمن

«الباسيج» ومليونا إيراني في المدينة لـ«زيارة الأربعين»

## تحذير أمني من حالات الحمل «غير الشرعي» في كربلاء

الرئيس الشيشاني أكد تطلعه لتوسيع التعاون الاستثماري والتجاري مع المملكة

## قاديروف لـ «الشرق الأوسط»: العلاقات مع السعودية لا تتأثر بالتغيرات العالمية

ڕۆژنامەی شەرقی ئەوسەت بووە بەشێک لە کێشەکان؟







کورد لە تایم دا.





## فەسڵی پێنجەم

# ئیخوانیاتی ڕۆژنامەگەری

ئیخوانیات جۆرە ئەدەبێکە، کە پەیوەستە بە گفتوگۆی هاورێ و هاوپیشەکانی کارێك لە بوارێکدا. بە مانای ئەرباب و دۆستانی گوزەر دێت. لێرە کۆمەڵێك نووسینە لەسەر هاورێیان و دۆستانی کایەی رۆژنامەنووسی.

## باسی یەکەم:

# ڕۆژنامەی کامپ..
# یان قاسمەڕەش لە بەرگێکی (حبزبوز)یدا

لە ماوەی ڕابردوودا گۆڤاری کارکاتێری (سیخورمە) کەوتە بەر دیدی خوێنەران. وێرای پیرۆزبایی و ئومێدی بەرەوپێش چوون، (سیخورمە) وەبیری هێنامەوە شتێک لە بارەی ڕۆژنامەی تەنزئامێزی (کامپ) بنووسم، کە لە ئاوارەیی قاسمەڕەشدا فێنکایی بە دڵی کۆستکەوتوانی خیانەتی ٣١-ئاب بەخشی و کەمێک قورسایی مەرگەساتە نیشتمانیەکەی لەسەر کەم کردەوە.

کامپ ڕۆژنامەیەکی تەنزئامێزی ئۆرگانی پەنابەرانی قاسمەڕەش بوو، کە بەبێ زێدەڕۆیی، پێم وایە لە ئایندەدا بۆ لێکۆڵینەوە لە دیوی ناوەوەی ژیانی ڕۆژانەی شۆڕش و ئاوارەیی و هەروەها بۆ تێگەیشتن لەلایەنی کۆمەڵایەتی قاسمەڕەشییەکان بایەخ و گرنگی خۆی دەبێ.

بەڵام دەبێ ئەو حەقیقەتەش بڵێم، کە زوگورتییەکانی کوردستانی نوێ (کامپ)یان بۆ ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییە دەرنەکرد، بەڵکو دوو هۆکاری خودی و بابەتی پاڵنەری دەرچوونی بوون. لە باری شەخسییەوە پێمان وابوو، کورد بە دانیشتن ماڵی وێرانە و (شەڕ

لە بەتاڵی باشترە)، لە باری بابەتیشەوە لەو ڕۆژانەدا ئیدی ژیان لە کامپی قاسمەڕەش ڕیتیمێکی ئاساییو شێوەی کۆمەڵگەیەکی جێگیری وەردەگرت. ئەوە بوو دوای هەڵبژاردنێک ئەنجومەنی (کامپ) وەکو حکومەتێک پێک هات و بگرە لە غیابی دەسەڵاتی قەزائیدا هەردوو دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو، مینبەری بانگدانو تەلقین.. دەسەڵاتی (کالعادە) بە نسیبی مەلا سامان بوو. ئیٚ خۆ نەدەکرا لەم هەلومەرجەدا خاوەنشکۆ ڕۆژنامەیەک نەبێ تا ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی قاسمەڕەش بکاو ڕۆڵی مێژوویی خۆی وەک دەسەڵاتی چوارەمی چاودێری بەڕێوەچوونی کارەکان و ئۆرگانی داخوازییەکانی جەماوەر بنوێنیٚ؟ ئەوە بوو (کامپ) وەکو پێداویستییەکی (مێژوویی!) سەری هەڵدا و هەر دەشبوایە تەنزئامێز و کۆمیدی بیٚ، تا لە کەشی تراژیدیای ئاوارەییدا جێگەی خۆی بکاتەوە، لەمەشدا لە ڕووی مێژووییەوە ئێمە دەستپێشخەر نەبووین لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی (گل ئاقا) ئاسادا، چونکە پێشتر لە شۆڕشی شاخدا کۆمەڵێک خۆش مەشرەب و بەشیرست بڵاوکراوەی (الشریر الحدیث) و (الصادق الامین)یان پەخش دەکرد و لە ڕووی وەفاداریشەوە ئەو حەقیقەتەمان لە سەروتاری ژمارە سفری (کامپ)دا تۆمار کرد.

(کامپ)، بە پێچەوانەوە ڕۆژنامە جیددی و ڕووگرژەکانەوە، لە تاریفی خۆیدا نووسیبووی (ڕۆژنامەیەکی تەنزئامێزە و بەپێی میزاج دەردەچێت)، نرخی خوێندنەوەی دوو سێو بوو هەرچەندە من پێشنیارم کرد، بۆ کچان لە بری دوو سێو دوو ماچ وەربگیرێت، بەڵام هاوپیشە و هاوکارانم لە دەستەی نووسەرانی (کامپ): (شێرکۆ مەنگوڕی، هەڤاڵ ئەبوبەکر، شیلان، عەلی

حسێن، سەرکەوت سەعید) مەسەلەکەیان بە جیدی وەرگرت و پێیان وابوو ئەمە خراپ بەکارهێنانی سەرەفی ڕۆژنامەنووسییە بۆ مەسەلە شەخسییەکان. ناچار ئەزیش لە بەردەم بڕیاری (سەرکردایەتی و بەکۆمەڵ)دا بێدەنگ بووم، بەو پێیەی (الفشقیات اعلی مراحل الجدیات)ـە!.

لە دەرچوونی هەردوو ژمارەدا (ژمارە سفر ڕۆژی ١٩٩٦/٩/١٩ و ژمارە یەک ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٢٨ بڵاوکرایەوە) ئێمە گەڕاینەوە سەر نەریتی ڕۆژنامەگەرییانەی حسێن حوزنی موکریانی باپیرەمان کە ڕەوان شاد خودی خۆی غەزەتەی (زاری کرمانجی) چاپ دەکردو هەرخۆشی بڵاوی دەکردەوە. ئێمەش هەروا غەزەتەکەمان کە تیراژی یەک دانە بوو خێوەت خێوەتی و ماڵ بەماڵی قاسمەڕەش دەگێڕاو لەبەردەرگا چاوەڕێی قاقای پێکەنینی خوێنەرانمان دەکرد تا لە ڕەزامەندییان دڵنیابین، ئەوانیش کە لەگەڵ دوو سێ، ی نرخی خوێندنەوەدا پیرۆزباییان لێ دەکردین پێشنیارو ڕەخنەی خۆیان دەگوت و ئاماژەیان بە ڕەفتار و (خراپەکانی!) ئەنجومەن دەکرد تا لەسەریان بنووسین. ئەوەبوو ئێمەش جورئەتتر لە ڕۆژنامەکانی دوای ڕاپەڕین ڕەخنەمان لە بەرپرسان گرت و کاریکاتێرمان لەسەریان بڵاو دەکردەوە بەتایبەتی ئەو بەرپرسانەی دوو سێوی خوێندنەوەیان نەداو کۆمەکی مادی و مەعنەوی (کامپ)یان نەکرد. لەو بابەتانەی لە هەردوو ژمارەدا بڵاوکرابوونەوە (ژمارە سفر: عەباس دودایف، سلێمانی دەکەم بەگرۆزنێ، هەیاسە لەکانی ژنان چ باسە، مەسەلەی چینایەتی لە قاسمەڕەشدا، ژن هێنانی بێ مەسرەف لە نووسینی کەمال سابیر) (ژمارە یەک: سۆران مەعروف داوای تەدەخولی ئیقلیمی دەکا! واقیعەی غلۆربوونەوەی مەعالی وەکیلی وەزارەتی صناعە: تەحسین قادر، لەودیوی شتە

ڕووکەشەکانەوە لە نووسینی عبدالله کریم، مەسعود لەنێوان پراکتیپک و ماتماتیک دا بە پەرموچی پرۆفیسۆری هونەرمەند کەمالۆڤسکی سابیرۆڤ)..هتد.

لە ڕاستیدا (کامپ) ئەزموونێکی ڕۆژنامەگەریی ڕۆحسووک بوو، کە گەلێک هاوەڵ هاوکاری و پشتگیرییان کردین، بەڕێزان (جەمال غەمباری شاعیر، گوڵاڵە خان (دایکی ئاگر لە ی.ژ.ک، باستی بێژەر، مەلا سامان، پشکۆ عەسکەری) ڕاستەوخۆ بە بابەت بەشدارییان لەگەڵ کردین و بەڕێزان (پەرلەمانتار کەمال شاڵی، مۆسیقار ئەنوەر قەرەداغی، هونەرمەندی بەویقار کەریم کابان) فیکرەیان داینێ و ڕێنماییان کردین، بەڵام لەو کاتەی ئێمە هەندێک بابەتمان بۆ ژمارەی ٢ ئامادە دەکرد ڕووداوەکان بەپەلەتر بوون و بازووی پێشمەرگەی دلێر گەڕانەوەی بۆ دەستەبەر کردین. ئیدی لەوێ بەدوا میزاجی دەرچواندنی (کامپ)-مان نەماو ئەو غەزەتە گاڵتە جارییەش بوو بە یادگارییەکی بچووک و کەوتە ژێر پێی ڕووداوە گەورەکانەوە. بەم بۆنەیەوە بانگێشتی ئەو بەڕێزانە دەکەین، کە بابەتیان بۆ ناردووین، دەتوانن بێن بۆ وەرگرتنەوەی، بە تایبەتی خاوەنی بابەتی (خۆم و مەنسولەکەم کەوتینە سەر ساجی عەلی)، چونکە هەروەکو برای نووسەر خۆشی ئاگادارە (عادت حليمه لعاداتها القديمة)!

* (حبزبوز) گۆڤارێکی تەنزئامێزی عێراقی بوو.

* (گل ئاقا) گۆڤارێکی تەنزئامێزی بەربڵاوی فارسییە و تا ئێستاش لە ئێران دەردەچێ.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٧/٢/٢٧**

## باسی دووەم:

# ئەریٚ ئێوە "بابەك"تان لەبیرە؟

"تەواو!.."بابەک"یش سەفەری کرد و ئەو بەندەرەشی بەجیٚ هێشت، کە جاربەجار لێیەوە و لڕێگەی بێسیم و هونەری تێپەڕاندنی نامەکان بەسەر سانسۆرەکانی بادینانەوە، هەناسەو ماچ و قسە خۆشەکانی ئەومان بۆ دەهات. هزرێکی دیکەی کوردیی کۆچ و کۆچباری خۆی تێک ناو ڕۆیشت. ئیدی ئەوە درێژەی هەقایەتە سواوەکەیە: باوکەکانمان شەڕ لە سەر میراتێک دەکەن، کە لە قەزاوەتی نێودەوڵەتیدا تاپۆکەی بە نووسراوێکی "عوسمانلی" دەزانریٚ و کوڕەکانیشمان سەری خۆیان بەرەو هەندەران هەڵدەگرن و کچەکانیشمان بە کلاسیکیترین شێوە (دروست وەکو شووکردنەکەی دایکم) مێرد دەکەن و دەبڕێتەوە. تەواو!.. کوڕە کوردێکی دیکەش لە دووڕیانێکی بەدیل هەڵنەگردا دۆش دادەمێنیٚ و "ئانەپانە"یەک بۆ بەختی خۆی دەکا. ئیدی ئەوە "ئێمە" و ئەوە بەختی گیرسانەوەی پەنجە نۆمای "ئەو" لەسەر(یەک) لە (دوو)- ڕیانەکە: یان گەنجێکی دیکەی کورد فێری زمانی بێگانان و سەرگەرمی ئیختراقکردنی ڕۆژئاوا

دەبێ و لە حیکمەتی ئەو شارستانیەتە ڕادەمێنێ کە تێیدا لە کابینەیەکی بەحیساب "ڕاسترەو"دا (١٢) وەزیری ژن هەن و... یان گەنجێکی دیکەی کورد سمێڵی دەتاشێ و فێری قاپشوشتن دەبێ و لە دواییشدا وەکو هەر گەشتیارێکی ڕۆژهەڵاتیی بە مشتێک خەنیمەوە دەگەڕێتەوە و لە بەندەری پاکژی کچە دراوسێکەیاندا بۆ یەکجارەکی دەحەسێتەوە!

ئەو دەیگووت "زۆر هەن دەڵێن بابەک ئەم جیهانە ئارامەمان تەنها لە هەڵدێرێکدا دەبینێتەوە و ئاسۆکانی ئایندەمان لێ تاریک دەکاتەوە، بەڵام کاتێ بوار بۆ ململانێی عەقڵ نامێنێ ئەبێ چی بکەین؟" منیش، کە ئەو ساتەوەختە پێم وابوو لە دونیادا شتێک نەماوە خەفەتی بۆ بخۆین، قسەکەی نازم حیکمەت-م بۆ دەگوتەوە "ئەبێ لە داخی دوژمنانمان ڕۆژێک زیاتر بژین!" ئەو لەسەر کورد و سیاسەت و جارجارەش لەسەر ئەدەب و (خەونە ترسناکەکانی یوسف) شتی زۆری دەگوت و باسی سەفەری تێکەڵ بەپرسیارە وەڵام نەدراوەکانی گۆشەی (؟)-ی دەکرد و بە چاوە ئەدگار ڤێتنامییە بچووکەکانیشی سەرەنجی لە (گۆی زەوی) دەدا.

منیش دەمگوت "ئەی گەشتیارێک، کە نیگەران و جێگیر نەبوون جوانترین سەرمایەتە، تۆ وا دەزانی بەندەری دووەم تێکشکانی یەکەم لەبیری ئینسان دەباتەوە و کەچی دواتر سەرنج لەو ڕاستییە خەتەرناکە دەدەی، کە وێکرای بەندەرەکان لێک دەچن و تێکشکانەکانیش سەرەنجام کەلتوورێکی سەربار دەخەنە سەر خەرمانی خەمەکان". ئەمەم دەگوت، بەڵام پێم وایە بەشاعیریەتێکی کەمتر لەوەی ئێستا. ئاخر ئەو سەردەمە من لە بەرایی کاری

ڕۆژنامەنووسیدا بووم و وەکو کوڕە هەژارێک، کە لە مەجلیسێکدا بیەوێ کونی گۆرەوی-یە دڕاوەکەی بشارێتەوە. هەوڵم دەدا لەو دەبڕینانەی ئێستا "گلاسنۆستی" کردووم هەندێکی لێ بکشێمەوە! کەچی ئەو هەر دەیگوت ماڵەکانمان بوون بە سەنگەر و لە هەمبەر یەکتری ڕاوەستاوین. بۆ کوێ بڕۆین شەڕ و ئاشوب و غیابی (خۆشەویستی و حیوار و زمانی لێک گەیشتنە)، هەر شوێنێک شەڕی لێ بێ ڕۆژهەڵاتە، تەنانەت بۆسنیای ناوجەرگەی ڕۆژئاواش مادامەکی شەڕی لێیە ڕۆژهەڵاتە! ئەو لەگەڵ هەر گرژییەکدا دەست لەسەر دڵ بوو و دەیگوت "هاکە قەوما"! کاتێکیش لە نووسینگەی دیمەشقەوە یەکەمین نامەی ڕەوانە کرد، نێو دێڕە نووسراوەکان پێی دەگوتم "ها، نەمگوت دەقەومێ؟"

قەوماو وا پتر لە ساڵێکیشە بەردەوامە، نە باوکەکان وەڕەس بوون و نە دابونەریتی کوڕان و کچانیشمان گۆڕان. نە شەڕی کوردستان و بۆسنیا تەواو بوو، نە خۆشەویستی و حیوارو زمانی لێک گەیشتنیش سەرێکی ئەم هەوارەیان دا، قەوماو "بابەک" یش چووە پایتەختی یەکەمین شۆرشی بۆرژوازیو مەڵبەندی جوانترین سەرچڵییەکانی ئینسان لەپێناوی ئازادیو دادپەروەرییدا. قەوما و ئەویش لەوەختێکدا، لەساتێکدا چووە پاریسی پایتەختی ئەتکێت و جوانی و (دینۆف)، کە تێیدا لە ئەفغانستان دومەڵێک بە ناوی (تاڵبان) دروست بووە و لە زائیریش بەڵایەک بە ناوی (ئەبیۆلا) سەری هەڵداوە! ئەگەر "بابەک" لەوێوە نامە بنێرێ، پێی دەڵێم (بەرزان فەرەج) تۆ ئیدی خۆ هەر بووی بە (قەرەج)، تکا دەکەم دە هیچ نەبێ ئەو قەرەجە ڕوح پاک و جوانەی

جاران بە، کە لە (سیاسەت، گوناهـ خۆشەویستی) دا ئەم پەیامەی بۆ هاوڕێکەی نووسیبوو:

"خۆشەویستی ڕوح و جەستەیەکی مەسیحییانەی ئەوێت، لە سەرەتاوە پێشبینی لەخاچدانی خۆی کردبێت. ئەگەر لەو حەقیقەتە تێناگەیت، باشتر وایە دوای کاروانی خێڵە گێلەکان بکەوێت و گۆرانی بێمانای ئەوان بڵێتەوە و تۆش ڕۆح و جەستەت لەو زەلکاوی گوناهە هەڵکێشی!".

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٥/٥/٣١

## باسی سێیەم:

# قسەیەك هەیە بیکەم

**گەنجەکان..**

جارێکیان ستوونێکی جیهاد ئەلخازن سەنووسەری ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنیم خوێندەوە، کە تێیدا شڵەژانی خۆی نیشان دەدا سەبارەت بەوەی ناوەندی تەمەنی ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژنامەکەیدا چل ساڵییەوە، ئەمەش لای وی بە پیربوونی ئەلحەیات خوێندرایەوە. ئەلخازن دەخوازێ نەوەیەکی گەنجی ڕۆژنامەنووس دابمەزرێن، بۆ ئەوەی خوێنێک بە بەر ڕۆژنامەکەدا بکرێتەوە، ئەز نازنم ئەلخازن خوێنی بەبەردا کرد، یاخود نەخێر؟ لێ وارۆژنامەکە بە هەمان تین و تاو و خوێنی گەرمەوە درێژە بە مانەوە و گەشەسەندنی خۆی دەدات.

ئەی حاڵی ڕۆژنامە گەری کوردی و ڕۆژنامە نووسە گەنجەکانی چۆنە؟!

ڕۆژنامەگەریی کوردی تازە لە دوای ڕاپەرینەوە دەرفەت بە دەرکەوتنی گەنج و لاوەکان دەدا و بە هەزار ناڵی عەلی ئینجا شوێنێکی پەراوێزی پێ ڕەوا بینیون. ناوەندی تەمەنی

ڕۆژنامەنووسانی کورد بەئەژمار نازانم، لێ بە تەخمین لە تەمەنی (پیاوماقوڵان)دان هەر بۆیەش بەشی زۆری ڕۆژنامەکانمان نوێبوونەوە و موغامەرەی ڕۆژنامەگەرییان تێدا نابینرێن، بە هەمان شێوەش بەشی کەمە لەوەی پێی دەگوترێت خیبرە و شارەزایی پیران، چونکە تەمەنی ڕۆژنامەگەریی کوردی تا هەنوکە کورن و پچڕپچڕ بووە بۆی نەلواوە نەریتی ڕۆژنامەگەری کەڵەکە بکات.

ڕۆژنامەنووسی گەنجیش لەو کەشوهەوا پیرەدا، کە تەبدیل هەوای تێدا نییە، لە چوغزی (سڵەمینەوە و تەقلیدییەت) دەربازی نابێت و هەرواش ناتوانێ داکۆکی لە پڕۆژە و خەونەکانی خۆی بکات.

ئایا ڕەوایە پێشنیاری گرووپێک بۆ ڕۆژنامەنووسە لاوەکان بکەم، کە تێیدا ڕۆژنامەنووسە گەنجەکانی ئەمڕۆمان لە خەم و خەون، گرفت و ئاستەنگەکان و ئایندەی خۆیان بدوێن و لە بەردەم شاخی تەقلیدیەتدا ئامادە باشییەکی باشتر بنوێنن؟! دەڵێم گرووپ، نەک سەندیکایەک کە بەرنامە و پەیڕەوێکی دیاریکراوی هەبێت و هەقی ئەوانی تر بخوا و بەردێکی گەورەش بێت، کە پێمان نەهاوێژرێ!

## تاڵ و شیرینی ڕۆژنامەنووسی

(شتێکی تاڵ و شیرینی ژیانی ڕۆژنامەنووسیی خۆتمان بۆ بگێڕەوە). ئەمە ئەو داوایەیە، کە بەشێک لەو بەڕێزانەی چاوپێکەوتن دەکەن، لەم ماوەیەدا خستیانە بەردەمم. بە بۆنەی یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، ڕۆژنامەنووسان خەریکە ڕەواج پەیدا دەکەن. بێگومان پرسیاری ئەو بەڕێزانەش

تەنها ئاڕاستەی من نەکراوە، بەڵکە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان وا لەنێو خۆیاندا کەوتونەتە چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکتریدا. وەک دەڵێن ئەم بۆ ئەوەی دەستێنێتەوە، بەڵام هەروەک مامۆستا هێمن موکریانی، کە لە پاش خوێندنەوەی چەند جامە شعری سیاسیدا گوتبووی "با شعرێکی عاشقانەشتان بۆ بڵێم"، منیش لە دوای ئەو ئەزموونە تاڵانەی برایانی تر گێڕایانەوە، با بەسەرهاتێکی شیرینی خۆمتان بۆ بگێرمەوە.

سالّی ١٩٩٣ تازە لە کودستانی نوێ دامەزرابووم، کە ئەو وەختە نووسەری بە توانا و برای خۆشەویست کاوە مەحەمەد بەرپرسی بەشی سیاسی بوو، لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا گەلێک وتاری بۆ بلاوکردمەوە بەو جۆرەی ناوی (ستران) بکەوێتە ناوانەوە. یادی بەخێر برای بەرێز عەبەولرەحمان مستەفا (کونەفلوسەیی)، کە پەیامنێری لای هەڤاڵ مام جەلال بوو، هەر لە قەڵاچوالانەوە لێدوانی دابوو (کاک کاوە خەنی بووە لە خۆی، کچێکی بادینی لە بەشی سیاسی بە ناوی ستران دامەزراوە. مار خراپ دەبێ چەند جوان بێ؟). تا ڕۆژێکیان بۆ خۆی هەواڵێکی مام جەلالی دامێ، گوایە بیدەمە کاک کاوە. گوتی: زەحمەت نەبێت بۆ تەئکیدی ئەمانەتەکە ناوی جەنابت چییە؟ ئەزیش، کە لە سەرەتادا سمێل بابڕبووم، گوتم: ناوم ستران عەبدوڵلایە، عەبدولرەحمان سەفەری هەندەرانی کرد و ئەو شەش ساڵە لە ژیانی ڕۆژنامەنوسیدا کار دەکەم و ئەزموونێکی بچووکو کەمم هەیەم کەچی هەن وا دەزانن (ستران) کچێکی بادینی پرچ زەردە و باوەڕ بەو وێنە کاریکاتێرییەی ڕۆژنامەی هاوپەیمانی ناکەن، کە لە سەرووی گۆشەکەوە دایان ناوە!

**باسی چوارەم:**

# بە تەنیشت سیاسەتەوە

## پێکەوە نەخبی ماڵئاوایی دەخوێنەوە!

خوێنەری بەڕێز، ویستم لە دوا ژمارەی ئەم گۆشەیەدا شتێک لە بابەت (بەهیوای دیدار) بنووسم، بەڵام دواجار وام بڕیاردا، کە هەر بە ڕاشکاوی بڵێم ماڵئاوا بۆ (بە تەنیشت سیاسەتەوە)... ماڵئاوا بۆ گۆشەیەک، کە ئەمڕۆ (٢٠٠٠/٢/٢٢) پێنج ساڵی تەواو پڕدەکاتەوە.

بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە دەڵێم، خوێنەری بەڕێز ماڵئاوا، بۆ ئەوەی ئیتر ئەگەر لە هەر جێگایەک، لە هەر شوێنێک شتێکم نووسی، بۆنی (بە تەنیشت سیاسەتەوە)ی لێ هات، یان بە قەوارە و پانتایی (بە تەنیشت سیاسەتەوە) بوو، ئەوا خەبەرم لێ بدە و بڵێ ئەو نووسەرە قەوانە سواوەکە لێ دەداتەوەو پاش ئیفلاس دەفتەری قەرزی کۆن بەسەردەکاتەوە، لە (١٩٩٥/٢/٢٢)ـەوە بۆ ٢٠٠٠/٢/٢٢) زەمەنێکە لە گوزەرکردن (بە تەنیشت سیاسەتەوە)، هەر بە ڕاستی گۆشەیەکە بۆ سەدەیەک، کە بەسەرچوو، هەر بە ڕاستی خوێنەری بەڕێز پێنج ساڵ بە تاقەت و تەحەمول بوویت.

قەت حەزم نەکردووە گۆشە و ستوونە تایبەتییەکان ببنە پانتاییەک بۆ ڕازی شەخسی و ئارەزووی شەخسی. هەڵبەتە ڕاز و ئارەزوو بە مانای خودپەسەندی، نەک بە مانای ئەوەی ڕاوبۆچوونێکی تایبەتی لەسەر ڕەوش و ڕووداوەکان دەرنەبڕم. ئەگەرچی بۆ خۆی ستوونی ڕۆژنامەنووسی لای ڕۆژنامەنووس جۆرێکە لە تەفەرود و خۆجیاکردنەوە لە هاوپیشەکانی، بەڵام پێم وانەبووە و پێم وانییە خوێنەر تاوانێکی ئەوتۆی ئەنجام دابێت شایستەی ئەو ئەزێتدانە بێت، کە کاتی خۆی بە دیار ڕازە تایبەتی و خواستە تایبەتییەکانی نووسەرێکەوە بەفیڕۆ بدات. خوێنەر چ گوناهێکی هەیە، بە کاغەز و مەرەکەب و چاپخانەی کورد، لە ڕۆژنامەیەکی وا سەنگیندا گوێ لە هەواجسە کەسێتییەکان بگرێ، لەکاتێکدا وەک دەڵێن (شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ)، ڕام لەسەر گۆشە و ستوونی سیاسی وایە، کە دەبێ تایبەتی بن، بەڵام لە ڕاوبۆچووندا.

لەگەڵ ئەوەشدا لە پەراوێزی دوا (بە تەنیشت سیاسەتەوە) دا ئەو مافەم بە خۆم دا بۆ دواجار بە تەنیشت ڕازی تایبەتی ڕۆژنامەنووسیدا گوزەر بکەم. خوێنەریش لەوەدا سەرپشک بێت، کە ماڵئاواییەکەم دەخوێنێتەوە، یاخود نا!

پێم وایە ئەم گۆشەیە ئیتر ئەرک و فرمانەکانی تەواوبوون، دەبێ ڕێگا چۆڵ بکات بۆ ستوونی تر و نووسەرانی تر.

پێنج ساڵ لە هەوراز و نشیوی نووسین، کە زۆرجار گوڕوتینی بەردەوام بوون، زۆر جاری تریش بێتاقەتی و سارد و سڕی ناچاری تێکەوتووە. هەندێک جار پێم وابوو شتێکی باشم نووسیووە و گەلێک جاریش خۆم لە دڵی

خۆمدا گوتوومە دەسا ئەگەر ئەمە هی نووسەرێکی تر بوایە پرتە و بۆڵەم دەکرد، کە چۆن شتی وا دەنووسرێ؟

پێنج ساڵە پەلی ئەم گۆشەیەم گرتووە، لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی. لە سەدەیەک و هەزارەیەکی پێشووەوە بۆ سەدە و هەزارەی تازە. ئیتر کاتی هاتووە و ڕەنگە لەمێژە کاتی هاتبێت، کە مەرگی ڕابگەیەنم.

ئەم گۆشەیەش، وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، زەمەنی سەرهەڵدانی هەبوو، نەشونمای کرد، ئینجاش گەیشتە پیربوون، چاکتر وایە پێش ئەوەی بگاتە خەرف بوون، دەست لەکار کێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێ.

ئێ بەڵکو خوایە لە کۆمەڵی ئێمە و لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیشدا دابونەریتی دەست لەکار کێشانەوە و وازهێنان هەروا جێگیر ببێت و شوێن چۆڵکردن و پێشوازیکردن لە خوێنی نوێ گۆشە و ستوونە جیاجیاکانمان بگرێتەوە!

نازانم تا چەند (بە تەنیشت سیاسەتەوە) بە تەنیشت ڕەوشی سیاسیی وڵاتی کوردەوارییدا گوزەری کرد؟ بەڵام دەبێ ئەو هەقیقەتەش بڵێم، کە گەلێک جار نووسینەکان لە نێوەندی سیاسەت و لەناو گەمەکەدا بوون، نەک لە تەنیشتی، واتا لە جیاتی ئەوەی چاودێرێکی بێلایەن بن، لایەنگر و بەشدارێکی ڕاستەوخۆش بوون، هەڵبەتە هێندەی پانتایی گۆشەکە دەرفەت بدات. ئەمما پرسی هەڵسەنگاندنی (بە تەنیشت سیاسەتەوە)، ئەوا بۆ خوێنەران ماوەتەوە، ئەگەرچی دەکرێ لێرەدا شەفاعەتێک بکەم بەوەی ڕاستە نازانم چەندم پێکاوە، بەڵام ئەگەر حیسابی نیەتم بۆ بکەن، وای دەبینم نیەتم پاک و ئەنگێزەم برەودان بووە بە بەها جوانەکانی سیاسەت

لە هەلومەرجێکدا، کە پێدەچێ بەها و نەریتە جوانەکان، لە کوردەوارییدا، لە گەشانەوە و بوژانەوەدا بن.

دواجار جێی خۆیەتی لەدوا گۆشەدا سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم ئەم گۆشەیان خوێندەوەو چاویانی پێ ماندوو بوو. سوپاسی ئەوانە بکەم رەخنەیان لێ هەبوو و پێیان وتم کە نەدەبا وابا، دەبوا وابا! هەر وەک سوپاسی خۆشەیستانی (دەزگا و چاپی پەخشی سەردەم) بکەم، کە دڵیان نەشکاندم و سەد و یەک (بە تەنیشت سیاسەتەوە) یان بۆ چاپکردم، لەکاتێکدا دامەزراوەکەی ئەوان زیاتر هی ئەدەب و ڕووناکبیرییە، نەک سیاسەت و بە تەنیشتەکانی.

لە کەناری دەریایەکی نادیاری ئایندەی نووسین و ڕۆژنامەدا وەستاوم و (بە تەنیشت سیاسەتەوە)م، وەک تۆپەڵێک قۆڕ، وەک مشتێک زیخ و چەو لەنێو لەپدا هەڵگرتووە، بێ ئەوەی بەڵێن بە خوێنەران بدەم ستوون و شێوازی گوزارشتەکانی ئایندە چۆن دەبێت، دەمەوێ تووڕ هەڵی بدەمە نێو دەریاکەوە، بلا ماسیە گەورەکان، بلا نەهەنگە برسییەکان، لەتوپەتی بکەن!

یەک، دوو، سێ.. بڕۆ ئاوە و ئاوچی!

* وا (بە تەنیشت سیاسەتەوە) دەستی لەکار کێشایەوە، ڕەنگە هەشبن پرسیارێکی ڕەوا بکەن: ئەی خاوەنەکەی کەی؟

(وتلک الایام نداولها بین الناس).

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠٠٠/٢/٢٢

**نا، هەرگیز ماڵئاوا نا!**

لە ژمارەی ڕۆژی (٢٠٠٠/٢/٢٢) و لە حەیسیاتی داخستنی گۆشەی (بە تەنیشت سیاسەتەوە)دا، لە ژێر ناوی (پێکەوە نەخبی ماڵئاوایی دەخوێنەوە) نووسی بووم: وا بە تەنیشت سیاسەتەوە دەستی لەکار کێشایەوە. ڕەنگە هەشبن پرسیارێکی ڕەوا بکەن، ئەی خاوەنەکەی کەی؟ وتلك الايام نداولها بين الناس).

وا ئێستا پاش نزیکەی ساڵێکی تەواو بە سەر ئەو قسانەدا، پێدەچێ کاتی وازهێنانی خاوەنەکەشی، برای هەنگۆ، هاتبێ!

خوێنەری بەڕێز... هیچ لەوە ناخۆشتر نییە مرۆڤ عەزیزێکی خۆی، کە هەشت ساڵی تەمەنی لاوێتی خۆی بۆ بەخەرج دابێ، بەجێبێڵێ! بەڵام من ئەوە دەکەم، چونکە دڵنیام ئەو عەزیزەی دڵم هەورا دەگەشێتەوە و گوڵی جوانتر دەگرێ و بۆنی خۆشتر بەدەوروبەردا دەپڕژێنێ، ئەوە دەکەم و دەزانم هەروا لێیەوە نزیکم و بە دڵ و بە گیان چاودێری دەکەم و لەخزمەتیدا دەبم!

٨ ساڵی تەواو، بە شەو و ڕۆژییەوە، لەگەڵ هاوەڵەکانمدا باخەوانی باخچە خنجیلانەکەی کوردستانی نوێ بووین و گوڵی نووسینی هەمەڕەنگمان تێدا چاند. ٨ ساڵی تەواو، بە شەو و ڕۆژییەوە لەگەڵ هاوەڵەکانمدا پێشمەرگەی پارێزەری ڕێڕەوی ڕاگەیاندنی هەمیشە درەوشاوەی یەکێتیی بووین. ئەمڕۆ من ماڵئاوایی لە هاوەڵەکانی کوردستانی نوێ، لە پێشمەرگەکانی ڕاگەیاندن دەکەم، بەڵام ئومێدم وایە، وەک چۆن پێشمەرگە حەریفەکانی یەکێتی لە نەبەردی و تەنگژەکاندا ئیلتحاق بەسنگەرە ئەسڵییەکەی خۆیانەوە دەکەن، ئاوەها

منیش لە هەر فرمانێکی ڕاگەیاندن و کوردستانی نوێدا، ئەوەندەی پێم دەکرێ، و لێم داوا دەکرێ و ئەوەندەی ڕەزام گران نابێ، لەخزمەتدا بم.

هاوڕێکانم، هەرگیز نالێم ماڵئاوا، بەڵکو دەڵێم: گەردنم ئازاد بکەن و هەموو کاتێک پێکمانەوە بێ بە خۆشی!

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠٠١/٢/٦**

## هەموومان
## لە پاڵتۆکەی کوردستانی نوێ-وە دەرچووین

بەڕێز ستران عەبدوڵڵا، کە ماوەیەک وەک بەڕێوەبەری نووسین و ماوەیەکیش وەک جێگری سەرنووسەر لە ڕۆژنامەکەماندا کاری کردووە، لە یادی ١٠ ساڵەی کوردستانی نوێ دا بەم شێوەیە بۆ دوالاپەڕە دوا:

"کوردستانی نوێ دایکی ڕۆژنامەوانیی دوای ڕاپەڕینە، لە باوەشی پڕ سۆزی ئەو دایکەدا هەم وردە وردە بەشێک لە سیماکانی ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینە دەرکەوتن، هەمیش ڕۆژنامەوانی وا هەڵکەوتن، کە ئەمڕۆ بەشێکی میدیای کوردستان پێک دێنن.

ئەگەر نەوەی پێشڕەوی کوردستانی نوێ پێش کوردستانی نوێ-ش ناو و توانا و پێگەیەکیان لەناو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیی وڵاتەکەمان هەبووبێت، ئەوا نەوەی دوای ئەوان لە ڕیڕەوی کوردستانی نوێ، لەناو بەش و لاپەڕەکانیدا پەروەردە بوون و پێگەیین و بوون بە (زاتی بین المللی).

کوردستانی نوێ ئەگەر هیچ شانازییەکەیشی نەبێ، کە

زۆری هەیە، ئەوا هێندەی بەسە کە ئەو نەوە پێگەیشتووەی خستە خزمەت بازاڕی ڕۆژنامەوانییەوە، بۆیە ڕۆژنامەوانیی کوردیی لە دوای ڕاپەڕین قەرزاری کوردستانی نوێ-یە، کە ڕاپەڕینێکی نوێی بەرپاکرد و زمان و فەرهەنگ و زەمەنی (هاوکاری) پێچایەوە.

ئێمە هەموومان لە پاڵتۆکەی کوردستانی نوێ-وە دەرچووینو بە جادە و شوستەکانی وڵاتی بەرینی ڕۆژنامەوانی و کاری میدیاییدا پەرت و بڵاوبووین، بەڵام هەمیشە (کوردستانی نوێ) هەر بە ماڵەباوان دەمێنێتەوە.

بۆیە ئەم ١٠ ساڵە و هەموو ١٠ ساڵێکی پیرۆز و گەشەدار بێت، پیرۆز بێت لەوانەی جاران و لەوانەی ئێستا و لەوانەی ١٠ ساڵی تر لەم ڕێڕەوەی کوردستانی نوێ-دا ڕێبوار بوونو ڕێبوار دەبن!

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠٠٢/١/١٢**

## جا ساڵح-ەکەی خۆم باشترە

ستران عەبدوڵڵا (سەرنووسەر): ساڵی ١٩٩٣، کە هێشتا خوێندکاری زانکۆ بووم، زنجیرە وتارێکم لەسەر ئابووریی کوردستان لە کوردستانی نوێ نووسی، لە بیرەوەری شەهیدبوونی کاک ئارامدا وتارێکم لەسەر یادەکەی نووسی، کە دەنگدانەوەی باشی هەبوو لەناو خوێنەرانی کوردستانی نوێ دا.

بەو کەرەستانەوە لەگەڵ خوشکی بەڕێز، هاوڕێی خوێندکاریم: شیلان جەلال، ڕوومان کردە نووسینگەی جێگری سەرنووسەری ئەو کات، هەڤاڵ ئازاد جندیانی.

لەوێوە بەڵێنم وەرگرت، هەر کە تەخەروجم کرد، لە کوردستانی نوێ دابمەزرێم. لەبیرمە کاک ئازاد پێی وتم، شەرت نییە هەر بە ناوی (ستران)ەوە شت بنووسی، دەتوانیت جاربەجار بە ناوی (حەیران)، یان ناوی دیکەشەوە بۆمان بنووسی، بۆ ئەوەی ناوەکەت دووبارە نەبێتەوە.

هێشتا بڕیاری دامەزراندنم دەرنەچووبوو، بە پاداشت کارم دەکرد، کاک فریاد ڕواندزی بەڕێوەبەری نووسین بوو، بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی و وتی: "ئەم نووسینەت باشە، لەسەر کۆریای باکوور، بەڵام ناوی ستران بۆ بەشی سیاسەت نابێت".

وتم ئەی چی بنووسم، وتی: "بۆ نموونە، عەبدولفەتاح،".وتم: جا (ساڵح)ەکەی خۆم باشترە. ئیتر لەو وتارەوە دامەزرام.

لە کوردستانی نوێ تا ئەرکی جێگری سەرنووسەر چووم و ماوەیەکیش بەوەکالەت سەرنووسەر بووم.

ساڵی٢٠٠١ چوومە حکومەتی هەرێم و بووم بە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت و بەرپرسی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی حکومەت، چوار ساڵ لە حکومەت کارم کرد، ئینجا گەڕامەوە بۆ بواری ڕۆژنامەگەری و لەگەڵ دەستەیەک هاوپیشەدا خەندان بۆ پەخش و وەشاندنمان دامەزراند، ساڵی ٢٠٠٩ لە دوای هەڵبژاردنی ٧/٢٥ لە کوردستان، گەڕامەوە بۆ کوردستانی نوێ، تا نووسینی ئەم دێڕانە هێشتا لێرەم.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ٢٠١١/١/١٢**

**تەشریفات.. موزەکەرات!**

بیرەوەرییەکانی کاک فەرهاد عەونی لەسەر ژیانی ڕۆژنامەوانیی خۆی بە هەستێکی پاک و دۆستانە نووسراوە، تەنانەت لەو کاتانەی باسی دژواری ناخۆشییەکانی شەڕی ناوخۆی کوردستانیش دەکات. چەند لەگەڵی نەبین و بیرەوەرییەکانی بە بیرەوەری بەرەی بەرامبەری ڕۆژگاری شەڕ بزانین، ناتوانین ڕێز لە گێڕانەوەکانی نەگرین، ئەوەشی لە گێرانەوەی کاک فەرهاد ناڕازییە دەتوانێ خۆشی بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە و حوکمی کۆتایی بۆ مێژوو بەجێ بێڵێت.

بەڵام ئەوەی لە بیرەوەرییەکانی کاک فەرهاد سەرنجی منی ڕاکێشا، موعاناتی هاوبەشی هەموو میدیای حزبییە بە دەست هەواڵ و نووسین و راپۆرتی تەشریفاتییەوە. ڕێک وەک ئەوەی لای خۆمان و لای خۆتان و لای خۆیان وایە، خەبەری تەشریفاتیی ڕۆژنامە و کەناڵی میدیای حزبی دادەڕزێنێ و تەنانەت ئەرکی حزبیانەی ڕۆژنامە حزبییەکەش پەک دەخات، چ جای ئەرکی ڕۆژنامەوانیش.

تومەز دەردەکە هاوبەشە و کەلتوورەکە هی کوردە حەیاتەکەیە، جا حزبەکەمان هەر ڕێبازێکی هەبێ. ئەوەی لە کتێبەکەی کاک فەرهاد دەیخوێنیتەوە، لەسەر گلەیی‌و گازەندەی مەسئولەکان لەم و هی ئەویش لەوان، چیرۆکێکی دووبارەیە لە هەموو میدیای کوردیدا. ڕەسمەکەم و لێدوانەکەم و... کێشە ئەوەیە کەس ئیعتراف بەم گوشار و فشارە ناکات، حەتمەن برا حزبیەکانیشمان لە یاداشتەکانی خۆیاندا ئەم گوشارانە باس ناکەن، چونکە عادەتەن

یاداشتی ژیانی کەسایەتییە گشتییەکان هەڵمەتی پەیوەندییە گشتییەکان و لاپەڕەکانی بەشی باسکردنی کەموکوڕییەکان ناکات!

دەستخۆشی لە کاک فەرهاد عەونی دەکەم و نوخشە بێت لەو فەرهادانەی تری بیستوونی ڕۆژنامەگەریی کوردی، تا ئەوانیش داستانی عەشقی خۆیان بنووسنەوە و گێڕانەوەی موعاناتی تەشریفاتی تەواو بکەن، کە لە سەدەی بیستەم دەستی پێ کردووە و وا خەریکە دوو دەیەی سەدەی بیستویەکیش بە خۆیەوە ئاڵودە دەکات.

**وێستگەی مامۆستا مەحمود**

بە شانازییەوە کوردستانی نوێ، کوردستانی نوێکەی سەرۆک مام جەلال، ئەم دووتوێ تایبەتییەی سێبەر و سایە دەکاتە دیارییەکی بچووک بۆ ڕێوڕەسمی یادی مامۆستا مەحمودی مەلا عزەت، کە دەکرێ ڕۆژی یادەکەی، یادی سەرفرازی و شانازیش بێت بۆ هەموو زیندانیانی خۆڕاگر و بەورەکانی سەبری ئەیوب لە بەرامبەر ستەمکارانی بەعسدا.

بۆ ئێمە لە کوردستانی نوێ، مامۆستا مەحمود هەر مێژوونووس، ڕووناکبیر و کەسایەتییە کوردپەروەرە دیارەکەی شاری کوردایەتی و شۆڕش، شاری سلێمانی نییە، بۆ ئێمە مامۆستا مەحمود سەرنووسەری قۆناغێکی گرنگی ڕەوتی ڕۆژنامەکەشمانە، قۆناغی دەیەی دووەمی تەمەنی کوردستانی نوێ، کە قۆناغی جێگیرکردنی پرەنسیپە ڕووناکبیری و فەرهەنگییەکانە، بە جۆرێک ڕۆژنامەکەی یەکێتی سەردەمی پێویستی حزبیانەی خۆناساندن تێپەڕێنێ و ببێتە ڕۆژنامەیەکی گشتیی نیشتمان. ئەو ڕەهەندە هەر بە خاوەن نەزەران

و ڕووناکبیرانی وەکو مامۆستا مەحمود دەکرا، کە مێژوونووس، ڕووناکبیر و کوڕی کایەی سیاسەتی فراوانترە لە حزبایەتی، ئەگەرچی ئەو خۆشی حزبییەکی مولتەزیم و بەئاگا بوو.

بۆ ئەو ئامانجە، مامۆستا مەحمود هەموو شارەزایی خۆی، هەموو سەنگی کارایی خۆی لەناو یەکێتی و بزووتنەوەی کوردایەتی و هەموو تۆڕی فراوانی پەیوەندی و ناسیاوی خۆی لە بواری ڕووناکبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا خستە خزمەتی کوردستانی نوێ-وە.

لە قۆناغی دووەمیشدا کوردستانی نوێ خۆی ناوبوو، ناوی مەحمودی مەلا عززەت کوردستانی نوێی درەوشاوەتر کردو ڕۆژنامەکەی خستە بەردەم بەرپرسیارێتی ئەوەی بەو نازناوەوە لێپرسراوێتی سەرشانی خۆی وەکو ڕۆژنامەی حزبێکی نیشتمانیی خاوەن بەرپرسیارێتی و خاوەن دیدی کراوە و ڕوون لەسەر ئەرکەکانی سیاسەت و ڕووناکبیری و ئەرکەکانی میدیا باشتر جێبەجێ بکات.

کوردستانی نوێکەی سەردەمی مامۆستا مەحمود، لەبەر ئەو سەنگە ناوی پەیداکرد کە چۆنایەتی بوو با ماوەکەشی کەم بێت. بەو مێژووە کەمەی سەرنووسەرێتییەوە، کوردستانی نوێ خۆی لە درەختی ڕەگ ئاژۆی مێژوونووس و ڕووناکبیر و تێکۆشەرێکی وەکو مەحمودی مەلا عززەت ئاڵاندووە، تا ئەو دەورانە بخاتە سەرباری دەورە گەورە نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراتییەکەی خۆشی لە خزمەتی کوردی دوای ڕاپەڕین و کوردستانی نوێ-دا، بەسەربەرزییەوە بڵێ لەم وێستگە بیست و شەش ساڵییە پڕ خزمەتەدا، ساڵانم لەگەڵ مامۆستا مەحمودیش هەیە.

یادی بەخێر بێ و سێبەر و سایەی خزمەتەکانی و خەونەکانی هەر بمێنێ.

**(ئەژین)**

وێستگەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەوان و تێکۆشەری بواری میدیایی زۆری بەخۆیەوە بینیووە، کە هەریەکەیان تەمەنێکی درێژ، یان نێوەنجی، لە کایەی خزمەتکردندا بەسەر بردووە. تەمەنی خزمەتی خوشکەکەمان، ئەژین خان تەمەنێکی کورت بوو، بەهارێ بوو، بەڵام بە قەدەر دەوڵەمەندی و ژیانپەروەریی بەهاریش تەمەنێکی بەبەرەکەت بوو.

مەعلومە، کە فۆتۆگرافی وەک کایەیەکی گرنگی ڕۆژنامەوانی درەنگ کەوتە بواری جێی بایەخی میدیای کوردییەوە، بە ڕۆژنامەکەی ئێمەشەوە. ئەوسا و ئێستاش نووسین لە پێشترە. ئەژینی فۆتۆگرافەر لەو ڕۆژنامەنووسانەیە، کە دەسپێکێکی نوێیان لە کوردستانی نوێ و ڕۆژنامەوانی دەست پێ کرد. بایەخدان بە وێنە وەک بەشێکی گرنگی کاری ڕۆژنامەنووسی و وەک کایەیەکی خاوەن کەسێتی لەنێو کایەکانی ڕۆژنامەوانیدا. جا لە چەند ساڵی کەمی ئیشکردنی ئەژیندا هەمیشە لە چالاکیدا بوو، هەمیشە لە کۆڕو سمینار و لەناو هەواڵەکان و لەناو دیمەنی جوڵاوی ژیاندا بوو، لە بازاڕ، لە خۆپیشاندانەکان، لە ڕێورەسم و لە بۆنەی خۆشی و تازێباریدا بووە. هەمیشە پێشنیازی سەردانی بەرەکانی جەنگ و چوون لەگەڵ تیمێکی ژنان، گرووپێکی ڕۆژنامەنووسان و سازکردنی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی لە گیرفاندا بووە. هەمیشە، لە هەر ڕوومالێکی هەواڵدا، لەگەڵ خۆی، شیرینی فۆتۆستۆرییەک، بیرۆکەی ڕیپۆرتاژێکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بۆ کارێک چووە چواری دیکەی وەک

خەزین هێناوەتەوە. تیمی تازەی ڕۆژنامەوانانی کوردستانی نوێش لەگەڵ ئەم دۆخە گەشەکردووەی ڕۆژنامەدا گونجا بوون، کە وێنەی سەروەر دەکرد و ئەژین-یش لەو کەشەدا خۆی و تواناکانی خۆی دۆزییەوە و پەرەی پێ دا، تا بووە ناوێکی دیار.

کچەکەی کوردستان نوێ لە وەختێکدا هاتە کوردستانی نوێ، کە بەهۆی دۆخی دارایی وڵاتەوە زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی کچ ناچاری فەرمانبەریێتی حکومەت بوون و ئەو بوارە پڕ مەشقەتەیان پێ تەواو نەکرا. ئەژین بە چالاکی و بزێوی خۆی مێینەبوونی کوردستانی نوێی بوژاندەوە و نەیهێشیت وەک مەکتەبی شەوانی لێ بێت. هەرچەندە هەموو جارێک، کە وێنەی ستافی دەگرت، کارمەندەکان پیاو بوون و وێنەگر لە وێنە دەرنەدەکەوت، بەڵام دەسترەنگینی ژنانەی ئەژین بە کارەکەیەوە دیار بوو، زیاتر لەوەی ڕەگەزی کارەکتەرەکانی وێنەکە چۆن بوو و کێ بوون؟

ئەژین ئاوەدانی و بەهرە و هونەری فۆتۆگرافی بوو لە ڕۆژنامەکەماندا، بۆیە کۆچەکەشی حەسرەت بوو بۆ ئێمە و هاوپیشەکانیشی. ئێستا، کە ئەم ئەلبوومە بۆ یادەکەی ساز دەکەین، گەرەکمانە بڵێین ئەژین لە ئەلبوومی یادەوەری و ئەندێشەی خزمەتکردنی کوردستانی نوێدا هەمیشە لۆگۆیەکی چوست و چالاک و گوڵێکی ڕەنگینی باخچەکەمانە، کچی خۆمانە و لەیادی ناکەین.

کچی شەهیدە و ناز و ناوی لە یادەوەری ڕۆژنامەی حزبی شەهیداندا لە دڵ و دەروونماندایە.

## باسی پێنجەم:

# غەزەتەی کوردی لە جەنگی گێتی دا

جەنگی جیهانی یەکەم، نەک هەر شەڕی دابەشکردنەوەیەکی تری کوردستانی دابەشکراو بوو، بەڵکو شەڕی بە بێدەنگی ڕاگرتنی ڕۆژنامەگەریی کوردیش بوو، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە دەستی پێ کرد و ماوەیەک لە قاهیرە و پایتەختەکانی ئەورووپا گاگۆڵکێی دەکرد، لە ئیستانبوڵ کۆمەڵ و یانە کوردییەکان بڵاوکراوەی کوردییان دەستدابوویە، کە هەر خۆشی ئەو بڵاوکراوانە (ژین و کورد و ڕۆژی کورد) سەکۆی دەستپێکردنی خوێندنگەی ئیستانبوڵ بوو لە کوردایەتیدا.

ئیستانبوڵی عوسمانلی، پایتەختی دەستەبژێری سێ بەشی کوردستانی عوسمانی بوو، کە کەڵکیان لە کرانەوەی سیاسیی دوای لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم وەرگرت و دەستیان دابووە خەباتێکی ڕۆشنگەری.

جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) دەرفەت بوو بۆ فشەکەرەکانی ئیتیحاد و تەرەقی، تاوەکو ئەو کەمە ئازادییەی کورد لە سێبەری کرانەوەی عوسمانلیدا وەک نەتەوە و

گرووپەکانی تری ئیمپراتۆریا بەری کەوتبوو، قۆڵبەستی بکەن و بە کۆمەڵە و ڕۆژنامەکانەوە دای بخەن.
لەو ماوەی جەنگەدا، هەموو گەلان، هەریەکەی لە قوژبنێک، بڵاوکراوەیەکی هەبوو کە حیکایەتی خۆی لە ماڵوێرانی ئەو جەنگەدا بگێڕێتەوە، کورد نەبێ. کە جەنگ تەواو بوو، گێمێکی تری کوردستانی بەدرخانیان لە مەنفای ئەورووپا گەڕایەوە و لە ئیستانبوڵ دەرچووەوە، تا وەعدەی پەرەسەندنی کەمالیزم، ئیتر نەک (کوردستان)، بەڵکو کورد بوونیشی داخست و قەدەغە کرد. جا چونکە خوا دەلیلی داماوە، ئینگلیزی گاورستان لە بەغدای پایتەختی عەباسی قەدیم، ڕۆژنامەیەکیان گوایە بۆ (تێگەیشتنی ڕاستی) دەرکردو دانەیەکیشیان بۆ (پێشکەوتن)ی کورد لە سلێمانی دامەزراند، هەتا ئەزموونەکەی شێخ مەحمود پێگەیی و لەگەڵ دامودەزگای حوکمداریشیدا ڕۆژنامەگەریشی کورداند و ئەو سەکۆیە بووە باعیسی گەشەکردنی خوێندنگەی سلێمانی لە کوردایەتیدا.
جەنگی جیهانی دووەم، بە پێچەوانەی یەکەمەوە، دەرفەت هەبوو تا ڕۆژنامەی کوردی کەم و زۆر حیکایەتی جەنگ بە حەرفی کوردی و بە بەیت و باڵۆرەی کوردییەوە بگێڕدرێتەوە.
لە مەهاباد بڵاوکراوەی کوردی ئازاد چاپ بوو، کە یەکیان لە (کوهستان)ی ئەردەلانییەوە سەفارەتی کوردی لە تاران ئاوەدانکردەوە.
ئینگلیز لە بەغدای نوری سەعید (دەنگی گێتی تازە)ی هەبوو، کە هەر خۆی گێتییە کۆنەکەی ئیستعمار بوو.

ئەمریکای تازە بابەتیش (پەیام)ی باڵیۆزخانەی هەبوو، کە بە زمانی شیرینی کوردی و بە تەکنیکی جوانی ڕۆژنامەگەریی ئەمریکایی گەرەکی بوو بڵێ، دونیای تازە بۆ ئەمریکایە و خۆتانی لەگەڵ بگونجێنن. شتێک کە پێناچێ تا ئێستا دەستەبژێری کورد لێی حاڵی بووبێت (واللە اعل).

فەڕەنسی و ڕۆژئاوایی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، کوردی بەدرخانیان لە خولێکی تری ڕۆژنامەگەریی پایەدار کرد، وەک بڵێی قەرەبووی ڕووخاندنی قەڵای حکومەتی (بۆتان)مان بۆ بکەنەوە. گوتیان ئەوی لە گۆڤاری سەنگینی (هاوار) لەسایەی کرانەوەی فەڕەنسی لە سوریا کردتان و سەرکەوتن، وەرنە لوبنان گۆڤارێک بۆ ئێمە دەربکەن و جەنگمان بە کوردی لاتینی بۆ بگوێزنەوە. ئەوەشیان سەری گرت و کورد لەو دەرفەتەش زمان و کەلتووری خۆی خستنەوە گەڕ.

جەنگی دووەم تەواو بوو، پارەش خەلاس بوو. کۆماری مەهابادیش خەلاس بوو، لێ ئەوەی گرنگ بوو کورد لە جەنگی دووەم پێچەوانەی جەنگی یەکەم گێڕانەوەی خۆی هەبوو.

ئەوە لە دڵدا مایەوە وەک گرێیەکی دەروونی، کە لە جەنگی یەکەمدا ڕازی کوردی بە پەنهانی مایەوەو نەچووە سەر کاغەزی غەزەتە.

لە ڕۆژی ٢٠١٨/١١/١١، کە سەعات (١١) سەد ساڵ بەسەر جەنگەکەدا تێپەڕی و سەرکردە زلەکانی وڵاتانی زلهێز لە پاریس کۆبوونەوە. لێرە، لە سلێمانی، لە باشووری کوردستان، لە جێی بەگ و شازادە و ئەفەندی، مانەندی

پیرەمێرد و کەرکوکلی زادە و شێخ نوری شێخساڵح و ڕەفیق حیلمی. بەلەنگاز و کرمانجی کورد گێڕانەوەیەکی کوردییان لەسەر جەنگەکە نووسییەوە.

بەم جۆرە غەزەتەچی دوو مانگ مەعاش وەرنەگری کوردستانی نوێ بە هاوکاریی ئیدریس جەبار سەرپەرشتیاری دووتوێی ڕەوتەکان، هەشت لاپەڕەیان کردە خەڵات و لەگەڵ ژمارە (٧٧١٢)ی رۆژی (٢٠١٨/١١/١١)ی کوردستانی نوێدا پەخش و پەرێشانیان کرد.

کورد دەڵێ قەرز کۆن دەبێت، بەڵام نافەوتێت.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٨/١١/١٦**

**باسی شەشەم:**

# سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان یەکەم سەرنووسەری کوردستانی نوێ-یە

سەرۆکی ئێستای پەرلەمانی کوردستان، د.ئەرسەلان بایز، یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ-یە، کە لە ماوەی نێوان (١٩٩٢/١/١٢) بۆ ڕۆژی (١٩٩٣/١١/٢٢) سەرنووسەری ڕۆژنامەکەمان بووە.

د.بایز ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارێکی دێرینی یەکێتییە، ماوەیەک لە شاخ بەرپرسی ڕاگەیاندن، دوای راپەرینیش بووە سەرنووسەر و ماوەیەکیش بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندن بوو بە وەکالەت. دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی هەیە و تێزی دکتۆراکەی ئاوێتەکردنێکی ئەدەب و بواری ڕاگەیاندنە.

د.بایز هەروا ستوونووسێکی دیاری ڕۆژنامەکەمان بوو، چەندین ساڵ بیرەوەری (ڕۆژانی سەخت)ی بڵاودەکردەوەو لە دوو ساڵی ڕابردوو و تا سەرەتای ئەمساڵیش گۆشەی (پەنجە) ی دەنووسی لە ڕۆژانی یەکشەممە و چوارشەممە، کە زۆرجار مشتومڕو گفتوگۆی لە نێوەندی سیاسی و میدیای لێ دەکەوتەوە.

شایانی باسە، دیاردەی بوونی سەرنووسەر و ڕاگەیاندنکاران

له کاری دەوڵەتی و ئۆرگانەکانیدا له کوردستانی دوای ڕاپەڕین جێی سەرنجه و بەشێکی ئەو سەروەرییه بەر کوردستانی نوێ کەوتووە: د.فوئاد مەعصوم خاوەنی ئیمتیازی کوردستانی نوێ، یەکەم سەرۆکی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانه که هەر خۆشی یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئینتیقالی دوای ڕووخانی سەدام و ئێستاش سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانه له ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق. دووەم سەرنووسەری کوردستانی نوێ، فەرەیدون عەبدولقادر، ماوەیەک وەزیری ناوخۆ و ماوەیەکی دیکەش پارێزگاری سلێمانی و ماوەیەکیش سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەوەکالەت (ئیدارەی سلێمانی) بوو.

سێیەم سەرنووسەر فریاد ڕواندزی پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی کوردستان له بەغدا و وتەبێژی هاوپەیمانی بووەو له هەمان کاتیشدا سەرنووسەری (الاتحاد)ی دەسته خوشکمانه و دەگوترێ پاڵێوراوی وەزیریشه (والعەده على الراوی). له باسی ڕۆژنامەی (الاتحاد)دا د.کەمال فوئاد خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکه ماوەیەک سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ماوەیەکیش به دەوری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بووە، ماوەیەکیش جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) بوو. سەرنووسەری دووەمی هەمان ڕۆژنامە، عادل موراد، ماوەیەک باڵیۆزی عیراق بوو له وڵاتی ڕۆمانیا. خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی (برایەتی) پارتی هاوپەیمانمان، خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق سالم یەکەم سەرۆکی یەکەم پەرلەمانی کوردستان بوو. سەرنووسەری دەورانێکی باشی هەمان ڕۆژنامە، فەرهاد عەونی، ئەندامی

ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق بوو لە بەغدا.
لە پەرلەمانی ئێستای کوردستاندا کە یەکەم سەرنووسەری کوردستانی نوێ سەرۆکایەتی دەکات. نوخشەش بێت لەوانی دیکە.
ئەم سەرنووسەرانەش کاری پەرلەمانتاری دەکەن:
-عەدنان عوسمان پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان سەرنووسەری پێشووتری ئاڵای ئازادی، هاووڵاتی و سەرنووسەری پێشووتری ڕۆژنامەی (رۆژنامە).
- عومەر عەبدولعەزیز سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی یەکگرتوو.
- عەبدوڵڵا حاجی مەحمود خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی.
لەوانەیە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤار و مانگنامەش هەبن چ لێرە و چ لەبەغدا، چ لە پەرلەمان و چ لەحکومەتدا کە هەر ئەم ناوانەمان لەبیرە، کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری کابینەی شەشەم. سەردار عەبدوڵڵا ئەندامی پەرلەمانی عیراق (فراکسیۆنی گۆڕان و یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی (رۆژنامە) ی کۆمپانیای وشە سەرنووسەری ڕۆژنامەی جارانی رۆژنامەی هەرێمی کوردستان).
جا لەهەموویان پیرۆزە، بە تایبەتیش لە سەرۆکی ئێستای پەرلەمان و یەکەمین سەرنووسەرمان و نوخشەش بێت لەوانەی دوای سەرنووسەری ئێستا، کە لە وەزیفەی حکومەتییەوە هاتۆتەوە!.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٢/٢/١٦

# ئێستا کاتی گلاسنۆستە!

**پێشکەشە بە (بچووک بەڵام)ی ژمارە (١١٧٦)ی رۆژی ١٩٩٥/١٢/٢٧**

دەڵێن ڕۆژنامەنووس لەپێناوی داگیرساندنی جگەرەیەک ئامادەیە دارستانێک بسووتێنێ، بەڵام ئایا ڕۆژنامەوانانی کورد ئاوەها (لیبڕالیانە)، تا نەڵێم (بەرەڵایانە)، لەگەڵ کاری پڕ شەرافەتمەندی ڕۆژنامەنووسیدا مامەڵەیان کردووە؟ یان ئەوان دەخوازن پەیامێکی پیرۆز بە نێو تەلبەند و تولە ڕێگاکانی سانسۆرە هەمەچەشنەکاندا دەرباز بکەن و بیگەیەننە مەنزڵگایەکی ئارام؟ ئەز بەش بە حاڵی خۆم نە جگەرەکێشم و نە لە پایتەختی نیشتمانەکەشمدا دارستانێکی وا شک دەبەم ڕۆحی شەرانگێز و سەرچڵی ڕۆژنامەوانیم پەلکێشی کاری سوتاندن بکات!

ئێستا لە دڵەوە بۆ دڵ قسەتان لەگەڵدا دەکەم، زۆر جار قەناعەت بەخۆم دێنم، کە ڕۆژنامەوان پەیامێکی پیرۆزی لەئەستۆیە و دەبێ لەم پێناوەدا بەرگەی هەموو ئاستەنگییە دەستکردەکان بگرێ و گرفتە لاوەکییەکان بەلاوە بنێت. بەڵام سەرەنجام لە ساتەوەختێکدا دەپرسم شاوول و قیبلەنومای

ئەو پەیامە پیرۆزە چین، تاوەکو خۆم و هاوپیشەکانم پێوەی پەیوەست بین؟

من گرفتەکە بە تەنها لە خۆم و لە دۆخی ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا نابینمەوە. کۆمەڵگەی کوردستان لە ئاستی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری دا بە قۆناغێکی ڕاگوزەریانەدا تێپەڕ دەبێ، کە تێیدا هەموو توخمە پێکهێنەرەکانی ناجێگیرن، بەهاگەلێک دەڕۆن و هێشتاش سیماکانی بەها و نەریتەکانی ئایندە دەرنەکەوتوون.

مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکی شیرازە تێکچوودا، لە وڵاتێکدا کە دوژمنانی دەرەوە و ناوخۆ لێناگەڕێن حکومەت و پەرلەمانەکەی جێگیر بن، لە وڵاتێکدا کە یاسا و کەرامەتی مرۆڤی تێدا پێشێل بکرێ و هەوڵەکانی تیرۆر تا پلەی ڕەمزی حکومەتەکەش هەوراز هەڵکشێ، لە مەڵبەندێکی ئاوەهادا کە ڕۆژانە ڕووداوەکان، ئاڕاستەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی، سەنگەرەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ، داخوا ڕۆژنامەنووس چۆن پەیامە پیرۆزەکەی سەربخا و ڕۆژنامەگەری بکاتە پەرستگای (حەقیقەت). هەڵبەتە ئەو حەقیقەتە نا کە لە ڕۆژنامەی (پراڤدا) ی سۆڤێتیدا برەوی هەبوو!

بە ڕاستی موعجیزەیە، کە بتوانی لە زێدی شەڕی ناوخۆدا، لە وڵاتێکی وێرانەدا خۆت ون نەکەی، چ جای پەیامەکەت!

لە ماوەی تەمەنی ساوای خۆیدا (کوردستانی نوێ) بە دەنگی دلێر ستایشی سەرکەوتنەکانی ئەزموونی دیموکراتیی کوردستانی کرد، جاربەجاریش ڕەخنە و گلەیی دۆستانەی لە هەردوو دەستکەوتە نەتەوەییەکە (پەرلەمان و حکومەت) و دامودەزگاکانی تر گرت. لەو ماوەیەدا پەخشان و ستوونەکانی

(ک.ن) یادی شەهیدانی بەرز ڕاگرت و داستانەکانی پێشمەرگەو نەبەردییەکان و ئەدەبیاتەکانی شاخی بەسەر کردەوە. ڕیپۆرتاژ و کارە ڕۆژنامەنووسییەکانی بچووکترین گوندە ئاوەدانکراوەکانی بەسەر کردەوە. تا سەردەمی شەڕی ناوخۆ، چونکە وڵات بەرەو درەوشانەوە دەچوو. (ک.ن)یش گۆرانی بۆ ئاو و ئاوەدانی دەگوت، باشتر دەپەرژایە سەر دەرخستنی سەرکەوتن و بەرەوپێشەوە چوونی کێشەی سیاسی کورد و.. هەرواش دەرفەتێکی بۆ سەرکەوتنەکانی دەنگی دیموکراسی و ئاشتی و ئاشتبوونەوەی لە هەموو دونیادا هێشتبۆوە. وەختێکیش بە فیتی دوژمنانی دەرەوەو (پارتی) لەناوەوە شەڕی ناوخۆ بەرۆکی گرتین. (ک.ن) بەرگی پێشمەرگەی لەبەر کرد و شەو ڕۆژی پێکەوە گرێدا لەوێ بە دوا کوردستانی نوێ بڵندگۆی ڕیسواکرنی گومرگ دزەکانی کوردستان بوو، پلاچکتوری ئاشکرابوونی زرێپۆشەکانی تروادە بوو. لەو ماوەیەدا کوردستانی نوێ مەترسییەکانی هەماهەنگی (پارتی) و دوژمنانی بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون کردەوە و (جەوهەر گێت) و (سامی گیت) ی مەحکووم کرد. بە دەم سرودی نەبەردییەکانی پێشمەرگە لە ئازاری (١٩٩٥)-دا لە دژی ڕژێم و بەدەم نزای:

(خوایە پایتەختمان لە خیانەتکاران بپارێزی)-وە پێشمەرگەکانی (ک.ن) چاویان هەر لە گەڕانەوەی ڕۆژەکانی ئاوەدانی و رپیۆرتاژەکانی ئاسایی بوونەوەی بازرگانی و داشکاندنی بازاڕ بوو. چاویان لەو هەواڵ و دیدارە ڕۆژنامەنووسیانە بوو، کە باس لە دابینبوونی تەواوی کەرەستەکانی خوێندن و تەواوی پێداویستییەکانی

نەخۆشخانە و نەوت و کارەبا دەکەن و موژدەی کارگەیەکی پیشەسازی و ئامارێکی گەشبینانە بە خەڵکی ڕادەگەیەنن.

دوای ئەم هەموو سەروەرییانە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە (کوردستانی نوێ) بەندی دیکە و ئەرکی زیاتر بخاتە خشتەی کاری خۆیەوە؟ پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئێمە هەر ئیکتفا بەو سەروەرییانە بکەین و ڕۆژنامەکەمان لە ئاستێکی دیاریکراوی پەرەسەندن ڕابگرین؟ یاخود ئەرکەکانمان لەگەڵ دەرکەوتە تازەکانی کوردستاندا هاوجووت بکەین و لەگەڵیشیدا (کوردستانی نوێ) لە چەقبەستن دەرباز بکەین؟

من پێم وایە لەم ساڵەوە ڕەوتی ڕووداوەکان، چ بەنیسبەت ی.ن.ک بە تایبەتی و چ بەنیسبەت بارودۆخی سیاسی بەگشتی، لە گۆڕان و پەرەسەندنێکی هێندە بەپەلەدان، کە بەم ڕێڕەوەی ئێستاوە زەحمەتە بە چاکی فریای کەوین، چ جای ئەوەی لە ئاستیدا هەڵوەستە بکەین و لایەنە سەلبی و ئیجابییەکانی پۆلێن بکەین.

ئەمساڵ بە پێی بانگەوازی بەرێز مام جەلال و زنجیرە کۆبوونەوەکانی (ی.ن.ک) لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٥)دا، ساڵی مافی مرۆڤە، ساڵی بەگەڕخستنەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، ساڵی خۆ ڕێکخستنەوەی حزبی و حکومی، ساڵی قۆستنەوەی هەلومەرجەکانی درز تێکەوتنی تەلاری دیکتاتۆریەت و ڕزگارکردنی کەرکوک و خانەقین و هێنانەکایەی عیراقێکی فیدڕالییە، ساڵی دەیان و دەیان ئەرکی ترە، کە بەدەنگەوەهاتنی هەریەک لەو ئەرکانە وا دەخوازێ (کوردستانی نوێ) بێ سڵەمینەوە ئازادانەتر تەجاوبی لەگەڵدا بکا و لە ساڵی مافی مرۆڤدا ڕوونتر ئەو

پێشێلکارییانە ئاشکرا بکات، کە بوونەتە هۆی ناوزڕاندنی مەسەلە نیشتمانییەکەشمان (هەروەکو لە ڕاپۆرتی ئەمنستی نێودەوڵەتیدا هاتووە)، لە ساڵی بەگەڕخستنەوەی دامودەزگا حکومییەکاندا، بەجورئەتتر کاروبارەکانیان هەڵبسەنگێنێ و ڕاستییەکان بۆ خەڵکی دەربخات.

بێگومان ئەم ئەرکانە (دارستان سوتاندن) نین و هەرگیزیش ئەرکەکانی ترمان لەبیر ناباتەوە (ئەرکی ڕیسواکردنی گومرگ دزان و زرێپۆشی بەخشینەران!)

هەڵبەتە لەم (گلاسنوست)ەشدا (کوردستانی نوێ) بەپیر بانگەوازەکەی مام جەلال و کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیەوە دەچێ و دڵسۆزانە پەیڕەوی لە بەندی چوارەمی ئامانجە سیاسییە گشتییەکانی بەرنامەی پەسەندکراوی یەکەمین کۆنگرەی ی.ن.ک-دەکا، کە من بەش بە حاڵی خۆم، چونکە پەیوەندی بە پیشەکەمەوە هەیە، ئەزبەرم کردووە (مسۆگەرکردنی زەمینەی ژیانی دیموکراتی و ئازادیی فیکر و ئازادیی ویژدان و دین و مەزهەب و کار. دەربڕینی بیروباوەڕ. ئازادیی ڕۆژنامەنووسی..هتد.)

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٦/١/١٢



کامپ

عەباس دۆدایف: سلێمانی دەکەم بە گرۆزنی!

سەروتار

ڕێنمایی بۆ دانیشتوانی کامپ

لە دێڕێکدا:

ڕۆژنامەی کامپ.. ڕۆژنامەگەریی گاڵتەوگەپ لە ڕۆژانی تراژیدیادا.




هەولێر.. ساڵی ١٩٩٢ ساڵی ڕۆمانسی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە نموونە.



71

سێبەر و سایە

دووتوێی هەفتانەی کەلتوریی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیە ئەم ژمارەیە تایبەتە بە مەحمود مەلا عززەت

ساڵی بیستو شەشەم ژمارە: (٧٣٣٦) چوارشەممە ٩ / ٨ / ٢٠١٧ ١

# مەحمود مەلا عززەت، کاروانێک کە هەرگیز کۆتایی نایەت

## وێستگەی مامۆستا مەحمود

بە شانازییەوە کوردستانی نوێ، کوردستانی نوێکەی سەرۆک مام جەلال، ئەم دووتوێ تایبەتییەی سێبەرو سایە دەکاتە دیارییەکی بچووک بۆ ڕێوڕەسمی یادی مامۆستا مەحمودی مەلا عززەت، کە دەکرێ ڕۆژی یادەکەی، یادی سەرفرازیو شانازیش بێت بۆ هەموو زیندانیانی خۆڕاگرو بەوورەکانی سەبری ئەیوب لە بەرامبەر ستەمکارانی بەعسدا.

بۆ ئێمە لە کوردستانی نوێ مامۆستا مەحمود هەر مێژوونووس، ڕووناکبیرو کەسایەتییە کوردپەروەرە دیارەکەی شاری کوردایەتیو شۆڕش، شاری سلێمانی نییە، بۆ ئێمە مامۆستا مەحمود سەرنووسەری قۆناغێکی گرنگی ڕەوتی ڕۆژنامەکەشمانە، قۆناغی دەیەی دووەمی تەمەنی کوردستانی نوێ کە قۆناغی جێگیرکردنی پرەنسیپە ڕووناکبیریو فەرهەنگییەکانە بەجۆرێک ڕۆژنامەکەی یەکێتی سەردەمی پێویستی حزبییانەی خۆناساندن تێپەڕێنێو ببێتە ڕۆژنامەیەکی گشتی نیشتمان. ئەو ڕەهەندە هەر بەخاوەن ئەزموونو ڕووناکبیرانی وەکو مامۆستا مەحمود دەکرا کە مێژوونووس، ڕووناکبیرو کوڕی کایەی سیاسەتی فراوانترە لە حزبایەتی، ئەگەرچی ئەو خۆشی حزبییەکی مولتەزیمو بەئاگا بوو.

بۆ ئەو ئامانجە مامۆستا مەحمود هەموو شارەزایی خۆی، هەموو سەنگی کارایی خۆی لەناو یەکێتیو بزووتنەوەی کوردایەتیو هەموو تۆڕی فراوانی پەیوەندیو ئاسپاوی خۆی لە بواری ڕووناکبیریو سیاسیو کۆمەڵایەتیشدا خستە خزمەتی کوردستانی نوێ‌وە.

لە قۆناغی دووەمیشدا کوردستانی نوێ خۆی ناوبوو، ناوی مەحمودی مەلا عززەت کوردستانی نوێی درەوشاوەتر کردو ڕۆژنامەکەی خستە بەردەم بەرپرسیارێتی ئەوەی بەو ئارزناوەوە لێپرسراوێتی سەرشانی خۆی وەکو ڕۆژنامەی حزبێکی نیشتمانیی خاوەن بەرپرسیارێتیو خاوەن دیدی کراوەو ڕوون لەسەر ئەرکەکانی سیاسەتو ڕووناکبیریو ئەرکەکانی میدیا باشتر جێبەجێ بکات.

کوردستانی نوێکەی سەردەمی مامۆستا مەحمود لەبەر ئەو سەنگە ناوی پەیداکرد کە چۆنایەتی بوو با مارەکەشی کەم بێت. بەو مێژووە کەمەی سەرنووسەرێتییەوە، کوردستانی نوێ خۆی لە درەختی ڕەگ ئاژۆی مێژوونووسو ڕووناکبیرو تێکۆشەرێکی وەکو مەحمودی مەلا عززەت ئاڵاندووە تا ئەو دەورانە بخاتە سەرباری دەورە گەورە نیشتمانیو نەتەوەییو دیمەکراتییەکەی خۆشی لە خزمەتی کوردی دوای ڕاپەڕینو کوردستانی نوێ‌دا، بەسەربەرزییەوە بڵێ لەم وێستگە بیستو شەش ساڵییە پڕ خزمەتەدا، ساڵانم لەگەڵ مامۆستا مەحمودیش هەیە.

**یادی بەخێر بێو سێبەرو سایەی خزمەتەکانیو خەونەکانی هەر بمێنێ.**

**کوردستانی نوێ**



**یادێک لە مەحمودی مەلا عززەت.**



سەرنووسەرەکانی کوردستانی و بەرپرسەکانی و پشیگیرییەک
لە مێژووی کوردستانی نوێ و ڕۆژنامەگەریی کوردی.



Proletared həmu dьnjaje bь çьvьn!

# RJA ȚƏZƏ

Seşəm 25 adare 1930 sale

Organ şeWra mьlete bcuk l komisariata mьarьfje Ermənistane u komita əlьfbaje təzə kyrmançi

№ 1

“Əlifвaje təzə l şərqe inglaвəkə məzьnə„

(Lenin)

## Inglaвa oktjaвre u əlьf-вaje təzə

## TƏBRIK

Lenin

بەپانایی و درێژی کوردستان مێژوویەک لە خەباتی سیاسی و ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامەگەریی کوردی.





Sal 1 — Hejmar 11

Duşemb 12 Tîrmeh 1943

Kiriyariya Roja Nû; ji bona erdên Sûriye û Libnanê: 10 lîreyên Sûrî; ji bona welatên din 2 lîreyên ingilîzî. Bihayê Hejmarekê: 10 Qemerî.

# ROJA NÛ

XWEDÎ Û GERÎNENDE: MÎR Dr. KAMIRAN ALÎ BEDIR-XAN

Dîwan û gerînendekariya Rojnamê: Bêrût-Birc; Weqif Tabet, Telefona Dîwanê: 74-04; Telefona Mala Xwediyê Roja Nû: 84-41. Edresa telg: Bêrût-Rojanû.

CENG & SIYASET

## DEWRAN

XURTBÛN

Ji bona xurtbûna peya an miletekî çar tişt divêtin: Mêranî, Bext, Zanîn û Dewlemendî.

**Mêranî, Bext, Zanîn**

Mêranî dana Xwedê ye. Peya û miletin hene, Xuda mêranî daye wan û mirov û nijadin hene ko nava wan tu ne. Her çend jî rast e ko gelek carî, peyayên tirsonek bi eqil û zanînê dibin mêr.

Gelek caran bext ji mêraniyê ye; lê dîsa bi zanînê peyayên kêmbext, çavê xwe vedikin, pîsîtiya bêbextiyê nas dikin, xwe diedilînin, diçeyînin û jê diqerin û xwe didin qenciyê. Ji xwe heçî mêrxas in, her tim xwediyê bextê xwe ne, bêbextiyê na kin û heke yekî bêbextiyê li wan kir, dîsa xwediyê bextê xwe ne.

Mirov dikare bibêje ko zanîn.

## BER BI ENIYA DIWEMIN VE

**Leşkerên Hevalbenda Pê Li Erdê Talyana Kirine**

Vegirtina erdê Ewripayê destpê kiriye. Di eniya diwemîn de leşkerên hevalbend şerî qiwetên Mihwerê dikin. Eskerên emerîkanî û kenadî derketine erdê Sicilyayê, xeta parastina Mihwerê « yekemîn. Di nav bira leşkerên hevalbend û yên talyan û elemanî de şerine xurt çêdibin.

## Di Nav Çar Rojan De

Hezar û Heştsed û Sih û Sê Tang û Heştsed û Şêst Balafir

MOSKÛ—A.F.I. Ev çar roj in êrîşên elemana dom dikin. Di nav wan her çar rojan de 1833 tang û 860 balafirên elemanî hatine xira kirin. 30.000 kuştiyên dijmin li erdê mane. Xesarên elemana: Roja Duşembê: 586 tang û 203 balafir; Sêşembê: 423 tang û 267 balafir; Çarşembê: 520 tang û 229 balafir û Pêncşembê: 304 tang û 161 balafir in. Eleman eniya Orel—Kursk—Bielgorodê de bi 500.000 şerevanî şerî me dikin. Qesda wan ev e ko dixwazin dora qerargeha Kurskê bigirin û qiwetên me yên vê qerargehê 00.000 esker ji qiwetên mayîn veqetînin.

## GOTINÊN STALÎN

Miletê me gotinên Mareşal Stalîn yên ko di bangîna yekê gulanê de hatine çapkirin ji bîra ne kiriye. Stalîn digot: Dijmina derbên eskerên me ên birûskîn nas û tam kirine. Wextekî nîzing de, Ordiya Sor û Ordiyên Hevalbendên me, stoyê dijmina bişkînînin.

MOSKÛ— A.F.I. Rojnameyên rûsî dinivisînin: Dewra etlahiyê qediyaye. Di eniya me de şerine zor û xwîndar çêdibin. Miletên Sovyetistanê her wekî dizanin dehwa wan heq û rast e, û Ordiya Sor xurt e, bi dilekî rahet li bûyera dinêrin.


CIHANEK

KITÊBA Mr. WENDEL WILKÎ

*«Bi milyonan însan li welatên Rohelatê dûr û nîzing û der erdên din mînêkarî azahî û serbestiyê ne û ew miletên he naxwazin dewletên biyanî têkili işê welatê wan bibin.»*

Mr. Wendel Wilkî, yê ko nimînendeyê Serekcimhûrê Emerîkayê Mister Rûzwelt ê xas e, û par li







برنجی سنه ٧ تشرین ثانی ١٣٣٤ عدد ١

سنه‌لگی ٢٢٠ غروشدر. آلتی آیلغی ١٣٠ غروشدر

سالك ٢٢٠ غروش ، نیم سال ١٣٠ «

# ژین

هفته‌لق غزته

مسلکمزه موافق مقالات مع‌الممنونیه درج اولنور .

درج اولونمیان مقاله‌لر اعاده ایدلمز

دین، ادبیات، اجتماعیات واقتصادیاتدن بحث ایدر توركجه ـ كوردجه مجموعه‌در


## بر حسبحال

اعصار مدیده‌دنبرو توالی ایدن حادثات تاریخیه‌سنك كندوسنه تحمیل ایتمش اولدیغی وظائف شاقه‌نك بار گرانی آلتنده أزیلمش اولدیغی حالده وظیفهٔ مبجلهٔ دینیه‌سی بر سکوت ووقار دیده‌وانه وغایت مردانه و شجیعانه بر طور ایله ایفا ایتمش اولان کرد ملت نجیبه‌سی مقدراتی تعقیب ایتمك ایچون [ ژین ] نامیله و برحیات نوین ایله بو کون ساحهٔ مطبوعاتده بر مجموعه اثبات وجود ایدیور . طولاً قارص وارضرومدن باشلایه‌رق ایرانك شیراز و اصفهانه قدر امتداد ایدن جبال واراضی داخله و عرضاً تبریزدن حلب جهتلرینه قدر یاییلوب لااقل بش‌ملیون نفوس تشکیل ایدن وخلافت معظمهٔ اسلامیه ایله دولت ابدمدت عثمانیه‌یه صداقت و عبودیتی قلیجیله ، قانیله اثبات ایتمش اولان بوقوم شجیع معروض قالمش اولدیغی موقع مشکلی انظار نصفت ومروته عرض ایتمك ایچون شمدی‌یه قدر قوللانیلمامش بر واسطه‌یه، کاشیانه مراجعت مجبوریتنده بولنیور .

زبان دردهان ای خردمند چیست

کلید در گنج صاحب هنر

(٦٣)



هژمار ١

١٥ گلاون ١٩٣٢

# هاوار

كوملا كردي

تیدە خسنبین كومەلی

آرمانج ، آوایی خبات وتقیساندنا هاواري

| | |
|---|---|
| القبای کردی | فارسي |
| کردجه القبا | ترکی |
| هدفنا و خطتنا | عربي |
| الاحرف الهجائية الكردية | عربي |

مطبعة الترقي بدمشق ١٣٥١ هـ



# ROJA NU

"KANATLI JANDARMA-78"
SÖMÜRGECİLERİN KÜRT HALKINA KARŞI
PLANLADIKLARI SAVAŞ TATBİKATIDIR !



## فەسڵی شەشەم

# بۆنە و یادەوەری

نووسین و ڕاز بۆ
یادی ڕۆژنامەگەری و
یادی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کارم تێدا کردوون

## باسی یەکەم:

# یادی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

### سەدەیەك و یەك ساڵ لە خەرمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

ئەمڕۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان یادی سەد و یەک ساڵ لە تێکۆشانی بێوچانی خۆیان، لەپێناوی سەرخستنی بزافی کوردایەتی و پێشکەوتنی کوردەوارییدا، دەکەنەوە.

یادی سەدەیەک و ساڵێک لەپێش خزمەتی خۆیان بۆ وشەی کوردی و بۆ ڕەوشی ڕووناکبیریی کوردیی دەکەنەوە.

سەد و یەک ساڵ بەر لە ئەمڕۆ جەنابی مقداد مەدحەت بەدرخان لە مەنفای خۆیەوە، لە قاهیرە، شێوازێکی دیکەی تێکۆشانی بۆ کورد داهێنا و ڕۆژنامەی (کوردستان)ی بۆ کورد و کوردستان دەرکرد.

دەرکەوتنی (کوردستان)، دەرکەوتنێکی نوێی بنەماڵەی بەدرخانییەکان بوو لەسەر ئاستی ڕووناکبیری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی. هەرواش ئاشنابوونی کورد بوو بە خەسڵەتەکانی خەباتی شارستانی، تا لەو بوارەو بەگرێدانەوەی لەگەڵ بوارەکانی دیکەی خەباتدا پتر لە کەناڵێک و زیاتر لە دەروازەیەک بۆ کورد بکرێتەوە و لە١٨٩٨ بە

دواوه سەرپەڕەی ڕۆژنامەش ببێتە سەکۆی ئازادی خەم و خەونەکانی مرۆڤی کورد، لەپێناو کوردەوارییەکی سەرفراز و ئاوەداندا.

وەختێک کوردستان لە مەنفا دەرچوو، بە پلەی یەکەم ئەرکی سیاسیی ڕابوونی کوردان و خەمی ڕووناکبیریی پاراستنی زمان و ئەدەبی کوردی گرتە ئەستۆ، بەڵام سەد و یەک ساڵی لە تەمەنی پڕ سەرفرازی ڕۆژنامەنووسیی کوردی شایەدی ئەوە دەدەن، کە لەو ڕێڕەوەدا ڕۆژنامەنووسانی کورد هەمیشە لە خەم و هەوڵی پەرەپێدانی ئەو پەیامە بوون، تا هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی کوردەواری بگرێتە خۆ.

تەمەنی سەد و یەک ساڵەی تێکۆشانی ڕۆژنامەنووسانی کورد تەمەنی هەوڵ و تەقەلای بێوچان بووە لەپێناوی فراوانترکردنی پانتایی بایەخپێدانەکانی ڕۆژنامەگەرییمان و لەم ڕێگایەشدا ئەگەرچی بەربەستەکانی دوژمنانی وشەی کوردیو مرۆڤی کورد کەم نەبوون، لێ سەرەنجام هاوسەنگەرانی مقداد بەدرخان گرەوی خۆیان بردەوە و وا ئەمڕۆ لە کوردستانی ئازاد و لە تەواوی ئەو وڵات و مەڵبەندانەی دەرفەتی قسەیەکی کوردی، خەمێکی کوردییان تێدایە، ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان لە شەقەی باڵی داهێنان دەدەن و لەگەڵ کاروانی تێکۆشانی گەلی کورددا بۆ ئازادیی وشە و ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی خەون بینین، هەنگاو بەهەنگاو دەچنە پێشەوە.

ئەمڕۆ لەکاتێکدا (کوردستانی نوێ) لەگەڵ دەستەخوشکەکانی خۆیدا یادی (کوردستان)ی دێرین

دەکاتەوە، خۆشحاڵە کە کاروانەکەی لە (کوردستان)ەوە بۆ (کوردستانی نوێ) درێژەی هەبوو، هەروا لەسەر ڕەوتی خۆی بێوچان بەرەو پێش دەڕواو پێش دەکەوێ. (کوردستانی نوێ) خۆشحاڵە، کە لە دواساڵەکانی سەدەی بیست-دا وا خەریکە ڕۆژنامەنووسیی کوردی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی پێک دێنێ و ڕۆژنامەنووس و کادیری ڕاگەیاندنی کورد لە هەردوو ئاستی چەندایەتیو چۆنایەتی لەپەرەسەندنداو ئومێدیش زۆرە، کە بە نەفەس و گیانێکی تازەوە بچینە نێو سەدەیەکی نوێ و هەزارەیەکی نوێوە. ئێمە وەک خێزانی (کوردستانی نوێ) لە پێشوازی (١٠١) ساڵەی (کوردستان) دا پیرۆزبایی لە تەواوی قەڵەمە بەبڕشت و بوێرەکانی نێو واری ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەین و هیوای پێشکەوتنی زیاتر و زیاتر بۆ ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا دەخوازین.

پێشکەوتنێکی ئەوتۆ لەگەڵ ڕەوتی ئەو چانس و دەرفەتانەدا بگونجێ، کە پێشبینی دەکرێ لە سەدەی تازە و هەزارەی داهاتوودا بۆ کوردستان برەخسێ.

سەرکەوێ خەباتی بێوچانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕێگای خزمەتکردنی کورد و کوردستاندا.

سڵاو لە ڕۆحی ڕەوانی مقداد بەدرخان و پێشڕەوانی ڕۆژنامەگەریی کوردی.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٩٩٩/٤/٢٢**

## دەڵێی لە سفرەوە دەست پێ دەکەین

هەموو ساڵێک ژمارەیەک دەخەینە سەر تەمەنی دوای سەد ساڵەی ڕۆژنامەوانی کوردی و لە (٤/٢٢) دا هەڵوەستیەکی

بەڵێنداری لێ دەکەین، کە ئەمساڵ تەکانێکی چۆنایەتی بە ڕۆژنامەوانیی کوردی بدەین، لە دۆخی سستی و نەریتی ڕزگاری بکەین و بیگەیەنینە ئاستێکی شایان بە نەتەوەیەکی زوڵملێکراو، کە هیچ نەتەوەیەک بە ئەندازەی ئەم پێوستی بە ئامرازی ڕۆژنامەوانی نییە، تا گوزارشت لە خۆی بکات و ئەم کایە ژیارییە بەردەستە میللیەی مەعریفە بکاتە دەسکەلای کارکردن بۆ ئامانجەکانی. دیرۆکی ڕۆژانەی کورد پڕن لە چیرۆک و گێڕانەوەی تۆمارنەکراو، کە هەروا بە سەرزارەکی دێن و وەک هەڵم بە هەوادا دەچن، چونکە چیتر ئەدەبی فولکلۆری نەماوە، تا بەیت و باڵۆرەی سەرزارەکی بیان پارێزێ و ڕۆژنامەوانییەکەشمان هێندە نوخبەوەییە، کە نایەوێ دەستەمۆ بێ و خۆی بهێنێتە ئاستی ئازار و چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیانی خەڵکی. نەتەوەی کورد لەوە دەچێ ئەمڕۆ لە قۆناغی ڕاگوزەری ژیانی فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیدا دەیان ڕووداو هەواڵ و بەسەرهاتی ئاسایی لێ بزر بێت، چونکە نە فولکلۆر ماوە لە دڵ و دروونی نەوەکاندا نەوە لە دوای نەوە بیانگوازێتەوە، نە ڕۆژنامەوانییەکی پرۆفیشناڵیشمان هەیە دان بەوەدا بنێ لە دەرەوەی کایەی ڕەسمی سیاسەت جولە و کۆششی ڕۆژانەش هەن، کە هێندە ئاسایین وا دێنە بەرچاو کاریگەری بەجێناهێڵن، بەڵام لە ڕاستیدا کاری خۆیان بە شێنەیی دەکەن، چونکە دواجار گەشەکردنی ژیان، کە ویستو داخوازی تێکۆشانی مرۆڤە، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، بریتییە لە کەڵەکەبوونی لەسەریەکی پێشکەوتن و میللەتە پێشکەوتووەکانیش بێوەژنکۆشی بۆ ئەو کەڵەکەکردنە

دەکەن.
کاری ڕۆژنامەوانیش هەر ئەوەیە ترپەی دڵی ئەم جوڵە و کۆششە بپێوێ و ڕاپۆرتی سات بە ساتیان لەبارە بڵاو بکاتەوە.
پتر لە (١٠٠) ساڵ، وا لە یادی (١٠٧) ساڵەش نزیک دەبینەوە، ڕێرەوی ڕۆژنامەوانیی کوردی پڕن لە ئەزموون و هەروا دەردو بەڵای چارەسەر نەکراو، بەڵام چونکە ئەم ڕەوتە پچڕپچڕ و لێک دابڕاوە، ناتوانین سەرەداوی سەرکەوتن و شکستەکانی دیاری بکەین.
تەمەنی دوانزە ساڵەی ڕۆژنامەوانی دوای ڕاپەڕینی لێ دەربکەین، ئەویش بۆ کوردستانی باشوور، ئەوا هەر ڕۆژنامەیەک دەست بە تێکۆشان بکات، نازانێ چۆن و بە چ شێوەیەک کەڵک لەم ڕەوتە (١٠٧) ساڵییە وەربگرێت. تا ئێستا ڕۆژنامەوانیی ئەمرۆمان تەنها کەڵک لە شانازییە مەعنەوییەکانی تەمەنی دووردودرێژی ڕێبازەکەی میقداد مدحت بەدرخان وەردەگرێ. دەنا وەک تری هەر ڕۆژنامەیەک دەستبەکار دەبێ دەڵێی لە سفرەوە دەست پێ دەکات، یان شتێکی نزیک لە سفر.
بەو حاڵەشەوە (١٠٦) ساڵە ڕۆژنامەوانیی کوردی تەنیایە، هەمووان لە بەروبوومەکەی دەخۆن و کەسیش ئامادە نییە بە بچووکترین هاریکاری پایەداری بکات. بزووتنەوەی سیاسیی وڵاتەکەمان هەر وەختێک لێی قەومابێت و ئامرازی دیکەی خۆ گوزارشتکردنی لێ قەدەغە کرابێت، لەسەر پەڕی ڕۆژنامەکانەوە سەری دەرهێناوە. دەوڵەمەندەکان بۆ کەشخەیی سەرمێزی کارکردنیان ناونیشانی ڕۆژنامە

بیانییەکان لەسەر مێزەکانیان ڕیز دەکەن و بۆ فیزیش ڕۆژنامە کوردییەکانیش لەسەر لێواری.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠٠٤/٤/٢٢

## (١١٢) ساڵ لە گشت لایەك پیرۆز بێت

یادی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هاتەوە، هەموومان دەست بە نووسین و کۆڕ و کۆبوونەوە دەکەین. ئەوی لەناو دۆخی ڕۆژنامەنووسیدا دۆخی باشە، بە هەمان ڕیتمی کلاسیکییەوە پیرۆزبایی لە هاوپیشەکانی دەکات. ئەوی دۆخی خراپە، ئەو بۆنەیە دەکاتە دەرفەتێک بۆ مانۆڕی نیشاندانی دۆخی خۆی، ئەوی گرژ و مۆنە لەم بۆنەدا دێتە ناوەڕاستی ئاهەنگەکەو هاوارێک دەکات (نەک شوشە شکا و وارەز ئەسوتێ)، هەشە ئەم بۆنەیە دەکاتە بیانوو بۆ سەنگەربەندییەکی دیکەی ئایدۆلۆژی، وەک ئەفلاتۆن هەندێک لە (بە هەشت) ی رۆژنامەنووسی دەردەکات و هەندێکی تریش فڕێدەداتە دۆزەخی بێ ناسنامەییەوە. هەمووشیان لە باری مافی نووسین و ئازادیی بەیانەوە هەقی خۆیانە. ئەی ئەگەر مرۆڤ لە ڕۆژی جەژنی خۆیدا دەردەدڵێک نەکات کەی بیکات؟ بۆیە ئەوەی قسەیەکی لەم جەژنەدا هەیە مافی خۆیەتی بیکات، بە مەرجێ لە یادی بێت، خەڵکی تریش قسەیان هەیە و ئەم یادە ڕۆژی ئەوانیشە.

بەر لە هەموو شتێک دەبێ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە دڵێکی پاک و بێگەردەوە پیرۆزبایی و گەردەن ئازادی لە یەکتری بکەن. هەر پیرۆزباییەکیش مەرجدار کرا بە (بەڵام) ێک، ئەوا بەتاڵکردنەوەیەتی لە مانای خۆشی و لە نییەتی

پیرۆزبایی و هیوای بەختەوەری بۆ یەکتری، بۆیە دەبێ لەم ڕۆژەدا پیرۆزبایی لە یەکتری بکەین، لە جێی بوغز و قینە و (بەڵام)ی مەرجدار.

هێندە خۆش باوەڕنیم، کە داوای موسالەحەی وەتەنی بکەم لەنێوان ڕۆژنامەنووساندا، ئەمە ئەو کات دەبێتە داخوازییەکی ڕەوا، کە موسالەحەی نێوان ڕۆژنامەنووسان بووبێتە ویستێکی نەتەوەیی و بێ ئەو ئاشتبوونەوەیە کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورە و هەڕەشەیەکی هاوشێوەی هەڕەشەی ئەتۆمی دەبێتەوە، بەڵام ئێمە چین تا کوردستان بێ ئێمە شەو خەوی لێ نەکەوێت؟ چۆلەکە خۆت چیت و گۆشتاوت چی؟

داوام داوایەکی موتەوازیعانەیە، کە لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە:

- ئەم جەژنە جەژنی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە، واتە بە پلەی یەکەم جەژنی ڕۆژنامەکانمانە تا ئەوەی جەژنی ڕۆژنامەنووسەکان بێت. بۆیە وێناکردنی ئەم یادە بە دونیابینییەکانی ئەمڕۆی هەر دەستەیەکمان کارێکی هەڵەیە. ڕۆژنامەی (کوردستان) بۆ کوردستان دروست بوو، نەک بۆ جیهان، بۆ هەموو کوردستان دروست بوو، نەک بۆ توێژێکی دڵخواز، یان بەشێکی دڵخوازی ئێمە لە سەرتاسەری کوردستاندا. تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە ئەم ڕۆژنامەیە هی دەسەڵات بوو، یان حزب؟ هی ئۆپۆزسیۆن بوو یان حکومەت؟ هی ئەهلی بوو، یان تەنیا ئارەزووی ئەوەی بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار و بە هەیبەتی کوردستان، خۆشی بۆنە گشتییە نەتەوەییەکان هەر وایە. هەموو لایەک

بەشی خۆیانی تێدا دەبیننەوە، کەسیش ناتوانێت لەسەر خۆی تاپۆی بکات.

- ڕۆژنامەنوسی لە دەرەوەی پێناسە سیاسییەکان، دوور لە پێناسە ئایدۆلۆژییەکان، پیشەیەکە وەک هەر پیشەیەکی تر. بۆیە دەبێ ئێمە لە هەر جێیەک بین حورمەتی پیشەکەمان بگرین، کە سەرچاوەی ژیان و گوزەرانمانە، وەک چۆن کەناڵی خزمەتکردنمانە بە کۆمەڵ و بە میللەتەکەمان. حورمەتی پیشەکەشمان لەوەوە دەست پێ دەکات کە چاکی فێربین، درێغی نەکەین لە فێرکردنی خەڵکی تر، دواجاریش وەک هەر هاوپیشەیەکی تر حورمەتی هاوپیشەکانی خۆمان بگرین. حاڵمان حاڵی دارتاش، قەساب، ئاسنگەر و هەر ئەهلی سەنعەتێکی ترە.

وەکی تر هەر کەسە کەیفی خۆیەتی لە کاتی ڕەنجکێشاندا چی گۆرانییەک دەڵێت و خەیاڵی لای چییە.

جا بەو بۆنەیەوە، بە یار و نەیارەوە، پیرۆزە و لە خۆشییدا بن.

***کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٠١٠/٤/٢٢**

## ١١٧ ساڵ لە تەنهایی

لە پێشدا ڕۆژنامەنووسیی کوردی گیرۆدەی سیاسەتی داگیرکەران بوو، ئێستاش هەر وایە، بەشی کوردستانی باشووری لێ دەرچێ. دوای ئەوە قەیرانی نەبوونی پاڵپشتی دارایی و پیشەیی نەبوون و نەریتی ڕۆژنامەوانی. ئێستاش دۆخێک بۆ ڕۆژنامەوانی دروست بووە، کە کاغەزین هەڕەشەی لەسەرە. ڕێک لەم هەلومەرجەدا یادی

ڕۆژنامەوانیی کوردی دەکەینەوە. سەرەڕای قەیرانەکان کە وایان کردووە پتر لە هەر کایەیەکی تر ڕۆژنامەوانیی کوردی هەست بە تەنهایی بکات، بەڵام بەو حاڵەشەوە ڕۆژنامەوانیی کوردی هەر ماوە. هەر موقاوەمەت دەکات و ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات. بۆ ئەو موقاوەمەتە پیرۆزە دەکەین. دەستخۆشی لە رۆژنامەنووسانی کورد.

* **کوردستانی نوێ، رۆژی: ٢٢-٢٠١٦/٤/٢٣**

## باسی دووەم:

# یادی (کوردستانی نوێ)، جەژنێکی نەتەوەیی و بۆنەیەکی نیشتمانییە

ئەمڕۆ (١٩٩٩/١/١٢) (کوردستانی نوێ) مۆمی تێپەڕاندنی حەوت ساڵی تەمەن دەکوژێنێتەوە و مۆمی هەشتەمی کاروانێکی پڕ لە سەروەریی وشە و وتار و هەڵوێستی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخواز هەڵدەکات.

ئەمڕۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە سەرجەم چین و توێژەکانیانەوە، یادی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردستانی ئازاد، یادی ئەو (کوردستانی نوێ)یەی موژدەی کوردستانێکی نوێ و مۆدێرنی بە گەلی کورد بەخشی، دەکەنەوە، لەگەڵیشیدا ڕۆحی شۆڕشگێڕیی ڕاپەڕین و ڕۆژە بەراییەکانی کوردستانی تازە ڕزگارکراوی نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی ئەم سەدەیە زیندوو ڕادەگرن و بەڵێنی وەفاداری بۆ خەون و ئاواتێک دووپات دەکەنەوە، کە ئەوی ڕۆژێ لە هزر و ئەندێشەی کوردو کوردایەتی و کوردەواریدا بوو.

کوردستانی نوێ بۆ ئەوە هاتە مەیدان، کە لە پاڵ سەروەرییەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێ دا، دەربڕی

هەلومەرجە تازەکانی دوای ڕاپەڕین و درەوشانەوەی ئەستێرەی بەختی گەلی کورد بێت، پاش ئەو وەرگۆڕانە گەورانەی لە دونیادا قەومان. ئەو هەلومەرجانە چانسێکی چاکیان بۆ کوردایەتی لە کوردستانی عیراق ڕەخساندبوو، تا لە بەشێکی ئازادکراوی نیشتماندا خەیاری خۆماڵی لە ئیدارەدان‌و بەڕێوەبردنی وڵاتدا بگرێتەبەر و لەنێو گەرمایی هاوکێشە تازەکانی ناوچەکە و جیهاندا ئیرادە و ئیدارەی کورد بکاتە ئەمری دیفاکتۆ و پێ بەپێی گەشەکردنی خەیاری خۆماڵی، کە خۆی لە حکومەت و پەرلەمانی یەکگرتوودا دەبینیەوە، پشتگیری و دانپیانانی نێودەوڵەتی بۆ دابین بکات. کوردستانی نوێ بۆ ئەوە هاتەبوون تاوەکو لەلایەک ئاوێنەنمای کۆششی کوردایەتی بێت لە ڕێگای چەسپاندنی ئەوەی بەدەست هاتووە و بەدیهێنانی ئەوەی ماوە لە ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی، لەلایەکی تریشەوە مینبەری ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵی کوردەواری بێت لە میانەی کار و کۆششی چین و توێژەکانی بۆ بەدیهێنانی خواستە دیموکراتیو مەدەنیەکانیان. سەرباری ئەمانەش، (کوردستانی نوێ) بۆ ئەوە هاتە مەیدانی گیانبازی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، تا بتوانێت لە ئەرکی پیرۆزی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە خواستی پێشخستنی باری ڕووناکبیریی کوردی و هێنانەدی دابونەریتێکی پێشکەوتووانەی ڕۆژنامەگەری ڕۆڵی هەڵسوڕێنەر و زەمینە ڕەخسێنەر بگێڕێت و بتوانێت سەکۆی ئازادی نووسەران و ڕووناکبیرانی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرو دیموکراتخوازی

کورد بێت.
هەڵبەتە ڕۆژنامەیەک لەپێناو ئەو ئامانجە نیشتمانی و کۆمەڵایەتیانە بێتە بوون و سەرەڕای تەگەرەکانی سەر ڕێگاو سەرەڕای ڕەوشی ناپەسەندی شەڕی ناوخۆ، کە زمانی گوللە بەسەر زمانی گوڵدا زاڵ دەکات، لە ئامانج و ستراتیژی خۆی لانەدات و کۆششی بۆ بنوێنێ و بەردەوام پابەندی پەیامی پیرۆزی ڕۆژنامەنووسی بێت، هی ئەوەیە جێگای شانازی بزووتنەوەی کورد و جێ ئومێدی کوردەوارییەکی گەشەسەندوو و پێشکەتوو بێت لە ڕێگای بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا، کە ڕۆژنامەگەری ستوونێکی پتەوی بێت و لەنێو ڕۆژنامەگەریشدا (کوردستانی نوێ) دینگەیەکی کۆنکریتی دەستەبەرکردنی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و خواستەکانیان بێت.
ڕۆژنامەیەک، کە هێندەی ڕەوشی نالەباری وڵات دەرفەتی دابێت لەپێناو کوردستانێکی مۆدێرن و ئاوەدانو سەقامگیردا چاکی مەردایەتی لێ کردبێت بەلادا، لەپێناو ئامانج و دروشمەکانی کوردایەتی و داخوازییەکانی گەلی کورددا وتار و ڕیپۆرتاژ و ستوونی نووسی بێت، هەر ئەوە پاداشتی دەبێت کە ئەمڕۆ هەڵکردنی هەشتەمین مۆمی تەمەنی خەباتی نەپساوەی جەژنێکی نەتەوەیی و ئاهەنگێکی نیشتمانیی بۆ ساز بکرێت.
لەسەر ڕێگای دانەوەی قەرزی ڕێزلێنان و تەجاوبکردن لەگەڵ ئەو پایە بڵندییەی لە ئاستی ڕەسمی و میللیدا بە (کوردستانی نوێ) بەخشراوە، خێزانی ڕۆژنامە سەرلەنوێ بەڵێنی وەفاداری بۆ ئەو ئامانجە دێرینانەی کورد و

(کوردستانی نوێ) لەسەری کۆکن دووپات دەکاتەوە و سەرلەنوێ پابەندبوونی خۆی بە پەیامی (مقداد بەدرخان)ی پێشەنگی ڕۆژنامەنووسانی کورد، پەیامی (ڕێبازی نوێ)ی شۆڕشی نوێ تەئکید دەکاتەوە.

پیرۆز بێت هەڵکردنی مۆمی هەشتەمینی (کوردستانی نوێ) دیاریی ڕووناکبیرانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کورد و ڕووناکبیرانی.

بەبرِشتتر بێت قەڵەمی ئازا و ئازادیی ڕۆژنامەنووسانی (کوردستانی نوێ) و کورد.

*کوردستانی نوێ، رۆژی: ١٩٩٩/١/١٢

باسی سێیەم:

# بەرەو هەڵسەنگاندنی بەرنامەی ساڵێك

بەر لە ماوەیەک لە ڕووی ژمارەوە (کوردستانی نوێ) ژمارە دوو هەزاری تێپەڕاند و سبەینێش لە ڕووی ساڵانی ڕەنج و خزمەتەوە پێ دەنێتە نێو ساڵی نۆیەمەوە. دوو هەزار ژمارە لە تەمەنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردییدا، کە کورد بۆ کوردو لە کوردستانی ئازاددا دەری بکات دیاردە و ڕووداوێکی هەروا ڕاگوزەر نەبوو، بۆیە چ ڕۆژنامە و چ خوێنەرانی هەڵوەستەیان لە ئاستیدا کرد و لە ڕۆژی خۆیدا قسەیان لەسەر کرد و مانا ڕۆژنامەنوسییەکانیان لێک دایەوە. ئێستاش، کە سبەی لە ژمارە (٢٠٤٥)دا ساڵێکی تر لە کار و کۆششی ڕۆژنامەنووسیی بەڕێ دەکات، یادکردنەوە و وەبیرهێنانەوەی ڕەوتی ساڵێکو هەڵسەنگاندنی بەرنامەی پێشخستن و گەشەپێدانی ڕۆژنامەکە لە ماوەی نێوان (١٩٩٩/١/١٢-٢٠٠٠/١/١٢)دا پێویستی و ئەرکێکی سەرشانی بنەماڵەی (کوردستانی نوێ)یە سەبارەت بەوەی:

* لە چوارچێوەی بەرنامەی گەشەپێدانی هەموو بوارەکانو وەک بەپیرەوەچوونێک بۆ ئەو بەرنامەیە و لە

ڕێگای جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکەی هەڤاڵ مام جەلال، کە لە خولی (٢٠٠٠)ی ڕۆژنامەنووسیدا داوای لێ کردین (پێویستە سیاسەتی گەشەپێدان بواری ڕۆژنامەنووسیو ڕاگەیاندنیش بگرێتەوەو ئێوەش گەشە بەکارەکانتان بدەن)، کوردستانی نوێ بەرنامەیەکی تازەی کاری داڕشت، تاوەکو لەلایەک لەو گەشەپێدانە هەمەلایەنەیە دوانەکەوێت، لەلایەکی دیکەشەوە وەک کەناڵێکی گرنگی گەیاندن و پردی متمانەی نێوان سەرکردایەتیی سیاسیو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی لە خوردکردنەوەی ڕۆژنامەنووسیانەی بەرنامەی هەمەلایەنەو هەمەبواری گەشەپێداندا بگێڕێت و تەرجەمەیەکی ڕاستگۆیانەی خواست و داخوازییەکانی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵەکەمان بێت لە ڕێگای پێشکەوتن و پەرەپێدانی دیموکراسییدا.

* پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی تایبەتیانەی ساڵی ڕابردوو لە تەمەنی ڕۆژنامەکەمان، تەنها بۆ ستایشی ئەو بەشە نییە کە لە پڕۆگرامی گەشەکردنو پێشخستنی پاردا بەرنامەی بۆ داڕێژراو بەدی هات، بەڵکو بۆ ئەوەشە لە ڕێی ئەو هەڵسەنگاندنەوە، لە ڕێی ئەو پێداچوونەوەوە جەردێکی خەون و بەرنامەکانیشمان بکەین، داخۆ چەندی بەدی نەهاتووە و هۆکارەکانی بەدی نەهاتنی چی بوون؟ کەمیی دەرفەتی بەردەست یان کەمتوانایی ئێمە؟ ئەو بەشەی جێبەجێمان کردووە، داخۆ چۆنایەتیەکەی هاوشانی چەندایەتییەکەی بوو، یاخود ناهاوسەنگییەک هەیە لەم بوارەدا؟

* بۆیەش لە یادی ئەمساڵدا، ساڵی پار هەڵدەسەنگێنین، چونکە ساڵی پار لە بواری ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیی

کوردییدا بە گشتی، ساڵی گەشانەوە و پێشکەوتن بوو، هەر دەشبوایە ئەو پێشکەوتنە کوردستانی نوێ-یش بگرێتەوە، وەک چۆن دامەزراوە ڕووناکبیرییەکانی دیکەی گرتەوە.

هەڵبەتە ئەوەی بەدەست هاتووە لە بەرنامەی گەشەپێدان و لە پێشخستنی چۆنایەتی (کوردستانی نوێ)، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا مایەی شانازی و ستایشە، بەڵام ناشێ و ناکرێ ئەوە تەنها بە موڵکی ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەرانی ئەمڕۆی (کوردستانی نوێ) بزاندرێت، بەڵکو ئەو گەشەپێدان و پێشخستنە چۆنایەتییەی لەماوەی دیاریکراودا بەدی هاتووە، بەری ڕەنجی تێکۆشان و ماندووبوونی هەڤاڵانی دێرین و ڕۆژنامەنووسانی کاروانە هەشت ساڵییەکەی (کوردستانی نوێ)-شە، کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پێشمەرگانە هەوڵیان داو زەحمەتیان کێشا، تا ڕۆژنامەکە لە خەم برسکێ و بوێرێ بەرنامەی گەشەپێدان و پێشخستنی چۆنایەتی دابنێت. ئەوەی بەدی هاتووە، بەشێکی بۆ کەڵەکەبوونی ئەزموونی چەند ساڵەو جێگیربوونی دابونەریتی ڕۆژنامەنووسی لە ڕاگەیاندنی یەکێتی و لە (کوردستانی نوێ)دا دەگەڕێتەوە، بەشێکی دیکەشی بۆ ئەو پشتگیری و کۆمەکەی لەلایەن خوێنەرانییەوە لێی دەکرێ لە ئاست و پلەی جیاجیادا.

بۆیە جێی خۆیەتی ئێمە ڕوو لە هەموولایەک بکەین تا هاوکاریمان بکەن لە هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردنی بەرنامەی ساڵی پار، هەروەک چۆن هاوکارییان کردین لە پێشخستنی ڕەوتی ڕۆژنامەکە لە چەند ساڵی ڕابردوودا. لەم پێناوەشدا هەڵسەنگاندنێکی کورتی ڕەوتی کار و کۆششەکان لە دیدی کوردستانی نوێ-وە دەکەین بە دەروازەیەک و

چاوەڕێین ڕەخنە و تێبینییەکانی ئێوەی خوێنەرانیش مایەی پێداچوونەوەی زیاتربن و لە بەرنامەی داهاتووی ساڵی تازەدا جێی شایستەی خۆیان وەربگرن.

تکایە هاوکاریمان بکەن لەو هەڵسەنگاندنەدا، بۆ ئەوەی بەرچاومان زیاتر ڕۆشن ببێتەوە.

**ڕاپۆرتێك دەربارەی گەشەپێدان لە ساڵێکدا**

سەرەتای بەرنامەی نوێی گەشەپێدانی (کوردستانی نوێ) لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٩-وە دەستی پێ کرد، کاتێک لە ڕووی چەندایەتییەوە ژمارەی لاپەڕەکان زیادکران و بوونە (١٢) لاپەڕە. لەوێ بەدواوەش دەبوایە ئەو (١٢) لاپەڕەیە بە هەق پێداویستیی خوێندەواران و خوێنەرانی ڕۆژنامەکە دابین بکات و لە ڕووی چۆنایەتیشەوە هەنگاو بنرێت. ئەوە بوو هەم لاپەڕەی نوێ داهێنرا، هەم بەشەکانی ڕۆژنامەکەش فراوانتر کران.

لەو گەشەپێدانە چۆنایەتیەشدا هەوڵمان دا سێ خاڵ ڕەچاو بکەین:

یەکەم: خەسڵەتی هەواڵ، نەک وتار و پەخشان، تۆختر بکەین.

دووەم: بەشێکی دیکەی داخوازی توێژ و ناوەندەکانی کوردەواری، کە لە ڕۆژنامەکانی رۆژانەیان دەوێت، دابین بکەین، ئەوەش لە بەش و لاپەڕە تازەکاندا ڕەنگ بداتەوە، چونکە قۆناغی نوێی گەشەپێدان وای دەخواست.

سێیەم: پانتایی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕەخنەی بنیاتنەرانە فراوانتر بکەین، بەو جۆرەی ڕووناکبیر و خوێنەران لە

ڕۆژنامەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەخوازن، بە مەرجێ هێڵی نیشتمانی و دیموکراتیی ڕۆژنامەکە بپارێزین.

تەرجەمـەی عەمەلی ئەم پرەنسـیپانەش بـەم شـێوەیەی خوارەوە بوون:

* سەرەتا بەشی هەواڵ فراوانتر کرا و لە ڕووی ڕێکخستنی لاپەڕەکانەوە هێنرانە بەشی سەرەتای ڕۆژنامە. ئینجا لە ڕووی بایەخەوە زیاتر هەواڵە ناوخۆییەکان، بە تایبەتی هەواڵی دەسکەوتەکانی حکومەتی هەرێم و دامودەزگاکانی ئەولەویەتیان وەرگرت. بۆ ئێمە وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە لەپێشدا هەواڵە ناوخۆییەکانی بۆ خەڵک مایەی بەدواداچوونن، دواتر ئەو هەواڵە جیهانیانەی دەشێ لە کەناڵە فەزائیەکانەوە بەدەست بێن.

* بەشی کاروباری ناوخۆ و ڕیپۆرتاژ، ئەویش دوای جیاکردنەوەی بەشی هەواڵی ناوخۆ، لاپەڕەکانی زیادکران و فراوان بوون. لەو بەشەدا بەپێی پێویستی قۆناغەکە ئەم گۆشانەی بۆ زیاد کرا و پەرەی پێ درا:

– گۆشەی (بۆ بەرچاوی لێپرسراوان)، بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامدەرەوەی داخوازی و گلەییەکانی خەڵک بێت لە نیو لاپەڕەی هەفتانەوە کرا بە یەک لاپەڕە، پاشان بووە سێ لاپەڕە لە یەک هەفتەدا، کە تێیدا نەک داخوازییەکان دەخرانە ڕوو، بەڵکو بەرپرسە بەڕێزەکانیش بەتەنگییەوە دەهاتن و وەڵامیان داوەتەوە.

– گۆشەی (سەروەرییەکانی شۆڕشی نوێ)، کە گۆشەیەک بوو لەسەر ڕاسپاردەی هەڤاڵ فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە هاتە کایەوە، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنی مەڵبەندی

پێشمەرگەدا داوای لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کرد بیرەوەری و سەروەرییەکانی هەڤاڵانی فەرماندە و پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ بۆ نەوەی نوێ بگێڕنەوە. لەم گۆشەیەدا بانگەوازی تێکۆشەرانی خەباتی شەرەفمەندانەی پێشمەرگایەتیمان کرد، سەروەرییەکانیان بنووسنەوە و بۆمانی ڕەوانە بکەن، یان پەیوەندیمان پێوە بکەن بۆ ئەوەی لەو بوارەدا لە خزمەتیاندا بین. تاقە مەرجیشمان بۆ ئەو گۆشەیە ئەوە بوو، کە لە گێڕانەوەی سەروەرییەکاندا ڕۆڵی تێکۆشانی دەستەجەمعی و پێکەوەیی پێشمەرگە گەشەی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا گۆشەی (سەروەرییەکانی شۆڕشی نوێ) ببێتە بەردێکی بچووک لە دیواری نووسینەوەی تۆماری خەباتی کوردایەتی لە شۆڕشی نوێدا.

- لاپەڕەی (رای گشتی)مان کردەوە، بۆ ئەوەی لە دەرەوەی داخوازییە تایبەتیەکانی کۆمەڵانی خەڵک، کە لە (بۆ بەرچاوی لێپرسراوان)دا جێیان دەبێتەوە، هەروەها لە دەرەوەی (لاپەڕەی ئازاد)، کە بۆ گفتوگۆ و دەربڕینی بۆچوونی ئازادانەی سیاسیی ڕووناکبیر و خوێنەران تەرخان کراوە، پێشنیازی بەجێی خەڵک، پسپۆر و ڕووناکبیران لەسەر مەسەلە گشتییەکانی شەقامی کوردی بڵاو بکەینەوە.

* بەشی کاروباری سیاسی: ئەم بەشە، کە گرنگترین بەشی ڕۆژنامەیە، سەبارەت بەوەی ڕۆژنامەکە سیاسییە و بۆ پێکهێنانی خوێندنەوەیەکی کوردییانەی ڕەوشە سیاسییەکان تێدەکۆشێ، لاپەڕەکانی فراوانتر کرا و هەوڵدرا بابەتەکانیشی بەپێزتر بن.

ئەوە بوو لاپەڕەکانی بەم شێوەیە دابەشکران:

– لاپەڕەی وەرگێڕان، بۆ وەرگێڕانی نووسین و ڕاپۆرتی سیاسی لە ئینتەرنێت، ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و بیانییەکان، سەتەلایت و وێستگەکانی ڕادیۆ، هەروەها فاکس و پەیوەندی دەرەوە.

– لاپەڕەی سیاسی و لاپەڕەی ئازاد: ئەم لاپەڕەیە لە ساڵی ڕابردوودا بایەخی زیاتری بە پرسە کوردستانییەکان داو چەندین کۆڕ و سمنار و چاوپێکەوتنی شایستەی ئەنجام داو هەروا تەوەر و مەلەفی بۆ باتەکانی:

– مەلەفی کەرکوک.

– تەوەرەی دەوڵەتی کوردی.

– مەلەفی شارەوانییەکان.

– ئایندەی سیاسیی عیراق.

– کۆچی عەقڵی کوردی و مەسەلەی هیجرە، کردەوە.

هەروەها لەم لاپەڕانەدا چەندین گۆشەی جێگیر هەن، کە نووسەرانی ناوەوە و دەرەوەی کورستانی نوێ دەینووسن، جگە لە چەندین چاوپێکەوتن دەربارەی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی کوردایەتی لە سەدەیەکدا.

– لاپەڕەی ئازاد، کە بۆتە مینبەری بۆچوونە ئازادەکانی دەیان قەڵەمی بەپێز لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، لە هەندەران و لە هاوکارانی زۆرەوە کۆمەک دەکرێت و دەرفەتێکی چاکی نووسین و وەڵامدانەوەی ڕەخساندووەو گەلێک بابەتی هەستیاری وروژاندووە و هەموو جارێک لە بەشی سیاسیدا پوختەی ئەو مێزگرد و کۆڕە هەفتانەییەی کوردستانی نوێ بڵاودەکرێتەوە.

* بەشی لێکۆڵینەوە: ئەم بەشە، دوای ئەوەی لاپەڕەکانی

فراوان کرا، بەسەر ئەم بابەت و مەسەلە هەنووکەییانەدا دابەشکرا، کە بەشێکیان سیمای هەواڵ و بەشێکیان سیمای وتار و لێکۆڵینەوەیان هەیە:

– هەواڵنامە: لاپەڕەیەکی هەفتانەیە و تایبەتە بە هەواڵەکانی کورد لە هەرکوێیەکی کوردستان و دونیا بن، ئەمەش بۆ دروستکردنی ڕایەڵە و پەیوەندییەکی نەتەوەیی و بایەخدان بە ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی نەتەوەیی کورددا.

– زانست: لاپەڕەیەکە مانگی دووجار بڵاودەکرێتەوە و دوا هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی بواری زانست و پزیشکی و تەکنەلۆژیا لەخۆ دەگرێت.

– میدیا: لاپەڕەیەکە دوو مانگ جارێک بۆ هەواڵ و دوا پێشکەوتنەکانی بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی لەپێناوی ئاگاداربوون لە دوا پەرەسەندنەکانی میدیا و لەپێناوی جێگیرکردنی دابونەریتی ڕۆژنامەنووسیدا.

– لاوان: لەبەر ئەوەی ئەمساڵ، ساڵی پەرەسەندنی بزوتنەوەی لاوان بوو، بڕیاردرا دوو هەفتە جارێک لاپەڕەیەک بۆ گرفتی لاوانی کورد، خواست و داخوازییەکانیان و چالاکی و نووسینەکانیان تەرخان بکەین. لەم بوارەشدا پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ڕێکخراوی ئازادیی لاوان و قەڵەمە لاوەکاندا دامەزراوە.

– خوێندنەوەی کتێب: لاپەڕەیەکی مانگانەیە و لە دوا هەواڵەکانی کتێب و خوێندنەوەی کتێبی خۆماڵی نێو کوردستان و دەرەوەی کوردستان دەکۆڵێتەوە.

– لەخوێنەرانەوە: لاپەڕەیەکی مانگانەیە و نووسینی

هاوکارانی تازە و قەڵەمی تازە هان دەدات.

– مێژوو: لە مانگێکدا دوو جار دادەبەزێت و بابەتەکانی زیاتر تەئکید لەسەر مێژووی کوردستان و گۆڕان و گۆڕانکارییەکان لە مێژوودا دەکاتەوە.

– ئابووری: لە مانگێکدا دوو جار بڵاودەکرێتەوە و بابەتەکانی زیاتر دوا هەواڵەکانی ئابووری دادەگەڕێت و ئەو وتارانەش بڵاودەکاتەوە، کە تایبەتن بە ئابووری.

– دەروونزانی: لە مانگێکدا دوو جار بڵاودەکرێتەوەو بابەتەکانی تایبەتن بە دەروونزانی و نەخۆشییە دەروونییەکان.

– یاسا: لە مانگێکدا دووجار بڵاودەکرێتەوە و زیاتر لەپێناوی چەسپاندنی یاسا لاپەڕەیەکە کراوەتەوە، بەشدارانی لاپەڕەکە خەڵکی پسپۆڕی بوارەکەن و تێیدا دەنووسن.

– مافی مرۆڤ: لە مانگێکدا دووجار دادەبەزێت و بابەتەکانی تەئکید لەسەر پرانسیپەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ دەکاتەوە.

– پەروەردە: لە مانگێکدا دوو جار بڵاودەکرێتەوە و لە دوا هەواڵەکانی پەروەردە و کاری پەروەردەیی دەگەڕێت.

– چەپی نوێ: لاپەڕەیەکی مانگانەیە، لە پرسیارەکانی سۆسیال– دیموکرات و چەپی نوێ دەگەڕێت و ئەو نووسینانە لەخۆ دەگرێت، کە لەو مەدارە دەسوڕێنەوە.

– ئیسلامی سیاسی: لاپەڕەیەکی مانگانەیە، لەو تەیار و حزبە سیاسیانە دەدوێت، کە هەڵگری (بۆچوون)ی ئیسلامی سیاسین...

– فکر و فەلسەفە: لاپەڕەیەکی مانگانەیە، لە مێژوو ڕێبازو پرنسیپەکانی فکر دەگەڕێت.

لە بەشی لێکۆڵینەوەدا ئەو ڕۆژانەی کە لە مانگێکیشدا

دەمێننەوە زیاتر سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دەزگای ڕاگەیاندن لەخۆوە دەگرێت، ئەمە بێجگە لە بابەتە بەپەلەکان، کە دەگەنە بەشی لێکۆڵینەوە.

هەروەها هەر لەنێو لاپەڕەکانی بەشی لێکۆڵینەوەدا (لاپەڕەی کاروباری ژنان) هەیە، کە لە مەسەلەکانی ژن و ماف و ئازادییەکانیان دەکۆڵێتەوە. (کاروباری ژنان) سەرەتا بۆ وەڵامدانەوەی بزووتنەوەی گەشەکردووی ژنان هەفتەی جارێکو پاشان بوو بە هەفتەی دووجار. جگە لەوەی لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا قەڵەمی ژنان هاوکارییەکی زۆریان کردین و قەڵەمی ژنان هەر بە ڕاستی لە کوردستانی نوێدا درەوشانەوە.

بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا چوار لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک لە شێوەی پاشکۆیەکی تایبەت بە مەسەلەی ژن بڵاوکرایەوە و تێیدا دەقی مێزگردێکی ژنانی لەخۆگرتبوو، ئەویش لە ژمارە (١٨٢٦)ی ڕۆژی (١٩٩٩/٣/٢١)ی کوردستانی نوێ دا بوو. (کاروباری ژنان) بەردەوام مێزگرد و چاوپێکەوتنی تایبەت بە بوارەکەی خۆی ساز دەدا و بڵاو دەکاتەوە.

- لاپەڕەی وەرزش، لە ماوەی ساڵی ڕابردوو لاپەڕەیەکی تایبەت بە (وەرزشی هەفتە) دانرا و پانتایی بایەخدان بە وەرزشی کوردستانی نوێ زیاتر بوو. جگە لەو لاپەڕانەی لە پشووی کوردستانی نوێ بۆ وەرزش تەرخان کران، هەواڵ و ڕووداوە وەرزشییەکان هەندێک جار لە لاپەڕە سەرەکییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبوو، ئەمەش مایەی خۆشحاڵی وەرزشکارانە. لاپەڕەی وەرزش لە چوارچێوەی گەشەکردنی

خۆیدا مێزگردێکی تایبەتی بۆ وەرزشی کوردستان ساز کرد، کە تێیدا چەند پسپۆڕ و هەڵسوڕاوی بواری وەرزش بیروبۆچوونی ئازادانەی خۆیان دەربڕی و لە (وەرزشی هەفتە)دا بڵاوکرایەوە. لاپەڕەی وەرزش ئێستا بایەخ بە چالاکی قەزا و ناحیەکان، بە هەواڵەکانی وەرزش لە هەموو بەش و ناوچەکانی کوردستان دەدات و بۆ ڕێکخستن و گەشەکردنی کاروبارەکانیشی ڕاستەوخۆ بە بەشی هەواڵەوە گرێدراوە.

- بەشی هەمەڕەنگ: لە کاروانی گەشەکردن دانەبڕا، بەڵکو ئەویش لە هەمەڕەنگکردنی بابەتەکانی و زیاتر بایەخدان بە هەواڵ و چاوپێکەوتنە ناوخۆییەکان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، هەروەها دوا لاپەڕەی دواهەواڵ و چالاکییە هونەریو ڕووناکبیرییەکانە. ڕاستەوخۆش لە بەشی هەمەڕەنگەوە سەرپەرشتی بەشێکی لاپەڕەکانی پشوو دەکرێت، کە جێی هەمەڕەنگی هەفتانەی گرتۆتەوە. هەر لەو لاپەڕەیەدا ساڵی پار چەندین گۆشەی نوێ کرانەوە، کە تایبەت بوون بە ژنان، بە نووسینی تەنزئامێز.

* بەشی ئەدەب و هونەر: کوردستانی نوێ لە ساڵی پاردا، سەرباری ئەوەی درێژەی بە دەرکردنی پاشکۆی ئەدەب و هونەر دا، هەرواش لە پەراوێزی فراوانتربوونی بنکە و دامەزراوە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانی کوردستاندا، هەوڵی هاوکار و یارمەتیدەری ئەو بوارە بێت، زیاتر لەوەی موزاحیمو ململانێکاری بنکە و دامەزراوە نوێیەکان بێت، بۆیەش کار بۆ ئەوە کرا پاشکۆی ئەدەب سیمای هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵی هونەری و ئەدەبی بگرێتە خۆی و هەوڵ بدات لە جوغزی نوخبەوی دەربازی ببێت و ئەرکەکانی بەشی ئەدەب و

هونەری ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە جێبەجێ بکات. ئەوە بوو لە ماوەی ساڵی پاردا ڕەوتی هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵ لە لاپەڕەی یەکەم و لاپەڕەکانی دیکەی پاشکۆدا برەوی پێ درا.

پاشکۆ لە ساڵی پاردا هەواڵ و بەدواداچوونی لەسەر سەرجەم چالاکییە ڕووناکبیری و هونەری و ئەدەبییەکان هەبوو، هەروا تەوەرەی تایبەتی بۆ ڕۆمان، قەیرانی ئیحتراف لە گۆرانیی کوردیدا، دیدار و سەنگینی تایبەت لەگەڵ ڕووناکبیران و هونەرمەندانی کوردستان و دەرەوە ئەنجام بدات، کە بەشێکی لەگەڵ ئەم بەڕێزانە بوون.

– هونەرمەند و ڕووناکبیرانی کوردستانی ئێران، کازم ئەلسەماوی، د.عیزەدین مستەفا ڕەسول، محەمەد عارف، فاروق رەفیق، د. خیال ئەلجەواهیری و ناسری ڕەزازیدا، پاشکۆ شەرەفی بڵاوکردنەوەی (٨) دەقی شاعیری گەورەی کورد مامۆستا شێرکۆ بێکەسی پێ بڕا.

**ئەمرۆ با بەشێك**
**لە کەموکوڕییەکان دەستنیشان بکەین**

گەورەترین کێشە لە کوردستانی نوێ ئەوەیە، ڕوژنامەنووسە جیاجیاکان، کە ڕۆیشتوون، تەجرەبە و شارەزایی کەڵەکەبووی خۆیانیان لەگەڵ خۆیان بردووە، بەندەش کە دەورانێک چووم، ئەوەی زانیم بەو کەمیشەوە لەگەڵ خۆم بردم، نە کەس گوتی بۆ کوێ و نە خۆشم دەرکم بەوە کرد ئەمانەتەکە بدەمەوە. ئەمانەتەکە بریتییە لەوەی زەکاتی تەواوی ئەو فێربوونە بە زیادەوە بدەیتەوە نەوەی تەنیشت و دوای خۆت.

کوردستانی نوێ زۆری پێگەیاند، کە ڕۆژنامەکانی دیکەی وڵات، بە حزب و ئەهلییانەوە، زانکۆ و دامودەزگاکانی دەوڵەتو حزب و ئیدارە بردیانن و لە بواری دیکەدا وەگەڕیان خستن، لە خێزانی ئێمەدا جێگری سەرۆک پەرلەمان، وەزیر، پەرلەمانتار، سەرکردایەتی، ڕاوێژکار، بەڕێوبەری گشتی، مامۆستای زانکۆ، سەرمایەگوزار و بزنسمان پەیدا بوون، کە لە شەئنی گشتیی وڵاتدا درەوشانەوە، ئەمەش سوننەتی ژیانە، کە لە سەرەوە و خوارەوە خەڵک دەڕوا و خەڵک دێن، ماڵی گەورە و ئاوەدان ماڵی دیکەی لێ دەبێتەوە، ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستانی نوێ مەحکومن بازاڕ و گوزەران و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی ئەمە لەگەڵ ئینتیما بۆ ڕۆژنامە و حزبێک، کە ئەم ڕۆژنامەیە دەری دەکات.

چوون و هاتنەوە و هامشۆکردن خۆی لە خۆیدا عەیب نییە، ئەمە سروشتی کێبڕکێی دیموکراسیی ڕۆژنامەوانی و کێبڕکێی بازاڕەکانە، لێ ئەوەی گرفتە ئەوەیە ئەزموونی کەڵەکەبووی کوردستانی نوێ دەستاودەست بکرێت بۆ ئەوەی هەموو نەوەیەک لە سفرەوە دەست پێ نەکات، لەبەر ئەوە پێوستە کوردستانی نوێ ئەمساڵ لە پاڵ ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەکە و سەرخستنی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی، لیژنەی بەردەوام پێک بێنێت بۆ تۆمارکردنی ئەزموونی کوردستانی نوێ و پۆلێنکردنی.

## باسی چوارەم:

# بەرەو دوو دەیە لە تەمەنی کوردستانی نوێ

(١)

سەرەتای ساڵی نوێ بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، وێستگەیەکی دیکەی کارکردنی ئاسایی نییە، بەو مانایەی ئەم ڕۆژنامەیە وەک هەموو دامەزراوەیەکی گشتی جەردی کاری خۆی بکا و بەرنامە بۆ ساڵی نوێ دابنێت. سەرەتای ساڵی نوێ بۆ (کوردستانی نوێ) بۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵی تەواوە لە تەمەن، بیست ساڵی بێ بچڕانە لە خزمەتی کوردستانی ڕزگار و جوڵە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکەی. بەمەش (کوردستانی نوێ) دەبێتە یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە مێژووی میللەتی کورددا، کە ئاوا بێ بچڕان و ڕۆژانە لە وادەی خۆی و بۆ ماوەی دوو دەیە دەربچێت و تا ئێستاش بەردەوام بێت.

سەربەرزی و سەروەری کوردستانی نوێ هەر ئەوە نییە، کە لە گەلێک بواردا یەکەمینە، ئەم ڕۆژنامەیە زاکیرەی میللەتی کوردە لە بیست ساڵی ڕابردوودا، ناونیشان و ناوەڕۆکی باسەکانی بە گشتی، ئاوێنەی ئەندێشە و خەون و خەیاڵی

کوردستانیانە لە هەموو کایەکانی ژیاندا.

تۆماری لاپەڕەکانی، تۆماری بردنەوە و پەککەوتن، چاکو خراپی ژیانی کوردەوارییە، لە سایەی حوکمڕانی خۆیدا، بە جۆرێک زەحمەتە مێژوونووسێک بخوازێت وێستگەیەکی ژیان و کۆشش و جوڵەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە وردی و بابەتی بنووسێت، ئەگەر لە کتێبخانەیەکدا هیچ نەبێ چاوێک بە بەرگ و جلدەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا نەگێڕێ و بۆ دیدێ، بەروار و ڕاستیی ڕووداوێک پشتی پێ نەبەستێت.

زەحمەتە ڕەوتی گەشەی ڕۆژنامەوانی لەم وڵاتەدا ڕووماڵ بکرێت و پێوەرێک بۆ وێستگەکانی پێشکەوتن و فراوانبوونی ڕەچاو بکرێت و ئەم ڕووماڵ و پێوەرە خۆیان لە ڕۆڵ و بەشی کوردستانی نوێ لە پێشکەوتنی کایەکە و لە پێگەیاندنی سەدان کادری لێوەشاوە بۆ کاروانەکە و بۆ هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارە دەستەخوشکەکان، نەبان بکەن و بشتوانن ئیدعای بابەتی بوون و زانستخوازی بکەن. کوردستانی نوێ کارگەی پراکتیزەکردنی ڕۆژنامەوانی و لەمەنگەنەدانی توانای ڕۆژنامەنووسان و کادرانی ڕاگەیاندنکار بووە، چ بۆ ڕاگەیاندنی یەکێتی و فراوانتر لەوەش بۆ بازاڕی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، کە هەروا لەفراوانبوون و پەرەسەندندایە.

کوردستانی نوێ، سەرباری ئەوەش سەکۆی پەخشکردن (منصە اطلاق)ی دەیان و سەدان پەیامی سیاسیی نوێ بوو بۆ کوردایەتی و کوردستانی سەرتاسەر و بۆ عیراقی نوێی یەکێتیی ئارەزوومەندانە، لە چوارچێوەی دیموکراسی و فیدراڵیدا، فەرهەنگی گەڵاڵەکردنی خۆماڵیانە و خۆڕسکانەی دوور لە داتاشینی زۆرەملێی دەیان و سەدان چەمک و

دەستەواژە و وشەی نوێ بوو بۆ ژیانی نوێی کوردایەتی لە کایەی سیاسەت، فیکر، هونەر و ئەدەب، وەرزش و زانستدا.

تەجرەبەی سەرکەوتووی داڕشتن و کوردان‌دن و دەوڵەمەندکردنی زمان و فەرهەنگ لە کوردستانی نوێدا، هەروا کەمێک کەموکوڕیش لەو بوارەدا، تەجرەبەیەکە ئەهێنێ توێژەران و پەیوەندیدارانی زمان بەگشتی و زمانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی لە ئاستیدا هەڵوەستە بکەن و هەڵسەنگاندنی باش و خراپییەکانی ئەم پرۆسە بیست ساڵییە بکەن.

دەستخستنی هەواڵ، دەستپێشخەری ڕۆژنامەوانی و پەرەپێدانی تەکنیکەکانی کاری ڕۆژنامەوانی و پێدانی مۆرکێکی خۆماڵی بە بنەما گشتییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی، ئەمانەش زەوی بەیارن و هی ئەوەن کاری تێدا بکرێت و هەقی ڕاستو چەپ، باش و خراپی تێدا ڕوون بکرێتەوە.

پشکی کوردستانی نوێ لە داکۆکی لە ئازادی و پیادەکردنی ئەو ئازادییە لە وێستگە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی کوردستانو ڕۆڵی ڕۆژنامەکەمان لە گەیاندنی پەیامی حزب، پەیامی نەتەوەیی، فراوانتر لەوەش پەیامی جیاوازیی ڕوانین و ئازادیی بەیان، کە ئێمە پێمان وایە پشکێکی سەنگینە و کەسانی تریش دەتوانن هەڵسەنگاندنێکی پێچەوانەی بۆ بکەن، دیسانەوە ئەمانەش بابەتی گفتوگۆ و ستایش و سەرکۆنەکردنن.

ئەمانەو گەلێکی تریش.

بیست ساڵ، هەر لە ئێستاوە تا ڕۆژی ٢٠١٢/١/١٢، ئەهێنێ لەسەری ڕابووەستین، بە کەمی نەگرین، بەڵام بە زیادەیشی نەزانین. لەسەر چەپکە گوڵی سەرکەوتنەکانی نەخەوین و بەربەستەکانی بەردەم و کەموکوڕییەکانیشی ئەژنۆمان نەشکێنن.

(٢)

که باسی گەشە و ئاستی جێی دڵخۆشی کوردستانی نوێ دەکەین، لەسەر کام کوردستانی نوێ قسە دەکەین؟ لەسەر کوردستانی نوێ وەک یەک یەکەی تەواوکاری یەکتری و یەک مێژووی پێکەوە بەستراوی ئەم بیست ساڵە، کە دەیان خەباتکار و ڕۆژنامەوانی لێهاتوو کاریان تێدا کردووە و پێیان گەیاندووە و خشتیان خستۆتە سەر تەلاری پێگەیشتن و گەشەکردنی. باس لە خاوەندارێتییەکی بیست ساڵە دەکەین کە چەند سەرنووسەر و ستافی سکرتاریەت و دەستەی نووسەران و کارگێڕ و پەیامنێر لەخزمەتیدا بوون، ئەوان هاتوون و چوون، بەڵام کۆشش و ماندبوونەکەیان وا لەناو جڵدو ژمارە و لاپەرەکاندا، لە ئەرشیفی ڕۆژنامەکە و لە ئەرشیفی کتێبخانە گەورەکەی کوردستانی نوێدا شاهیدی زیندوون و هەر حەرفێکیان چیرۆکی هیلاکی و ڕەنجێک دەگێڕنەوە.

باسی کوردستانی نوێی ئەمڕۆ، ئەم مانگە و ئەمساڵە و بەو ستافەی ئێستایەوە ناکەین، با ئەم ستافەی نها کارگێڕ و هەڵسوڕێنەری بن و بۆ ئەم دەورانە لەخزمەتیدا بن، باسی کۆششێکی دەستەجەمعیی تەمەنی بیست ساڵەی ڕۆژنامەوانیی کوردستانی و دوو دەیە لە مینبەری بزووتنەوەی دیموکراتیو کوردایەتی دەکەین، کە ئەم ڕۆژنامەیە بۆ ئەوان بووە ئامڕازی خەبات و سەکۆی گەیاندنی ئەندێشە و ڕەنجی بیر و ئاوێنەی زانیاری لەسەر چالاکی و کۆششیان.

کوردستانی نوێی جێی یادی دوو دەیەی ئێمە، کوردستانێکی نوێیە، کە بۆ کوردستانی نوێ، بۆ کوردستانی ڕزگار و ئازاد بووە ناونیشانی سەردەمێکی تازە، کە کورد خاوەنی قسەی

خۆی، حەرفی خۆی و ڕۆژنامەی ڕۆژانەی خۆی بێت و هیچی لە هەموو میللەتانی دونیا کەمتر نەبێت. ئەویش وەک میللەتانی تر خاوەنی حەیسیەتی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانیی خۆی بێت و ڕۆژنامەکانی مولکی داگیرکەرانی نەبێ، یان بە ئیجازە و رەحمەتی ئەوان دەرنەچێت، کە هەر وەختێک گوشاریان کرد، یان لە کورد تەوەللا بوون، دابخرێن، یان ڕابگیرێن، یان دەستیان بەسەردا بگیرێت و بۆ ئامانجی غەیری ئامانجەکانی کوردایەتی و خواستەکانی کوردەواری بەلاڕێدا ببرێن. کوردستانی نوێ بەرهەمی ئیرادەی خاڵسی شۆڕشی کوردستان، شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە، کە کەمتر لە ساڵێک بەسەر ئازادکردنی بەشێکی کوردستان گوزەری نەکرد ئەم هاتە کۆڕی بڵاوکردنەوەوە. لەو گەمارۆ ڕۆشنبیری و سیاسیو ئابوورییەی ئەوێ ڕۆژگاردا تەحەددایەکی ڕۆشنبیری و سیاسیی گەورەی خوڵقاند و ڕووی ڕووباری داهێنانی هەمەکارەی داهێنانی کوردی لە ئەدەب و لە ڕۆشنبیری و لە فیکر وەرگێڕا و لەجێی بەغدا کوردستانی کردە قیبلەنوما و سەکۆی خۆیدایە ڕووناکبیرانی کوردستان، کە بەبێ منەتانەوە وەبەرهێنانی ڕۆشنیری لەم بەرهەمە خۆماڵییە خۆکردییە بکەن و تەنانەت داهێنەرانی تاراوگەشی هێنایە سەر کەڵکەڵەی هەناردنەوەی بەشێکی ڕەنج و بەرهەمیان بۆ ناوەوەی وڵات، کە جەماوەری ڕاستەقینە وا لە کوردستانن.

ئەم ڕۆژنامەیە خەیاڵی بەرجەستەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکەمین ئاواتی بەدیهاتووی سەر گۆڕەپانی ئازاد بوو. شەرەفی ئەوەی هەبوو کە وەک دیفاکتۆ لەدایک بێت، وەختێکیش مۆڵەتی ڕەسمیی وەرگرت، مۆڵەتی لە

وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی کوردستان وەرگرت، بە ژمارەکەی (یەک) و ئاواتەکانی هەزار بوون.
باسی ئەم کوردستانی نوێ دێرینە دەکەین و بۆ ئەوانەی مێژووی ئاهو هەناسەی دەیان ساڵەی کورد بۆ ڕووناکبیری و بۆ خاوەنداریێتی لە ڕۆژنامە دەخوێنینەوە، ئەم ژانی لەدایکبوونەو ئەم گەلاڵە کوردستانییە بەو جۆرەی هاتەکایەوە سەدان ماناو هەزاران تاسە و هیوا لە خۆیاندا چڕ دەکەنەوە. ئەم باسی مێژووی نزیکە بۆ پیاهەڵدان نییە بەم ڕۆژنامەیە و ئەو حزبەی ئەم ڕۆژنامەیەی دەرکرد، بەڵکو دەستنیشانکردنی شانازییەکی گشتییە، کە هەروا لە ناوماندا و دەبێ بەو نەفەسەشەوە کار بۆ پێشخستنی بکەین و کۆسپ و تەگەرەکانی و لەوەش گرنگتر کەموکوڕییە خۆییەکانی چارەسەر بکەین.

*کوردستانی نوێ، ڕۆژی: ١٢-٢٠١١/١٢/١٣

باسی پێنجەم:

# کۆمەکی کوردستانی نوێ

سەرەڕای ئەوەی یادەکەی ئەمساڵی کوردستانی نوێ شتێکی تایبەتمەندی تێدا بوو، کە لەگەڵ شان و شەوکەوتی بیست ساڵەدا بگونجێت، بەڵام هێشتا بێ کەلێن نەبوو، بە تایبەتی کەلێنی گێڕانەوەی مێژووی نەنووسراوی ئەم ڕۆژنامەیە، ئەوی نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە دەرفەتمان هەبوو بچینەوە سەری و لەو کتێب و بڵاوکراوانەی بۆ ئەم یادە چاپمان کردن، تۆماری شایانیان بکەین، بەڵام زۆر لاپەڕەی پرشنگداری تر هەیە، کە چونکە نەنووسرابوون، نەمان نووسیوە. لەوانە لاپەڕەی کۆمەکی کەل‌وپەل و پشتیوانیی ماددی بۆ کوردستانی نوێ، کە لاپەڕەیەکی زێرینە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، ڕاستە ئەم ڕۆژنامەیە یەکێتی دەری کردووە و هەر لە سەرەتاوە سپۆنسەری دارایی ئەم کۆرپە نازدارەی کوردستانی ئازادی کردووە تا گەیشتۆتە ئەمرۆ، بەڵام چونکە کوردستانی نوێ بۆ کورد و کوردستان بووەو ناسنامانەو ڕێبازی لە چوارچێوەی حزبیدا قەتیس نەبووە، گەلێک لە دۆست و دڵسۆزانی

کوردستانی ئازاد و لە پشتیوانانی بزووتنەوەی ڕووناکبیری و سیاسی کوردستان کۆمەکیان کردووە، یارمەتی دارایی و کەرەستەی دابین بوو کە پێیان وابووە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕۆژانە پێویستن، خستۆتە بەردەست و تەوقی ئابلۆقەی ناوخۆیی ڕژێمی بەعسیان بۆ شکاندووە، ئەم هاوکار و دەوڵەمەندە خێرخواز و دڵسۆزە بیر ڕووناکانەی کوردەوای بەشدارن لە بیناکردنی تەلاری بەرزی کوردستانی نوێ و شەریکەبەشی خستنەڕێی ئەم کاروانەنو حەقی خۆیانە کوردستانی نوێ سوپاسیان بکا و چاکەیان بە درێژەپێدانی کاروانی ڕۆژنامەوانی و فراوانکردنی بازنەی بایەخپێدانەکانی لە حزبییەوە بۆ کۆمەڵگە و لە سیاسەتەوە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، بداتەوە، هەروەک هەقێتی وەک بەشێک لە مێژووی کوردستانی نوێ هەموو ئەو دەورانە بەسەربکەینەوە و تۆماریان بکەین، بۆیە هەر لە ئێستاوە بەڵێنمان وایە کەوا بکەین.

***کوردستانی نوێ، ڕۆژی ۲۰۱۲/۱/۱۵**

## مۆمی کوردستانی نوێ گەشاوەیە

یادی هەڵکردنی مۆمی بیستەمین ساڵەی کوردستانی نوێ نزیک دەبێتەوە. یانی نۆزدە ساڵ لە شەونخوونی و هیلاکی ستافێک لە کارگەرانی ئەم ڕۆژنامە ڕۆژانەیە، یان ڕاستتر بڵێم چەندین ستافی لە سەریەک و چەندین نەوەی ڕۆژنامەوانی لە کوردستانی ڕزگاردا، کە هەموویان لە قاپوتەکەی کوردستانی نوێ-وە دەرچوون و بە دونیای پانوبەرینی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بڵاوبوونەوە.

نۆزده ساڵ عومرێکه به میزانی ڕۆشنبیری و سیاسەت و دەستەبژێری. به میزانی نەتەوەیی و میللیش سەیری بکەیت، ئیتر ئەم ڕۆژنامەیە یادەوەریی میللەتی کورده له دوای راپەڕینەوە. سەرکەوتن و شکستەکان، هەوراز و نشێوەکانی تەجرەبەی دیموکراسی لەم دەڤەرەدا کێومالّی لاپەڕە و بابەتەکانی کوردستانی نوێن. تەنانەت ئەگەر بەرتەسکترین بینینیش پێی وابێ هەموو هەواڵ و گوزارشت و زانیارییەکانی بەفلتەری یەکێتیدا گوزەریان کردبێ، که وانییه، هێشتا ئەم ڕۆژنامەیه بۆ ئەوانەی نەیار و ناسازن لەگەڵ دونیابینی یەکێتیدا، سەرچاوەیەکی هەره بەنرخی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی کوردستانه له دوو دەیەی ڕابردوودا. (کوردستانی نوێ) هیچی نەکردبێ، کۆدی بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردستانی لایه له باسوخواسی وەزیرەوە، تا ئێش و ئەندێشەی گەزیرێک.

تەمەنێکی نۆزده ساڵی، جگه له یادەوەری ئاوێنەی ژیانی کوردەواری لەسەر پەڕی ڕۆژنامەکە، هەروا لەنێو دێڕ و لاپەڕه و کاپشنی وێنەکان و دیزاینەکەیدا ڕەنجی فەرهادی دوو دەیەی تاقیکردنەوەی ڕۆژنامەوانی خۆماڵی هەیە.

تاقیکردنەوەیەک له گەمارۆ و دابڕانی کوردستان له دونیای دەرەوەی خۆی، وەک نرخی ملکەچنەکردن بۆ داگیرکاری و سیاسەتەکانی بەعس، لەوێوه دەست پێ دەکات تا وێستگەی پێگەیشتنی نەوەیەکی ژێر سایەی کوردایەتیی حوکمڕان و ئینجا له ڕووخانی بەعس و شکاندنی قەفەسی گەمارۆ دەنیشێتەوە. نزیکەی بیست ساڵ له تاقیکردنەوەی سەرکەوتووە، کەوتن و هەڵسانەوه و کەڵەکەکردنی

ئەزموون، کە هی تر ئەمەیان نەکرد و بە دەستگیرۆیی و مەشق و ڕاهێنان هاتنە نێو گۆڕەپانەکەوە، هەڵبەت لە هەلومەرجێکی ڕەخساوتریشدا.

کوردستانی نوێ ڕێک وەک ڕووەکێکی کوردی لە زەمینی کوردستاندا شین بوو و نمای کرد، پەینی وی پەیڤی کوردی و هیوای ڕەسەن و ئاواتی بەرزی کوردایەتی بوو، کە تەقەلای دەدا هەموو ئەمانە لە تەکنیکی ڕۆژنامەوانیی هاوچەرخدا بەرجەستە بکات، بێ ئەوەی دەرمانی وزەبەخش، یان ڤیاگرای سیاسی بخوات. لەم پەستێنەدا هەقمانە کە دەڵێین، کەس بە ئەلفازمان نەڵێت کوردی نییە.

لەم دوو دەیەدا گەلێک قەڵەم و ئەندێشە شیلەی مێشکیان دایە کوردستانی نوێ و لە ئاوی کەوسەری ئەم ڕۆژنامەیەیان خواردەوە، بە جۆرێک ئەگەر دەستەیەک خوێندکاری ژیر لە کچان و کوڕانی زانکۆ و پەیمانگاکان وڵات بێن و ئەندێکسی نووسەران و نووسەرانی ئەم کاروانە دوو دەبییە بکەن، ناوی سەدان و هەزار هاوکار و هاوبەش و هاوڕێ دەبینن، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، بۆ یەک جاریش بێ، ڕازی دڵیان لای دایکی ڕۆژنامەوانی کوردستانی ئازاد: کوردستانی نوێ، کردۆتەوەو دەنکە جۆیەکی ماڵی پاشایان خواردووە. ئەم ڕێبوارانەی لە وێستگەی جیادا سڵاویان لە کوردستانی نوێ کردووە، ئەویش بە سڵاو و ڕێزی زۆرترەوە جوابی داونەتەوە، تێیاندا هەیە لەوپەڕی ڕەوتی پێچەوانەی کوردستانی نوێ-یە و لەوەشدا ئازادە، ئەمما مێژوو ئەمەیە لەناو لاپەڕەکانی کوردستانی نوێ-دا تۆمارکراوە.

ئەم ڕۆژنامەیە شانازی ئەوەشی هەیە لە چەندین

وێستگەدا، بە تایبەتی لە وێستگە سیاسییەکاندا، ڕای گشتیی وروژاندووەو هانی داوە، هەرچی بۆ کورد و کوردستان باشە ئەوە بکەن و بڕیاری لێ بدەن.
هەرچی بڵێین لەسەر ئەم (١٩) ساڵەیە تەواو نابێ و شایانی لەوە زیاتریشە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم یادەوەرییە جەدوای هەبێ و هەمیشە دڵە زیندووەکەی ڕاگەیاندنی یەکێتی لە مەیدانەکە بمێنتەوە، دەبێ لەسەر چەپکە گوڵی سەروەرییەکان نەخەوین و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەی جددییەوە پێشی هەر لایەنەکانی تر کەموکوڕی خۆمان دەربخەین و هەڵی بسەنگێنین بۆ تێهەڵچوونەوەیەکی نوێ.

**پەنجا هەزار چاو!**

بەپێی هەواڵێکی موژدەبەخش، کە لە (کوردستانی نوێ) دا بڵاوبۆتەوە، ئێستا بە هۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە (٢٥) هەزار کەس (کوردستانی نوێ) دەخوێننەوە. (٢٥) هەزار خوێنەر، واتا پەنجا هەزار چاو، کە چاودێریی نووسین و بەرهەمەکانی (کوردستانی نوێ) دەکەن.
ئەم هەواڵە چەندە نەشئەبەخشە بۆ ئەندامانی (خێزانەکەمان)، دوو هێندەش خورپە بەدڵدا دێنێ سەبارەت بەو ئەرکە سەربارەی دەکەوێتە سەرشانمان و پێویستە بۆ لەمەودوا لەئاستیدا بین.
هەواڵەکە نەشئەبەخشە، چونکە هەموو ڕۆژنامەیەک بۆ خوێنەران دەردەچێ، بۆ خوێنەران دەنووسێ و بۆ ئەوانیش خۆی جوان دەکات. لەبەرئەوە هیچ لەوە خۆشتر نییە، کە تیراژی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکەت بگاتە ئەو ژمارەیەی

گەواهی سەرکەوتنی بێت و ئەو ئاستەی هیچ مورتەجەعێکی نەبێت.

ئەگەر بەرزبوونەوەی تیراژ لە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستاندا لەتوانادا نەبێت بە هۆی گەمارۆ هەمەچەشنەکانەوە، ئەوا تێپەڕاندنی تەنگژەی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ڕۆژنامەنووسی و میدیای کوردیی، کە لەسەر دەستی (کوردستانی نوێ) هاتەدی. پێشتر لە ساڵی ١٩٩٥دا بۆ یەکەمین جار (کوردستانی نوێ) ئەزموونێکی لەم بوارەدا تاقیکردەوە، تاوەکو بەم دواییە ئەزموونەکە لە شێوەیەکی چۆنایەتیدا دەستی پێکرایەوەو سەرەنجام بەو ڕۆژە گەیی (٢٥)هەزار خوێنەری کورد دژ بە گەمارۆی سەپێنراو بەسەر ڕۆژنامەنووسیی خۆماڵی بدەن‌و لەسایەی ئینتەرنێت‌و سەربازە ونەکانی ئینتەرنێت، کە (کوردستانی نوێ) و (الاتحاد) و بڵاوکراوەکانی تری یەکێتی بەدەرەوە گرێ دەدەن، خەونی (فراوانترین بڵاوکردنەوە) هاتەدی.

گرێدانەوەی (کوردستانی نوێ) بە ئینتەرنێتەوە خورپە بەدڵدا دێنێ سەبارەت بەوەی، کە ئیتر ئەرکەکانی ئێمە قورستر دەبێت، چونکە بەشێکی زۆری ئەو کوردانەی هەندەران، کە هەنووکە (کوردستانی نوێ) دەخوێننەوە لەبەردەستیاندایە و دەتوانن ڕۆژنامە و میدیای بیانی ببینن‌و بخوێننەوە، چاودێریی بکەن و بەراوردیشی بکەن لەگەڵ هەوڵە خۆماڵییەکەی ڕۆژنامەنووسانی (کوردستانی نوێ) شدا. بۆیە هەقە لەمەودوا میزاجی ئەو (٢٥) هەزار خوێنەرەش لە نووسین و هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و شیکردنەوەکانی خۆماندا

ڕەچاو بکەین. لەمەودوا ئەرکمانە لە یەک کاتدا میزاجی خوێنەری کوردستانەکەی خۆمان و خوێنەرە کوردییەکەی هەندەرانیش ڕەچاو بکەین.

**نامانەوێ ئەسیری شانازییەکان بین**

ئەمرۆ ژمارەی کوردستانی نوێ گەیشتە ژمارە (٥٠٠٠)، گەیشتە ژمارە پێنج هەزار کار و کۆشش، کە بە ژمارە سفری تاقیکردنەوەشەوە دەگاتە پێنج هەزار و یەک ڕۆژ و شەوی خەباتی پیشەیی و نیشتمانی و دیموکراتیی بەردەوامی ئەم ڕۆژنامە نوێیەی لەگەڵ ئەودا گەشەی کرد و هەوراز و نشێوەکانی ئەزموونی خۆبەخۆی کوردی بەڕێ کرد.

کوردستانی نوێ ئاوێنەی سەرکەوتن و تەگەرەکانی نیشتمانێکی لێوانلێو بوو لە خەم و خولیا و فرمێسک و بزە. ئەم ڕۆژنامەیە مێژووی (٥٠٠٠) ڕۆژی تۆمارکراوی دیرۆکی کوردە لە هەموو تاقوژوورەکانی سیاسەت و فەرهەنگ و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری. تۆماری (١٨) ساڵ لە دیموکراسی، هەڵبژاردن، ناکۆکی و ناخۆشی و بیرەوەری تاڵی هەڵەبجە و ئەنفال و بیرەوەری شیرینی نەورۆز و ڕاپەڕین و ڕووخانی قەڵای دیکتاتۆری بەعسە، (٥٠٠٠) ژمارە دەفتەری بەهرە و ئەفراندنی سەدان و هەزاران ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنوو، نووسەر، شاعیر، ئەدیب، هومەرمەند و وەرزشکاری کوردستانییە. (٥٠٠٠) ژمارە عەرزوحاڵی خەمی هەزاران هەزار هاووڵاتی و پردی پەیوەندی نێوان حکومەت و خەڵک، حزب و هەڤاڵەکانێتی.

ئەمە مێژوویەکی پڕ سەروەرییە، کە کوردستانی نوێ

هەیەتی و هەقی خۆیەتی پێیەوە بنازێت. ئەمما ئێمە ناخوازین دیلی ئەو سەروەرییانە بین. ئەگەر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا گەیشتن بە لوتکە ئاسان و مانەوە تێیدا زەحمەت بێت، ئەوا ئێمە خواستی زیاتر و گەورەترمان هەیە، پێمان وایە مانەوە لە یەک ئاستدا، با ئەو ئاستە لوتکەش بێت، یەکسانە بە لەجێی خۆدا پێچەبەدەورەکردن و پێکوتە، سەرئەنجام نزیکە لە پاشەکشێ، بۆیە ئیرادە و عەزمی مەتینمان هەیە، کە کوردستانی نوێ بکەینە نەوزەدی ئەمڕۆ و ئایندەی کوردستانی تازە، بە جۆرێک وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی هاووڵاتیان، هی بزووتنەوەی سیاسی و فەرهەنگیی کوردستان بێت، وەڵامدەرەوەی ئەرک و فەرمانەکانی یەکێتی بێت لە قۆناغی داهاتوودا. ئێمە لە کوردستانی نوێ هێڵێکی وەهمی لەنێوان داکۆکی لە سیاسەتەکانی یەکێتی و پێویستی هەرچی فراوانکردنی پانتایی ئازادی و جیاوازی لەناو ڕۆژنامەکەماندا ناکێشین، نامانەوێ هیچیان لەسەر حیسابی ئەوی تر بێت، ناخوازین کەس بێ مینبەر و بێ دەرفەتی گفتوگۆ بێت، ناشخوازین کەس سنگفراوانی و کرانەوەی ئێمە وا تەرجەمە بکات، کە لەسەر ناهەقی و درۆودەلەسە بێدەنگ دەبین.

پرۆسەی سیاسیی کوردستان وا گەشەکردوو و فراوانە، کە دەیان و سەدان مینبەری گوزارشتکردن هەن، یەکێتیش کە ئەم کوردستانی نوێیە بۆ خەڵکی کوردستان دەردەکات، شانازی گەورەی لەو گەشە و فراوانبوونەی پرۆسەی سیاسیی وڵاتەکەماندا هەیە. جا لە مینبەری کوردستانی نوێوە بێت، یان لە هەریەک لە مینبەرەکانەوە بێت، ئێمە

شانازی بە جیاوازی و فەرەیی وڵاتەکەمانەوە دەکەین و دەخوازین بەشدارێکی چالاکی ئەم کەشوهەوا ئازادەی گۆڕەپانی ڕۆژنامەوانی و میدیای کوردستانی بین، ئەمما بەشدارێکی سەنگین و سینگفراوان. ئەوەی مینبەری ئێمە بۆ گفتوگۆ و کرانەوە بەڕووی جیاوازییەکاندا هەڵدەبژێری، ئەوا بەخێر بێت و کوردستانی نوێ وەک هەمیشە لە بواری فکرییدا مینبەری هێڵی گشتی سیاسەتی کوردایەتی پێشکەوتنخواز و مینبەری هەموو ڕوانینێکە، با لە گەڵیشی نەبێت. وەک چۆن لە بواری میدیاییدا کەناڵی گواستنەوەی ڕاستییەکان و پێدانی زانیاری دروستە.

شانازی بە ژمارە (٥٠٠٠)ەوە دەکەین و لەسەر چەپکەگوڵی سەرکەوتن پشووی جەنگاوەرانە دەدەین، نەک خەومان لێ دەکەوێت.

ئەم ناوە، کە بۆ (کوردستان)ە و ئەم (نوێ)یەش کە بۆنی تەڕایەتی و زیندوویێتی لێ دێت، هەمیشە ئیلهامبەخشە بۆ نوێبوونەوە و بۆ (کوردستان)ێتییەکی بێ غەلوغەش، لە ڕێی ڕاگەیاندنێکی پیشەیی تر، داکۆکییەکی شێلگیرانەتر، لە یەکێتی و کرانەوەی زیاتر.

**شەش هەزار و یەك ژمارە**

ئەمڕۆ ژمارەی کوردستانی نوێ دەگاتە (٦٠٠٠). ڕاستیێکەی ئەگەر ژمارە سفری تاقیکردنەوەش ڕەچاو بکەین، دەکاتە (٦٠٠١) ژمارەی ڕۆژانە، کە ئەوە شتێکی نوێیە لە تەواوی مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردستانیدا.

ژمارە و ئامار بۆ ناسینی هەر دیاردەیەکی گشتی بە تەنیا

بەس نین، ژمارە بە ناوەڕۆکەوە شتە. جا لەبەر ئەوەی پێمان وایە شەش هەزارەی کوردستانی نوێ شتە، بۆیە بەم بۆنە و بەروارە دڵخۆشین.

هەر ئەوە، کە وشەی کوردی لە شەش هەزار ژمارەی ڕۆژنامەیەکدا بگەشێتەوە و لە شەقەی باڵی ئازادی بدات، خۆی لە خۆیدا شانازییە. ئەم شانازییە بەر هەموو ڕۆژنامەیەکی کوردی و کوردستانی دەکەوێت، بەڵام تایبەتییەکەی بۆ ئێمە لە شەش هەزار جارەکەیدایەتی. چەند خۆشە بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد و بۆ نەتەوەی کوردیش دوای دەیان و دەیان ساڵ لە دەستەمۆکردنی وشەی کوردی، لە شێواندنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی لە گوتنی قسەی ناهەق و ناڕەوا و لە شێواندنی ڕاستیی کورد و کوردستاندا، لە دوای ڕاپەڕینی کوردانەوە بگەڕێتەوە سەر ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی، کە وشە و ڕستە بێت لە پێناوی گێڕانەوەی ڕاستیی مەسەلەی کورد، ڕاستیی هیوا و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان و گەشەی فەرهەنگ و زیندەگیمان لە تەجرەبەی خۆبەڕێوەبردنی خۆمانەدا. شەش هەزار ژمارە و ژمارەیەکی تاقیکردنەوەش چیرۆکی شەونخوونی چەند نەوەیەکە لە ڕۆژنامەنووسانی کورد، کە لەم کاروانە دووروودرێژەی ڕۆژنامەوانیی کوردییدا کاریان کردووە و جێ دەستیان بەسەر حەرف و ڕستە و ناوەڕۆک و ژمارەکانی کوردستانی نوێوە دیارە، کە جێدەستی زێڕینن و کوردستانی نوێ بۆ ئەمڕۆ و داهاتووش شانازییان پێوە دەکات، چونکە کوردستانی نوێ، کە خەڵاتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە بۆ کوردستانی نوێ و ئازاد و لەم

ڕێرەوەدا یادەوەری بیستویەک ساڵەی میللەتی کوردی لەخۆگرتووە، ئەم داستانە بە هی نەوەیەک و گرووپێک نازانێت، بەڵکو بە هی هەموو حەرفچنو قەڵەم بە دەست و ئەندێشمەندێکی کوردستانیی دەزانێت و هیوادارە لەسەر هەمان ڕێچکەی سەرەتای ڕۆمانسی و بە تیفتیفەی واقیعی گۆڕاوی کۆمەڵ و گەشەی ڕۆژنامەوانیدا بەردەوام بێت و هەدادانی نەبێت، تا شەش ملیۆن ژمارە پڕ دەکاتەوە. دەی سا با ژمارەی سەرووی ئەوەش خەون بێت لە خزمەتی نەوەکانی داهاتوودا.

حەرفی کوردی گەوهەرێکی خوداییە، بۆیە با هەمیشە ناوەڕۆکێکی ڕاست و ڕەوا و جوانی پێ ببەخشین. پیرۆزە ئەم ڕەقەمەش.

## باسی شەشەم:

# پەیام لێرە بۆ ئەوێ

### ڕۆژانەبوونی ئاسۆ

ئەمڕۆ ١١/٨ ساڵێک بەسەر ڕۆژانەبوونی ئاسۆدا تێپەڕ دەبێت، کە لە باری مێژووییەوە یەکەمین ڕۆژانەی ناحزبییە لە ڕەوتی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا. قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنی ئاسۆ بۆنەکانی زۆر کردووە: مێژووی لەدایکبوونی (٤/١)، مێژووی هەر سەد ژمارەیەکی و ئینجا بەرواری بەڕۆژانەبوونیشی. هەر وێستگە و بۆنەیەکیش دەرفەتێکی چاکە، هەم بۆ خواردنی شیرینیی یادەکە و هەم بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن.

ساڵێک لە ڕۆژانەبوون دەرفەتە بۆ پێداچوونەوە، ئایا باش بوو، کە بووە ڕۆژانە؟ ئایا لە هەموو ئەو قۆناغانەدا مەسجەکەی خۆی جێبەجێ کردووە؟ دواجار پرسیارە زەحمەتەکە ئاسۆ لە کوێی نەخشەی ڕۆژنامەوانیی کوردستانییە؟

لەم پرسیارەی دواییەوە دەست پێ دەکەم: ناسینەوەی شوێنی ئاسۆ لە نەخشەی ڕۆژنامەوانیی کوردستانیدا. بۆ

ئەمە دەبێ ئاسۆ مەسافەی نێوان خۆی و هەر ڕۆژنامەیەکی سەر گۆڕەپانی وڵات دیاری بکات. لە کام جێگە و پلەدایە؟ لە کام وێستگەدا پێشکەوت و لە کوێدا پێشیان دایەوە؟ پێوەر بۆ پێشکەوتن و پێشدانەوە چین. تیراژ؟ وادە و ڕێکوپێکی دەرچوون، ژمارەی دەرکردن، تەمەنی مانەوەیان، ئەندازەی کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕۆژنامەوانیی کوردستانیو کاریگەری لەسەر میزاجی خوێنەر؟

بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەرچەندە بابەتی بن، بارگاوین بە ئیلتباسو دوودڵی. ئەمەش لە هەلومەرجێکدا، کە ڕۆژنامەکانی کوردستان ئەوەندەی ڕکابەری یەکترین، ئەوەندە چاودێری دۆخی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی وڵات نین، کە ئەوە ئەرکی سەرەکی میدیایە. کەواتا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، بۆ دوورکەوتنەوە لەو ئیلتباس و کەشوهەوای ڕکابەرییە، دەبێ لە کۆبوونەوەی شێنەیی و ناوخۆیی ستافی ڕۆژنامەکە، هەروەها پشت بە داتا و ئامار و کێرفی هەڵسەنگاندن ببەستێت، چونکە بەدەر لەوە، هەڵسەنگاندنی ئاشکرا لە جێی ئەوەی هەڵسەنگاندنی کاری خۆمان بێت، دەبێتە زەمینەیەکی بێمانای هەندێک لە ڕۆژنامەکانی تر، یان ستایشێکی خوتوخۆڕایی هەندێکی تریان، یاخود پێداهەڵدانێکی بێ بناغەی خۆمان لەناو ئەو بەراوردەدا بەو ئیعتبارەی (کەس بە دۆی خۆی ناڵێت ترشە).

لەم حاڵەدا بەشێکی ئەم پرسیارانە لەسەر پەڕی ڕۆژنامەوە دەگوازمەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆی دەستەی نووسەرانو بۆ ئەوەی ئێش لەسەر وەڵامدانەوەی بکەن.

دێمە سەر پرسیارەکانی سەرەتا، کە وەڵامدانەوەی

ئاشکرایان سەر ناشکێنێ: پێم وایە ئاسۆ هەڵەی نەکرد، کە بووە ڕۆژانە، بەڵکو شانازییەکی گەورەی بەرکەوت، بەڵام دەبێ بەم شانازییە ئیکتفا نەکات، بەڵکو بوونی خۆی بکاتە بەشێکی سەنگین لە ژیانی سیاسی، ڕووناکبیریو ژیانی گشتیی کوردەواری. بۆ ئەمە چەند پێشخستنی ناوەڕۆک گرنگە، ئەوەندە پێشخستنی شێوازی بڵاوبوونەوە و گەشەپێدانی نەریتی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گەیاندنی بە ماڵەکان و گوندەکان گرنگن.

ئایا دەتوانین ئەم ویستانە لە قسەوە بکەینە کردار، بە تایبەتی لە زەمانێکدا، کە نەک لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو دونیاشدا، ڕۆژنامە لەپاشەکشێدایە و ئینتەرنێت و سەتەلایت پشتی شکاندووین؟ ڕۆژنامەی وڵاتانی دەوروبەر ئیش لەسەر ئەم تەحەدایە دەکەن، ئەگەر ئێمەش نەتەوەین لەسەر کاغەز، دەبێ لەسەر کاغەز و لەسەر واقیع لە ئاستی ئەم تەحەدایەدا بین.

***ڕۆژنامەی ئاسۆ: ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/٨**

## یار خودا حافیز دەست لێك بەردانە

میسرییەکان پەندێکی جوانیان بۆ وەسفی ئەم حاڵەتە هەیە "یحدث هذا فی أحسن العائلات"، ئەمە لە هەموو خانەدانێک دەقەومێ. هەموو دەزگایەکی میدیایی پێداچوونەوە بە توانای دارایی و جەدوای بەرهەمەکانی دەکات، لە شقڵ و شێوەیان، لە وادەی دەرچوون و پەیامی پەخشکردنیان، لە پێویستی بەردەوامی یان داخستنیان دەکۆڵێتەوە. "خەندان"یش لەم سوننەتە بەدەر نییە.. ئەسڵ لە میدیا ناونیشانەکە نییە، ئەسڵ

پەیامەکەیە، ئەوی هەفتانە لە پەیامدا بۆی کۆشاوە دەشێ خەندان لە چالاکییەکانی تردا درێژەی پێ بدات. گرنگ پەیامی میدیاییە، نەک ئامرازەکەی.

گەلێک جار گوتوومە، خەباتگێڕانی کورد لە تورکیا تەجرەبەیەکی شۆڕشگێڕانەی سەنگینیان لەناو تەونی جاڵجۆڵەکەی (دیموکراسی)یەکەی تورکیا هەیە. هەر کە دادگا حزبێکی کوردی دادەخا، حزبێکی تر بە ناوێکی ترەوە ئیجازە وەردەگرێ، کەناڵێکی میدیا دادەخرێ، یەکی تر جێی دەگرێتەوە. ئەمە قەدەری کوردایەتی و خەبتینی فەرهەنگی کوردە لە زەمەنێکدا هێشتا هەموو دژوارییەکانی ماڵی نەکراوە.

لەگەڵ سەلماندنی ئەو دژوارییانەی دێنە ڕێی کۆششی میدیایی لە کوردستان، لەگەڵ بایەخی پەیام تا ئامرازەکەی، بەڵام هەرچۆنێک بێت لە کارکەوتنی ناونیشانێکی میدیایی هەر ناخۆشە. مرۆڤ لە گۆشت و خوێنە و هەر گۆڤارێکیش وەک هەر کارێکی دەستەجەمعی قەوارەیە بۆ هاوڕێیەتی و پێکەوەیی و شەونخونی بەدیار دەرچوون و کەوتنە بازاڕەوە. لەمەدا هەق دەدەمە ستافی هەفتانە، کە خەمبارن لە نەمانی ناوی (هەفتانە)، بەڵام نەک تا ڕادەی دۆشدامان، خەبات بەردەوامە بە شێوەی تر.

ڕاستە !دەبوایە درۆنامەی تر سەردابخەن و گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەن، کە زەوقی کوردەوارییان شێواندووە، بەڵام ئیتر ئەمە دەورانێکی تاریکە لە کاروانی چاندی کوردی. خوای گەورە ئەم هەورە چڵکنە ڕامالێ و خوێنەرانیش ئەرکیانە، کە ڕەوتی سەنگینی ڕۆژنامەوانیی ئازاد و بەرپرسی پایەدار

بکەن و لەگەڵ پرۆژەی جددیدا ئاشت ببنەوە.

ئێستا کە "هەفتانە" دادەخرێ، ئەم بڵاوکراوە کوردستانییە لە وێستگەی هەنووکەییەوە دەچێتە وێسگەی نەمرییەوە. لەبەر چاو و دیدی خوێنەری ڕۆژانە بزر دەبێ و دەبێتە کەرەستەی خاو لە بەردەست توێژەران و مێژوونووسان و ئەوانەی خولیای بیلۆگرافیای ڕۆژنامەوانیان هەیە. تۆژەران لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و گشتییەکانی لەوێدا ڕەنگیان داوەتەوە لێکۆڵینەوە دەکەن. مێژوونووسان لێدوان و بەڵگە و میزاجی سیاسیی دەورانی (هەفتانە)ی پێ دەخوێننەوە. بیلۆگرافیانووسانیش ئێژن: "گۆڤاری (هەفتانە) هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتی بوو، کە خەندان بۆ پەخش و وەشاندن دەری دەکرد. گۆڤارەکە وەک دەستەخوشکی الاسبوعیة و وەک یەکەم گۆڤاری جووتزمانی دەزگایەکی کوردستانی دەرچوو، پاشان تا دەهات ئەمیان پێویستی تایبەتمەندی خوێنەری کوردی ڕەچاو دەکرد و ألاسبوعیة لە ئاستی عێراقدا کاری دەکرد.

هەفتانە گۆڤارێکی سەنگین و جددی بوو، کە بەکەمترین ستافەوە کواڵیتییەکی بەرزی دەردەخست. ماوەیەک لە ئوردن و پاشان لە سلێمانی چاپ دەکرا.. یەکەم ژمارەی لە (٢٠٠٨/٦/١) و دوا ژمارە، کە ژمارە (١٥٥)ـە، لە ( /٢٠١١/٨) دەرچوو.. (هەفتانە) ڕۆشنبیرییەکی بەرچاو بوو لە تاریکایی قەرەباڵغی ڕۆژنامەوانیی کوردییدا)

وتلك الایام نداولها یین الناس.

**پەیام دۆناودۆنە، دەشێ ڕۆحی**
**لە ناوێکی تردا بەرجەستە ببێتەوە**

چەند مانگ پێش ئێستا خواحافیزیمان لە گۆڤاری (هەفتانە) کرد، وا ئێستا ماڵئاوایی لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) دەکەین، وەبیر خوێنەرانی کورد زمانیش دەهێنمەوە، کە (کۆپرو) ش، چ ئەو کارەی ڕۆژنامەی (تورکمانی- عەرەبی) و چ دواتریش کە بوو بە گۆڤارێکی بەدڵ تورکمانی و بە زمان عەرەبی، جگەرگۆشەیەکی تری (خەندان) بوو، کە ئەستێرەی دەرچوونی لە ئاسمانی ڕۆژنامەوانیی کوردستانی – عێراق ئاوا بوو. باوەڕم وایە، کە هەموو ڕۆژنامەیەک، هەموو چاپکراوێک، چۆن سەرەتای هەیە، ماڵئاوایشی هەیە، بەڵام هەموو ماڵئاواییەک پاساوەکەی هەرچییەک بێت و چەند پاکانە و شێر و ڕێوی بۆ بکەیت، لای خۆشەویستان قابیلی قبوڵ نییە. وەکو مەلا دەنگ خۆشە تورکمانەکانی کەرکوک دەڵێن (الموت حق، ولكن الفراق عصيب.. مردن هەقە، بەڵام لێکجودایی دژوارە). ماڵئاوایی لە ئاسۆ، دوای تەمەنێکی نزیک بە هەشت ساڵ، دیمەنێکی دژوار و گرتەیەکی تەڵخە، کە ناخوازین بیبینین و چاوی فرمێسک تیا قەتیس ماو ناتوانێت وێنای بکات.

تەجرەبەی من لەگەڵ (ئاسۆ) تۆزێک جیاوازترە لە تەجرەبەم لەگەڵ بڵاوکراوەکانی تری خەندان. ئاسۆ یەکەم کوڕی ئەم دەزگایە بوو، خەونی سەوز و سوور و زەردم بۆی هەبوو، هاوڵەکانیشم هەروا بوون، لەو خەونەدا یەکمان گرتبۆوە، دەنا هەر یەکەمان کوڕی گەڕەکێک و چالاکی ڕێباز و باوەڕێک بووین. بۆچی خەونەکە شەرح بکەم؟

هەر ئەوە بوو لە لاپەڕەکانی ئاسۆدا ڕەنگی دابۆوە. پێکەوە ئەم ڕۆژنامەیەمان کردە ژمارەیەکی سەنگینی نێوەندی ڕۆژنامەنووسیی کوردی. دوای من و دوای هەڤاڵەکانیشم ئەم ڕۆژنامەیە بە ڕەنگ و بۆی کەمێک جیاوازتر، نەخشی دیاری خۆی هەر درێژەپێدا و کاروانەکە پڕ ڕێبوار بوو.

هەڤالانی ئاسۆ پێیان گوتم، کە یەکەم و دوا سەروتاری نووسراوی منیان لەم ژمارە تایبەتیەدا، ئەوی ژمارە سفرو ئەوی ژمارە ٥٠٠، جارێکی تر بڵاوکردۆتەوە. لە هەردوو سەروتاردا خەونەکان ڕەنگیان داوەتەوە. مرۆڤ دەڵێی قەت نامرێ، بۆیە ئەجیندای دوورمەودا و سەد و یەک بەرنامە ڕیز دەکات. لە ژمارە پێنج سەددا بەو نەفەسە نووسیبووم کە جارێ کاری ترم پێ دەکرێت. لێ لە ژمارەی دوای ئەوە لە ئاسۆ نەمام. زۆر لەسەر ئەوە نووسراو گوترا. ئێستا کە هیچ گوشارێکم لەسەر نییە و دوا ژمارەی ئاسۆیە، دەمەوێ بلێم واز هێنانەکەم بڕیاری خۆم بوو، جیا لەوەی خەڵکی تر چۆن سەیری ئەم بڕیارەیان کرد؟ یان جۆرێک هاوسۆزییان لەگەڵم هەبوو، داخۆ ئەم کابرا گوناحە بۆ لادەبەن؟

خۆشە تۆ لە وێنەی قوربانیدا بیت، بەڵام ڕاستی هەر دەبێ بگوترێت. ڕاستییەکەی هەڵەی پیشەیی پێش هەر گوشارێکی سیاسی دەبێ ڕۆژنامەوان بگەێنێتە ئەو قەناعەتەی واز بێنێت. ئەگەر حورمەتی خۆی و پیشەکەی دەگرێت، ئاوەها لە خۆمم پرسی ئەو ڕاپۆرتەی بەڕێزێک نووسیبووی و مەیلی ململانێی سیاسیی پێوە بوو، ئەگەر لەسەر حزبە دڵخوازەکەی خۆم بوایە، بڵاوم دەکردەوە؟ جوابی ناخم وابوو نەخێر. کەوابوو ئەوی من ڕێم پێ دا هەڵەی پیشەیی

بوو، کە نابێ (ئاسۆ) نرخەکەی بدات. جا ستران ئەگەر خەزت لە گەمەی حزبییە بانگی موحەمد بە ئاشکرا خۆشە. بچۆرەوە ڕۆژنامەی حزبی دڵخوازی خۆت، بەدرەنگیشەوە بێت هەروام کرد.

ئەمما دەمرم و داخێکی ئاسۆ هەر لەدڵدایە (کوردستانی نوێ) شەریکی زۆرە لە سەروەریدا و ڕەنگە کەمێکی زۆر زۆر کەمی بەر بەندەی موخڵیس بکەوێت، هەرچی (ئاسۆ)یە ئەوا چیرۆکی دەستەیەک هاورێی خۆمانەیە، کە دەتوانن لەبەر سەرەتا و ناوەڕاست و بەداخەوە کۆتاییەکەشی بگێڕینەوە. بەس نایگێڕمەوە، تا بەشی دەفتەری بیرەوەرییەکان بمێنێت، لەبەر ئەوە هەر ئەم سەرە قەڵەمانە دەنووسمەوە:

* لەوە دەچێ (ئاسۆ) کەمێک زووتر دەستی پێ کرد بێت، کە حەیف هێشتا زەمینەی ڕۆژنامەوانێکی سەنگینی دوور لە لایەنداری نەڕەخسابێت لە کوردستاندا.

* دۆخی سیاسیی وڵات بە هەموو گرژیی نێوان هێزەکانییەوە دەرفەتی ڕۆڵگێرانێکی چاکی دابی (ئاسۆ)یی لە ڕۆژنامەوانی نەدا، ئەمەش ئاسۆی لە خیتابی سەنگینەوە بۆ خیتابی (شەرمنی) برد.

* هەردوو هۆکاری سەرەوە فەزایەکی نا جۆری دروست کرد، کە (ئاسۆ) نەتوانێت مەودای نێوان پەیامی خۆی و خاوەنداریێتی سیاسی.

* چیرۆکی ئاسۆ بەسەرکەوتنە زۆرەکانی و شکستە کەمەکانی دەمان باتە سەر ئەوەی لەبەر پرسیاریێتی سەرمایەگوزاریی کوردستانی و بەرپرسیاریێتی کۆمەڵی کوردەواریش بپرسینەوە. پرۆژەیەکی سەرکەوتووی وەکو

(ئاسۆ) و خەندان بۆ دەبێ لە بازنەیەکی داخراوی ڕێزلێگرتن و سڵاولێکردن نەبێتە پشتیوانییەکی ماددی بۆ پرۆژەی وا سەرکەوتوو، تا بتوانێت بەردەوام بێت ؟

* چیرۆکی (ئاسۆ)، وەک هەر درامایەکی تر، چیرۆکی وەفاداری زۆر و هەندێک بێوەفاییشە. وەفاداری زۆر لەلایەن زۆربەی ئەوانەی ئەم باخەیان بە فرمێسک و هەناسەی گەرم ئاودا و گەیاندیانە کەشکەڵانی فەلەک. هەندێک بێوەفاییش لەلایەن کەمێک لەوانەی لەم کانیاوە ئاویان خواردەوە و لەبەر مەیلی ئایدیۆلۆژی و دڵساردییان تفیان لێ کرد، تیریان تێ گرت و عاشقی نارەسەن بوون، نهێنیی خۆشەویستی و پەنهانی سەنعەتی (ئاسۆ)یان نە پاراست. درۆو دەلەسەیان لەسەر هاورێکانیان ڕەش کردەوە. ئەوانە کە چاویان بە ئاسۆ بکەوێتەوە، ناچارن چاویان دابگرن و ڕوو وەرگێڕن، چونکە بێوەفایی خۆیانیان بە خێل و خێچی مەحبوبە پاساو دایەوە. ئێستا کە ئاسۆ ماڵئاوایی دەکات، جێی خۆیەتی بە دڵداری نوێی ئەو بێوەفایانە بڵێین، چەندی وەفادارییی ئاسۆ بوون، هەر ئەوەندەش هی ئێوەن کە هێمن وتەنی: "ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین".

به هاوپیشە دێرین و ئێستاییەکانی ئاسۆ دەڵێم، ئاسۆ لە دڵدا هەڵبگرن، هەروەکو لە مانشێتێکی ژمارە سفردا هاتووە (هەروا ناوە دێ و دەڕوا)، ناوی ڕۆژنامەکان دێن و دەڕۆن و ئەوەی دەمێنێتەوە پەیامەکەیە. ڕۆحە بەپێی باوەڕی دۆناودۆن لە جەستەیەکی دیکە و ناوێکی دیکەدا بەرجەستە دەبێت.

باسی حەوتەم:

# دەستە خوشکەکان

## دەنگی گەلی کوردستان
## (بانگی هەق)ی شۆڕشی نوێ!

بەپێی ئەفسانە مێژووییەکە کاوەی ئاسنگەر و هاوەڵانی، وا ڕێککەوتبوون دوای سەرکەوتن بەسەر زوڵم و زۆری زوحاکدا، بۆ جاڕدانی سەرکەوتنەکە ئاگرێک لە چیاکاندا بکرێتەوە. بەم جۆرە ئاگرکردنەوە لە چیاکانی کوردستان یەکەمین ئامراز و گوزارشتی ڕاگەیاندنی کوردی بوون.

بەپێی ئاماژەی ئەوانەش بێت، کە یەک لە سەرچاوەکانی دیرۆکی پەیدابوونی ڕاگەیاندن و میدیا بۆ سەردەمی جاڕدانی سەرکەوتنەکانی شەڕ دەگێڕنەوە، کەوابێ ئێمە دەتوانین ئاگرکردنەوەی چیاکان بە سەرەتای ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕانەی کورد بزانین.. ئاگرکردنەوە لە چیاکان، ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی کورد بوو لە کۆنترین و هەرە دێرینترین شۆڕشەکانی کوردستان، کە دواتر نەورۆز بووە ڕۆژی نوێی ساڵێکی تازەو سەردەمێکی تازە...

لەسەردەمی نوێشدا ئێزگەدانان لە چیاکان، مژدەی

سەرکەوتنی کورد بوو لە نوێترین شۆڕشی خۆیدا، کە دواتر بە(شۆڕشی نوێی گەلەکەمان) ناسرا. ڕێککەوتیش نییە، کە جاڕدانی (نەورۆز)ی ئێزگەی شۆڕش، هاوکات بێت لەگەڵ یادی نەورۆزی شۆڕشی دێرینی کوردان. ئێزگەی شۆڕش کە بیست ساڵ بەر لە ئەمڕۆ و لە (١٩٧٩/٣/٢١)دا دامەزرا، هەر لە ڕێکەوتی دامەزراندنەکەیدا دەردەکەوێ ئێزگەیەکی دێرین و هاوچەرخ بووە، بەو مانایەی یەکەمین شۆڕش (شۆڕشی دێرینی کاوە) و دوا شۆڕش (شۆڕشی نوێ)-ی پێکەوە گرێداوە..

سەروەرییەکانی دەنگی گەلی کوردستان زۆرن لە واری خزمەتکردنی کوردایەتیدا، بە هەموو دەرکەوتەکانییەوەو لە واری خزمەتکردنی گەلی کورددا بە گشتی. لە واری کوردایەتیدا ئێزگە (بانگی هەق)ی شۆڕش بوو، کە بە گوێی خەڵکی کوردستاندا درا. لە سەروەختێکدا، کە دوژمن هەموو نوزە و دەنگی هەموو ناڕەزایەتییەکی لە خەڵکی بڕی بوو، ئێزگە (نا)یەکی گەورە بوو بە ڕووی زوڵم و زۆری ڕاگوێزانو تەعریب و کورد قڕاندا، مینبەری ئازادانەی کورد بوو، وەختێک کورد دەرفەتی نەبوو لە سیستمێکی تۆتالیتاری نەتەوەیی سەردەستدا بڵێ ئەزهەم، چ جای ئەوەی قسەیەک، بیروبۆچوونێکی پێچەوانە بڵێت. ئێزگەی شۆڕش وتەبێژی سەربازیی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لە سەروەختێکدا کە تەشکیلاتی پێشمەرگە لەبەر جەنگی پارتیزانی لە شوێنێکدا گرد نەدەکرانەوە، ئێزگە ڕاکالی جفەرەو نامەی ژوانی پێشمەرگانە بوو لەو ڕۆژەدا، کە پێشمەرگە لەهێکرا دەردەکەوتن، زەبریان لە

دوژمن دەوەشاندو لە چاوتروکانێکدا بزردە بوون. چەند پێشمەرگەی دلێر بە ئومێدی ئەوەی ئێزگەکە لە کاروانی شەهیدانیدا ناویان بخوێنێتەوە، حەزیان دەکرد شەرەفی شەهیدبوونیان پێ ببڕێو چەند پێشمەرگەی شەهیدیش لە ڕێی جۆشدانی ئێزگەوە لە نەبەردییەکاندا تۆڵەیان بۆ کرایەوە؟

ئێزگەی شۆڕش، نە تەنها ئێزگەی جۆشدانی ورەی پێشمەرگە و هاندانی خەڵکی کوردستان بوو، بەڵکو ئێزگە بۆ خۆی خوێندنگەیەکی هوشیارکردنەوە بوو، بۆ شۆڕشگێڕانو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان. مەڵبەندێکی ڕاستەوخۆی پێگەیاندنی خۆڕسکانەی کادیر و جەماوەر بوو، لەو شوێنانەی کەمتر دەستی شۆڕشی دەگەیەشتێ. ئێزگە هەروا کۆڕی داهێنانی چەندین وشەی جوان و ڕەسەنی کوردی و چەندین زاراوەی نێو فەرهەنگی سیاسیی بوو، لە سەردەمێکدا کورد زاراوەی سیاسیی کەم و توانای داڕشتنی ڕستە و ئاماژەی سیاسیی لەگەلێک بواردا کورتی دەهێنا. ئێزگە بۆ خۆی، سەرەڕای هەلومەرجی سەختی شۆڕش، هەوڵی دا و لەو هەوڵەشدا تا ڕادەیەک سەرکەوتو بوو، ببێتە نیشتمانێکی ئاوەدان بۆ زمانێکی پاراو، لەو دەمەیدا بەغدا حەزی لێ بوو زمانی کوردان بشێوێنێ، وەک چۆن لە تەقەلای شێواندنی کوردستان و کوردەواریدا بوو.

واوەتریش، ئێزگە مەڵبەندی پێگەیاندنی دەیان نووسەرو کادیری بەتوانای ڕاگەیاندن بوو، کە دواتر و بە تایبەتی لە دوای ئەو ڕاپەڕینەی ئێزگە دەوری لەجۆشدانیدا هەبوو، بەسەر کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی یەکێتییدا دابەش بوون.

له ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە نووسەر و کادیری موحتەریفی ئەوتۆ دەرچوون، کە دواتر لە ماڵە گەورەکەی ڕاگەیاندنی یەکێتییدا درێژەیان بە داهێنان و ڕێگای لەمێژینی ئێزگەکەدا.

* لەبەر ئەو هۆیانە هەمووی، یادی بیستساڵەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، یادی جاڕدانی شۆڕشی نوێ و بیرەوەری ئەو شەهیدە نەمرانەیە، کە ئومێدیان دەکرد ئێزگە بیان لاوێنێتەوە، لەبەرئەو هۆیانە هەمووی، یادی بیست ساڵەی ئێزگەکە ڕێزلێنانە لە تێکۆشانی هەموو ئەو هەڤاڵە دێرینانەی لە کاروانی ئێزگەدا ڕۆڵێکیان گێڕاوە. یادی ئەو هەڤاڵانەیە ئێزگەکەیان کڕی و یادی ئەوانەیە ئێزگەکەیان هێنایە کوردستان، یادی ئەوانەیە شانە و شان و شاخەوشاخی کوردستان گێڕایان و لە چاوی پیسی دوژمنیان دەشاردەوە. یادی ئێزگە، بیرەوەری ڕۆژانی ڕاپەڕینی ١٩٩١ و ڕێزلێنانە لەو هەوڵ و تەقەلایانەی فەرهەنگی سیاسیی کوردیان بە چەندان وشەی جوان و پاراو دەوڵەمەند کرد، یادی ئێزگە ڕێزلێنانە لە راگەیاندنی (ڕێبازی نوێ)ی شۆڕشی نوێ، کە شەرارەکەی بووە ئاگرێکی نەکوژاوەی نەورۆز و لە راپەڕینی کوردستانێکی نوێ دا (الاتحاد) و یەکەمین تەلەفزیۆنی کوردیو کوردستانیی هێنایە بوون.

* سڵاو لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، سڵاو لەو هەڤاڵ و لەو پێشمەرگانەی لەودیو ئەزمڕەوە، درێژە بە کاروانە دێرینەکەی (ئیرە دەنگی گەلی کوردستان)ە دەدەن.

## وێڕای پیرۆزبایی گەرم (الاتحاد)
## گەشەکردنی بەردەوام لە ساڵی گەشەپێدانی هەمەلایەنەدا

ئەمڕۆ جەژنی (یەکێتی)یە، جەژنی ڕازونیازی کوردانە بە زمانی عەرەبی، جەژنی خیتابی بزووتنەوەی کوردایەتییە بۆ نەتەوەی عەرەبی برا و دراوسێ، یاد و بیرەوەری، حەوتەمین ساڵەی هەفتەنامەی (الاتحاد) زمانحاڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. هەفتەنامەی (الاتحاد) درێژەپێدەری کەلتوری (الشرارة)یە، کە بڵێسەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی لێ دا، هەروەها خاوەن ڕێچکە و ڕێباز و خەسڵەتی تایبەتی خویەتی لە بواری تێکۆشانی ئیعلامیی دوای ڕاپەڕین و چەپکە گوڵێکی بۆنداری باخچە هەمیشە ڕازاوەکەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

(الاتحاد) لە سەرەتاوە بۆ ئەوە هاتەبوو، تا بە زمانی عەرەبیو لە ڕێی دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ دونیای عەرەبدا، پرسی کورد، خەم و خەونەکانی مرۆڤی کورد بە گەلی عەرەبی دراوسێ بگەیێنێ و لە دەرکەوت و پەرەسەندنەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی ئاگاداریان بکاتەوە و هاوسۆزی و هاوچارەنووسی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب لە عیراقدا لە لاپەڕەکانیدا بدرۆشێنێتەوە، بەڵام دواتر سەرباری ئەوەی ئەو ئەرکەی بە جوانی جێبەجێ کرد و سەرکەوتووانە بەدی هێنا، لە بواری کاری ڕۆژنامەگەری و هونەرکاری ئیعلامیشدا داهێنان و دەستڕەنگینی و سەلیقەی بەرزی نواند.

– لە ئاستی سیاسیدا، (الاتحاد) لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا ڕەنگدەرەوەی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان بوو، کە خەبات و تێکۆشان بۆ عیراقێکی دیموکراتی و فیدڕالی دەکات، ڕەنگدەرەوەی بەها بەرزو مانا درەوشاوەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی گەلانی عیراق بوو لـە چوارچێـوەی عیراقی ئومێدی ئایندەدا.

– لە ئاستی ڕووناکبیریشدا، سەکۆیەکی بە ئیعتباری پرسە ڕووناکبیرییە جیددییەکان و دەقە سەنگینەکانی ئەدەب و هونەر بوو، پردێکی پەیوەندی نێوان ڕووناکبیرانی کورد و عەرەب و سەکۆیەکی کراوەی گفتوگۆی شارستانیانە بوو.

– لە ئاستی ڕۆژنامەگەریشدا سەرچاوەیەکی نوێی ڕۆژنامەگەریی کوردی بوو، لە ڕێی چەسپاندنی دابونەریتی ڕاستگۆیانەی ڕۆژنامەنووسی و پاراستنی شەرەفی وشە و شەرەفی کاری ڕۆژنامەنووسی بوو.

(الاتحاد) لە هەموو ئاستەکانی سەرەوەدا هەروا بووەو بەڵێنیش وایە هەروا بمێنێتەوە، هەروا لە گەشەسەندنی بەردەوام و پێشکەوتنی هەمیشەییدا بێت، لەم ساڵەی کەوا ساڵی گەشەپێدانە لە هەموو ئاستەکانی خەباتدا، بە ئاستی خەباتی ئیعلامیشەوە.

بەم بۆنەیەشەوە دەستەی نووسەران و تەواوی نووسەرو کارمەندانی (کوردستانی نوێ)ی دەستەخوشکی (الاتحاد)، وێڕای پیرۆزبایی لە هاوکار و هاوپیشە و هاوخەباتەکانی خۆیان، لە خوشک و برایانی دەستەی نووسەران و نووسەر و کارمەندانی (الاتحاد)، هیوای بەردەوامی و گەشەسەندنی باڵاتر بۆ دەستەخوشکەکەی خۆیان دەخوازن، تا پێکەوە لە یەک سەنگەری بەرەنگاریدا، کە سەنگەری قەڵەم و

ڕووناکبیرییە، درێژە بە تێکۆشانی ڕۆژنامەگەریی بدەن.

لە جەژنی (الاتحاد)دا، کە جەژنێکی یەکێتییانە، جەژنێکی ڕۆژنامەگەری و جەژنێکی دیکەی کوردستانی نوێیە، سڵاو لە تێکۆشەرە ماندوونەناسەکانی (الاتحاد)، سڵاو لەو قەڵەمانەی شەونخوونی بەدیار دەرکردنییەوە دەکەن.

پیرۆز بێت حەتەمین ساڵەی زمانحاڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## ٧ هەزار ژمارە

٢٠١٨/١٠/٣٠، بڵاوکراوەی ڕۆژانەی الانصات المرکزی ژمارەی ٧ هەزاری پێشکەشی خوێنەرانی کرد. بەم ٧هەزار ژمارە و لەوانەیە ٧٠ ملیۆن وشەی پڕ زانیاریی و پێدراوی ڕاستگۆ و متمانەپێکراویش بێت لەسەر سیاسەتی کوردستانیو عیراقی و ئیقلیمی و جیهانی، کە ئەم خزمەتگوزارییە سەنگینە ڕۆژانەیە لە ماوەی ٢٤ ساڵی ڕابردوودا پێشکەشی ناوەندی دەستەبژێری سیاسی و ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووسیی کوردستانی کردووە.

ئەم ناوەندە گرنگەی میدیای یەکێتی، وەکو وەرشەیەکی کاری بەردەوامی دیدەوانکردن و بەدواداچوونی ئاژانسەکانی هەواڵی ڕۆژانەی جیهان و سەنتەرەکانی شرۆڤە و هەڵسەنگاندن و پێشبینیکردن بووە، کارگەرەکانیشی لەناو کورەی پێدراوەکانی بەردەمیان و لە میانی پۆلێنکردن و دۆسێسازی بەردەمیان لە چاوگی ڕەسەنەوە خۆشیان فێربوون و پێگەیشتوون و لەو ڕەنجی زیاتر لە بیست ساڵەدا چەندین کادر و میدیاوانی بە سەلیقەیان پێشکەشی

کەناڵەکانی تری میدیای یەکێتی کردووە.
الانصات المرکزی هەر دەفتەری ئەعمالی ڕۆژانەی کەرەستەی ژوورەکانی هەواڵی میدیاکانی کوردستان و زۆرجاریش هی عیراق نەبووە، بەڵکو وەک خۆراکی گیانی، ئاگایی سیاسی و رۆژنامەنووسی و ئابووری و ستراتیژیی بە دەستەبژێری وڵات بەخشیووە. بۆ ئەوانیش سەرچاوەی متمانەپێکراوی بەسەرهاتەکانی ڕۆژ و زانیاری و کۆبەندی پێدراوی کۆڕ و سەنتەرەکانی گەڵاڵەی بڕیاری سیاسی بووە. هەر بۆیە ئەنسات هەمیشە جێی بایەخ و گوڵی مەجلیسی ئاوەدانی سەرۆک مام جەلال بوو.
خەسڵەتی ئەنسات وایە، کە کارێکی نوخبەوییە، بۆیە کەمتر لەبەرچاوانە، بەڵام لە ڕێی دەستی دووەمەوە، کە دەستەبژێرانە ئەم کۆششە درەوشاوەیە و کارگێڕەکانی لە سەرنووسەر تا ستافەکەی شایانی دەستخۆشی و شانازین.
ئەنساتێک، کە زۆر دەزگای کوردستانی و عیراقی، لە ئۆپۆزسیۆن بوون و دەوڵەتداریشدا، ویستیان چاوی لێ بکەن و سەرەنجام هەر کردیانەوە بە سەرچاوەی سەرەکی خۆیان، ئەهێنێ تەجرەبەکەی بە ئافەرینەوە هەڵبسەنگێنرێ.
حەوت هەزار ژمارەی ئەنسات لەم هەلومەرجە دژوارە داراییەی وڵاتدا، ئیتر هەر کۆششێکی ئیداریی ناوخۆیی دەزگایەکی میدیایی نییە، بەڵکو لە نێو کتێبخانەی کوردستانی و عیراقیشدا بەشێکە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی وڵات و بەشێکە لە تەقویم وەقایعی مێژوو، بەڵگە و سەنەدە بۆ ساغکردنەوە و ناسینەوە.
بەرەو حەوتەمین ملیۆن ژمارە. پیرۆزە لە الانصات

المركزي.

## ٧٧٧٧

ژمارەی ئەمڕۆی کوردستانی نوێ (٧٧٧٧)ە، کە ڕێکەوتێکی خۆش و سەیرە لەم دۆخەدا، کە مۆمی ٢٨ ساڵەمان هەڵکردووە. واتا ژمارە ٧٧٧٧ لە ساڵێکدا بڵاودەبێتەوە، کە کۆی چوار حەوت ساڵەیە.

ئەم حەوتانەی دەوریان داوین، هەر دەبێ ئومێدبەخش بێت. تا حەوت تەبەقەی ئاسمان باڵای بەرز بێت و بۆ حەوت تەبەقەی ژێر زەویش ڕەگی لە خاکی کوردەواریدا داکوتێ.

زۆر قسە ناکەین، کە هەموو دوو هەفتەیە یادمان کردۆتەوەو خەڵکی و خۆشمان بە کەیفی دڵی خۆمان، وەسفی خۆمان کردووە. ئیتر جوان نییە بە بۆنەی ئەم ژمارەیەشەوە زۆر لە سەری بڕۆین. هێندە دەڵێین هەوراز و نشێوی زۆرمان بەڕێ کردووە. ڕۆژنامەکە هەر ماوە و نەوە لە دوای نەوە تەلارەکەی بەرز دەکرێتەوە، تا وەک پیرەمەگرونێکی بەرز دەبێتە، نیشانە بۆ کوردستانێک ناوی لە ناوا دەرکەوێ و گەشە و ڕووناکی بەرکەوێ.

بەرەو ژمارەی ٨٨٨٨ و ژمارە ٩٩٩٩ و هتد. ئێمە دەڕۆین و کوردەواری و ڕۆژنامە ئازا و ئازادەکەی هەر بمێنێ.

**بۆ کوردستانی نوێیەکان**

بە کۆن و نوێوە
بە دێرین وتازەوە
بە کچ و کورەوە

به پیر وگەنجەوە
به کارگێر و کارکوزارەوە
به باڵی مەدەنی و باڵی عەسکەریشەوە
به نووسەرەکان و پێشمەرگەکانەوە

لە گەڵ ئەوانیشدا بە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی هاوکارەوە، کە لای ئێمە بەشێکی خێزانە گەورەکەی کوردستانی نوێ پێک دێنن، ئازیزان وا سەعاتێک چووینەتە ناو رۆژی ١٢ی ١ی ساڵی تازەوە و پێکەوە مۆمی بیستوحەتەمینی کوردستانی نوێ هەڵدەکەین.

پیرۆزە لە هەمووتان

هەمووتان ساحێبی کوردستانی نوێن و وەکو ئێمە خاوەنی سەروەرییەکانی ڕۆژنامەکەی مام جەلالن.

هەرچی دەنکە جۆیەکی ماڵی پاشای خوارد بێت، هەرچی گوڵێکی لە باخچە گەورەکەی ماڵە گەورەکەی میدیای کاغەزی: کوردستانی نوێ، ڕواندبێت خۆی بە ساحێبی یادەکە بزانێت و خۆی بە غەریب نەزانێت .

ئێمەش وەک ئێوە ڕێبواری ئەم ڕێگایەین و لە هەموو یادەکاندا بێ کارتی ڕەسمی خۆمان بانگێشت کردووە و کەسمان لە خۆمان بە ساحیبماڵی زیاتر نەزانیوە.

لەم وێستگەیەدا ئێمە لێرەین و بە نوێنەرایەتی ئێوە خزمەتی ڕاستەوخۆی دەکەین و بێگومان لە وێستگەیەکی تری ئەم شەمەندۆفێرە ڕێبواری تر سەردەکەوێت. لە هەر شوێنێکن و لە هەر وێستگەیەکن، مۆمێک هەڵبکەن لەگەڵ ئێمە بە نانەڕەقە و قسەی خۆش و نەستەق یادی ساڵی نوێ بکەنەوە، یان لە شوێنی خۆتان دوعایەکی خێری بۆ بکەن.

دوعای خێر بۆ کۆچکردوانی ئەم ئاوەدانییە بکەن و هیوای سیحەتی باش بۆ پێشینانی ٢٦ ساڵەی ڕۆژنامەکە بخوازن و هاوکاری ڕێبوارانی ئەمرۆی بکەن، تا لەم ڕۆژگارە دژوارەی کوردستان و کوردستانی نوێدا موەفەق بن.

لە هەمووتان پیرۆزە

ئێمە شەممە لەوێ دەبین، ئێوە لە کوێ بن مۆمی پیرۆزبایی خۆتان هەڵبکەن و ناو و وێنەی خۆتان بۆ ئەلبومی یادگارییەکانمان بنێرن.

کێ دەڵێ دژواری ئەمرۆ تا سەر دەبێت؟ ڕۆژێک دێت ئێمە و ئێوەش لە تۆماری قەدرزانیندا بەسەر دەکرێینەوە و کێ دەڵێ تۆماری پێشمەرگە خزمەتگوزارەکانی کوردستانی نوێ لە تۆماری دیکە پاکتر و دادپەروەر تر نابێت؟

دووبارە لە گشتتان پیرۆز

لە جیاتی هاورێیانتان لە کوردستانی نوێی ئێستا.

**ئەم یادە دەرفەتە**

**بۆ تێهەڵچوونەوەیەکی تازە**

هەڤاڵ کۆسرەت، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

هەڤاڵ کاک بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێری.

هەڤاڵانی کارگێران و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی

هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لەناویشیاندا هەڤاڵانی کوردستانی نوێ.

بە ئیجازەی هەڤاڵ ئازاد جندیانی، لێپرسراوی مەکتەبی

ڕاگەیاندن و هەڤاڵانم لە کوردستانی نوێ، بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ یادی بیست ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.

یادی تێپەڕبوونی دوو دەیە لە ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژانە لە کوردستانی ئازاددا، کە لەسەر دەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدیهات و بووە سەرمەشقی ڕۆژنامەوانیی سەربەست، لەسایەی خاوەنداریێتی خەڵکی کوردستان لە وڵاتی خۆیاندا.

ئەم بۆنەیە هی هەمووانە.

ڕێککەوت و بە حوکمی هەلومەرجی بەڕێوەبەریێتی ڕۆژنامەکە، ئێستا بەندە لە جیاتی هەڤاڵانم بەخێرهاتنی ئێوە دەکەم، ئەگینا ئەم تەلارە بەرزەی ڕۆژنامەوانیی کوردستانی تەنها بەرهەمی پێگەیشتووی کۆششی ئێمە نییە، کە ڕۆژنامەکە ئیدارە دەدەین، لێرە زۆر هەڤاڵ و هاوڕێ دەبینین، کە لە قۆناغی جیاجیادا هاوکاری و سەرنووسەریێتی و بەڕێوەبەرایەتیی کوردستانی نوێیان کردووە و شەریکە بەشی ئەم دوو دەیەیەن بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە، بۆیە ئەم بۆنەیە هی ئەوانیشە.

پێش چەند ساڵێک لە ئەستانبوڵ یادی تێپەڕینی (٦٠٠) ساڵ بەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرایەوە، دروشمی یادەکە زۆر سەرنجڕاکێش بوو (شارستانییەک، کە هەموومان بەشداریمان تێدا کردووە)، ڕەنگە چەند سەدەمان بوویێت تا کوردستانی نوێ و کوردستانی نوێیەکەشی ببێتە خاوەن شارستانییەک، بەڵام بێگومان بیست ساڵ بەردەوامی ڕۆژانە شانازییەکە، کە هەمووتان بەشداریتان تێدا کردووە، هەڤاڵانی یەکێتی و هەروەها تەیفێکی فراوانی ڕووناکبیران و ڕۆژنامەنووسانی گەلەکەمان بەشدارییان تێدا کردووە، بۆیە لەوان و لە ئێوەو

له خۆشمان پیرۆزە.

**هەڤاڵان**

باسکردنی ئەم شانازییە پیاهەڵدانی ڕابردوو نییە، هەروەها بۆ ئەوەش نییە کە چاو لە کەموکوڕی و ناجۆرییەکانی ئەم دوو دەیەیە و ئێستای ڕۆژنامەکە بپۆشین، بەڵکو ئەم شانازییە بۆ ئەمەیە تین و تاوی گەشەپێدانێکی چۆنایەتی ڕۆژنامەکەمان بداتێ.

**چاوی سێیەم بوون بۆ کوردستانی نوێ**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئەو نووسەر و ڕووناکبیرو ڕۆژنامەنووسانەی لە هەموو ئاستەکاندا، کە لە پانێل و لێکۆڵینەوە و کۆڕی فراوانی دیدارەکانی کوردستانی نوێ-دا هەڵسەنگاندنیان بۆ ڕۆژنامەکە دەکرد، زۆر تێبینی بەجێ و پێشنیازی باشیان پێ داین، چاوی سێیەم بوون بۆ کوردستانی نوێ، تا وەکو خۆی لێوە ببینی و هەڵوێستەیەک بکات. بەشێکی تێبینییەکان، با لێتانی نەشارینەوە، لەسەر پەرەپێدانی شێوەی پەیوەندی نێوان حزب و ڕۆژنامەکە، لەسەر پەیوەندی نێوان ئیلتیزامی سیاسی و پێوەرەکانی کاری ڕۆژنامەوانی بوو، کە پیشەگەرێتی و پانتاییەکی فراوانتری ئازادیی گەرەکە، ئێمە بەربەستەکانی بەردەم خۆمان دەبینین و ئەرکە حزبیەکەشمان بە واجب دەزانین، بەڵام بێگومان ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەرکی ئیلتیزامی سیاسی و ئەرکی ڕۆژنامەوانیمان ئیرادەی هاوبەش و لێکگەیشتنی هاوبەشی دەوێت، ئەم دەرکەوتەش لە کۆڕی

پراکتیزەکردندا تاقی دەکرێتەوە، ڕاستییەکەی کوردستانی نوێ لەسەریێتی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش بگەڕێتەوە بۆ بانگەوازەکەی هەڤاڵ مام جەلال (ئەگەر ڕەخنە لە یەکێتی گیرا، پێم خۆشە لە کوردستانی نوێ-دا بڵاوببێتەوە) جێبەجێکردنی ئەم دروشمە و جێبەجێکردنی سیاسەتی یەکێتی لە مەیدانی ئازادیی فیکر و ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ئازادیی ڕەخنە لە ئێمە ئازایەتی و جورئەتی دەوێت و لە ئێوەش تەفەهوم و ڕاهاتنی دەوێت.

هەروەها خستنەگەڕی خەسڵەتە باشەکانی حزبایەتی دەوێت لە کۆمەڵی کوردستاندا، نامانەوێت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەنها سپۆنسەری کوردستانی نوێ بێت، کە لەم بوارەدا قسوری نەکردووە و مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتییەوە قسوریان نەکردووە، بەڵکو دەشمانەوێت لە هەموو ئاست و ئۆرگانەکاندا هاوکارێکی مەعنەویمان بێت.

## هێشتا کەمە

ئەمڕۆ کەم ڕۆژنامە هەیە لە وڵاتەکەماندا، کە بتوانێت ڕووماڵی هەموو کوردستان بکات و پەیامنێری لە هەموو جێیەک هەبێت، کوردستانی نوێ لەم ڕووەوە لە هەمووان لەپێشترە، بەڵام هێشتا کەمە، پێمان وایە هەموو مەڵبەند و کۆمیتە و کەرتێکی یەکێتی، کە زۆر و کەم لە سەرتاسەری کوردستان بارەگا و بنکەیان هەیە، دەتوانن وەک نووسینگەی ڕۆژنامەکەی خۆیان بن و تۆڕێکی فراوانی زانیاری و هەواڵ و گەیاندنی کێشە و گرفتەکانی ناوچەکانیان پێک بێنن.

یەکێتی لە هەموو ئاستەکاندا قەڵەم بەدەست و خاوەن

نەزەر و فیکری هەیە، کە دەتوانن کوردستانی نوێ دەوڵەمەند بکەن، پێشمان وایە (تا ماڵ مابێ، مزگەوت حەرامە).

**هەڤاڵان**

لەم یادەدا دەمانەوێت پیرۆزبایی لە هەموو ئەوانە بکەین، کە خاوەنی بیرۆکە، ئیشکەر و کارگێر و فەرمانبەر و خەباتگێڕی کوردستانی نوێ بوون، لە سەرووی هەمووشیانەوە دەمانەوێت پیرۆزبایی لە هەڤاڵ مام جەلال پشتیوانی ستراتیژی کوردستانی نوێ بکەین، کە لە هەموو قۆناغەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا هەمیشە بە چاوێکی گەشبینییەوە سەیری کوردستانی نوێ-ی کردووە، هەروەها پیرۆزبایی لە هەموو یەکێتییەک و هەموو خوێندەوارانی کوردیش دەکەین.

**ئەم یادە دەرفەتە**

ئەم یادە دەرفەتە بۆ تێهەڵچوونەوەیەکی تازە، تکایە هاوکارمان بن لە تاودان و گوڵگرتنی ئەم باخچە جوانەی ڕۆژنامەوانیی کوردی.

بەم بۆنەیەشەوە پێم خۆشە سوپاسی گرووپی قەیوان بکەین، کە ئەزموونێکی تازە بوو لە سپۆنسەرکردنی یادی ڕۆژنامەگەریدا و هەموو ئەرکەکانی ئەم یادەی گرتە ئەستۆ.


جارێکی تر بەخێربێن، سەرچاومان هاتن.

* ڕۆژی ٢٠١٢/١/١١ لە هۆڵی شازاد صائب، لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە بۆنەی دوو دەیە تەمەنی کوردستانی نوێوە، خوێندرایەوە.






**دەنگی گەلی کوردستان.. بانگی حەقی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان لە باشوور**



کوردستانی نوێ

ماڵئاوا.. ماڵت ئاوا

کوردستانی نوێ.. بەشێکی گەورە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری دوای راپەڕین.. یادەوەری هاوبەشی هەموومان



NEW KURDISTAN

کوردستانی نوێ

سەبارەت دەستگیرکردنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان..
سەرکردەی شۆڕشی لیبیا موعەممەر قەزافی:

تورکیا لە مێژوو تێ ناگا

(بڕوانە ل ٤)

Issue 62 Wednesday 3 March 1999

ژمارە (٦٢) چوارشەممە ٣ی مارتی ١٩٩٩

## مام جەلال: کاتی ئەوە هاتووە کە دان بە ڕاستیی هەبوونی گەلی کورد لە تورکیادا بنرێت

لە تەعجیلی تیرۆرکردنی (ئایەتوڵڵا صدر) دا

## خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین لە بەغداو شارەکانی خوارو

## هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لە نێردراوی بەڕێز مەسعود بارزانی کرد

## پارێزەرەکەی ئۆجەلان دەست لەکارەکەی دەکێشێتەوە



کوردستانی نوێ

ئێمەی کورد سەدان ساڵە فێری ئەوەین کۆڵەدەبین، دەربەدەری و کوشتن و بڕین و سووتانی وڵاتەکەمان، جۆکی پێتەدادوین و جۆکیشمان پێ دانادات.

## با دوا فەرمان بێت

## ٣ / ٨ زامێکی سارێژنەبوو

## ٢٥٣ هەزار ئاوارە گەڕاونەتەوە موسڵ

## ئەمریکا: چارەسەرکردنی تەنگژەی قەتەر

## UN: ٨٠٪ی دانیشتووانی یەمەن پێویستیان بە هاوکارییە

مەکتەبی سیاسی: پاراستنی ئێزدییەکان و دەستەبەرکردنی ماڵەکانیان

عیراق، ئەمموزی لە حوزەیران باشتر بوو

ستێفن ئیبگە سوتانی ئەحمیانی ترس چۆن دەنووسێت؟



رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی
رۆژانەی سەربەخۆیە
خەندان بۆ پەخش و
وشاندن دەریدەکات
١٦ لاپەڕە

ئاسۆ

A kurdish daily
newspaper issued
by Xandan for
broadcasting
& publishing
16 page

سالی چوارەم ژمارە (٤٨٩) چوارشەممە ٢٠٠٧/٧/٢٥ نرخی (٢٥٠) دینار | www.asoxandan.com | 4th Year Number: 489 Wed. 25/7/2007

بەڕۆژ (٢٦٣) هەزار کەس ڕوو لە بازاڕەکانی سلێمانی دەکەن

# کوردستان لەشەودا دەخەوێت

## فراکسیۆنی سەوز لە گفتوگۆکانی یاسای نەوت دەکشێتەوە

## دووەم گفتوگۆی ئەمریکاو ئێران لە عیراق دەستپێیکرد

جەعفەری لە کوردستانەوە پۆستی سەرۆک وەزیرانی دەوێت..

(٨٠٪)ی خوێنەران متمانەیان بە ڕاپۆرتەکەی (ڕایتس ووچ) هەیە

## وەزیری مافی مرۆڤ: لە بەندیخانەکانی ئاسایش پێشێلکاری زیاترە وەک لەوانی تر


ریکلام
www.asiacell.com
بە خۆرایی بەشداربە لە خزمەتگوزاریی MMS
ساتەکانی ژیان، بنێرە بۆ خۆشەویستان
خێراکە، بزماوییەکی دیاریکراوە
دەنگت بیستراوە
ئاسیاسێل
نرخی یەک MMS: ٤٠ سەنت


له ئاسۆوه تا هەفتانە.. خەندان وێستگەیەکی گرنگی ڕۆژنامەوانیی کوردستان دوای کەوتنی سەددام حسێن






**ڕۆژنامەگەری**
**کوردی کۆششی**
**روناکبیرانی**
**کوردو وەک**
**بەشێک لەسامانی**
**نەتەوەیی گەلی**
**کوردستان**






# ژیاننامە و بەرهەمەکانی نووسەر

## ژیاننامەی نووسەر

- ستران عەبدوڵڵا (ساڵح عەبدوڵڵا محەمەد) لە (١٩٦٩/١/١٣) لە کەرکوک لەدایک بوو.

-خوێندنی تا قۆناغی ئامادەیی لە کەرکوک تەواوکردووە. کۆلێژی کارگێری و ئابووری لە زانکۆی موسڵ و سەلاحەدین لە هەولێر، تەواو کردووە.

- لە ساڵی ١٩٩٣-ەوە لە بواری ڕۆژنامەوانی و میدیا بە گشتی کار دەکات.

- لە ١٩٩٣ تا ٢٠٠١ وەک ڕۆژنامەنووس، دەستەی نووسەران، بەڕێوەبەری نووسین، جێگری سەرنووسەر و سەرنووسەر بەوەکالەت لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کاری کردووە.

- لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ ساڵی ٢٠٠٤ وەک ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران و پاشان وەک بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکان و ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) لە کابینەی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح کاری کردووە.

- لە ساڵی ٢٠٠٤ی لەگەڵ کۆمەڵێک هاورێی رۆژنامەنووسدا دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندنی دامەزراندووە. یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئاسۆ) بووە، کە سەرەتا هەفتانە و پاشان سێ ڕۆژ جارێک و دواتر بە ڕۆژانەیی دەریان کردووە.

-سەرنووسەری ڕۆژنامەی عەرەبی (الولاية) بووە، کە ماوەیەک لەلایەن خەندان بۆ پەخش و وەشاندن لە شاری کەرکوک دەرچووە.

سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەی ئوفک و پاشان ڕۆژنامەی پرد بووە، کە بە

زمانی تورکمانی لەلایەن دەزگای خەندانەوە، لە کەرکوک، دەردەچوو.

- ساڵی ٢٠٠٧ دەستبەرداری سەرنووسەرێتی ئاسۆ بووە و ساڵی ٢٠٠٨ بۆتە سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانەی (هەفتانە)، کە دەستەخوشکی گۆڤاری ئەلئسبوعیە بووە و لەلایەن هەمان دەزگاوە دەرچووە.

- هاوینی ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە سەرنووسەری هەفتانە و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و ئەندامێتی بۆردی دەزگای خەندان هێناوە. گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی نوێ و لە ٢/٨/٢٠٠٩ بۆتە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە. دە ساڵە ئەرکی حزبی و ڕۆژنامەوانی لەو بوارەدا جێبەجێ دەکات. سەرپەرشتی ئەزموونی کوردستانی نوێی بادینی کردووە، کە ساڵی (٢٠١١) چەندین ژمارەی لێ درەچوو.

-لە بواری میدیای تەلەفزیۆندا ساڵی ١٩٩٩ بەرنامەی نیومانگی هەزارەی سێیەمی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پێشکەش و ئامادە کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ وە تا ساڵی ٢٠١٤ ڕاوێژکاری سەتەلایتی گەلی کوردستان بووە. لە تەلەفزیۆنی لۆکاڵی کەرکوک و پاشان لە سەتەلایتی کەرکوک بەرنامەی سیاسی (پرد)ی ئامادە و پێشکەش کردووە، ماوەیەکیش ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری سەتەلایتەکە بووە.

* لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) گۆشەنووسیی عەرەبی بووە و گۆشەکانی: (هامش سیاسی، رؤوس اقلام)ی نووسیوە و لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە بەشی عەرەبی خاوەنی گۆشەی هەفتانەی (من محفظە صحفی) و لە بەشی کوردی ماوەیەک هاوبەشی بەرنامەی دیالۆگی (٣-١) بووە.

-لە کوردستانی نوێ گۆشەی بە تەنیشت سیاسەتەوە، گوڵدان، کورت و کرمانج، مەسەلەی توتنەکە و ڕۆژنارۆژێک، ڕاست و ڕەوان،٢٠٠×٢٠٠، نها، نزار، سپی و ڕەش، مێخەک و نڤیسکار) و لە ئاسۆ گۆشەکانی: ئاسۆی ڕۆژ، کەشتی نوح، هیوا و لە ڕۆژنامەی هاوپەیمانی قسەیەک هەیە بیکەم و لە گۆڤاری هەفتانە نڤیسکار و تەماشا و لە چەندین ڕۆژنامەی تریش گۆشەی جیاجیای هەبووە.

-لە ڕۆژنامە عیراقی و عەرەبییەکاندا، لەسەر مەسەلەی کورد و عیراق بەردەوام وتار و لێکۆڵینەوەی نووسیوە.

-بیست و پێنج ساڵە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کار دەکات.

-ساڵی ١٩٩٨ هاوسەرگیری لەگەڵ میدیاکار دکتۆرە شیلان فەتحی شەریف کردووە و خاوەنی سێ منداڵن بە ناوەکانی: ژین، ئەلەند و لیدا.

## بەرهەمەکانی نووسەر

١ - ئاماژەیەک لەمەڕ گەشەی کوردستان لە ڕێـڕەوی مێژوودا. نووسینی: شەهید ڕەئووف کامل ئاکرەیی/ وەرگێڕان- هەولێر- ١٩٩٤.
٢ □١٩٩٥-
هەولێر.
٣- لە پێناو یەکگرتنێکی نیشتمانیدا- ١٩٩٨-سلێمانی.
٤- ڕازەکانی تەعریب و ڕاگواستن- ١٩٩٩- سلێمانی.
٥ - بە تەنیشت سیاسەتەوە - لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم ساڵی ١٩٩٩.
٦- چەپکە گوڵەکانی گوڵدان: ٢٠٠١ سلێمانی.
٧- گوڵ و گوللە و مارینز- ٢٠٠٤.
٨- باوەڕ بە مەسەلەی کەرکوک بهێننەوە -٢٠٠٧ سلێمانی.
٩- نەتەوەیەک لەسەر کاغەز- ٢٠٠٨- سلێمانی.
١٠- سەما لەگەڵ گورگە بۆرەکان- ٢٠٠٨- سلێمانی- کەرکوک.
١١- مەسەلەی توتنەکە (١) باسوخواسەکانی کوردایەتی - ٢٠١٠ سلێمانی.
١٢- مەسەلەی توتنەکە (٢) گێمێکی تری هەمان دەوران-٢٠١١.
١٣- مەسەلەی توتنەکە (٣) پاشەکشێی هـەرزان - ڕۆژگـاری سیاسەتی گۆڕان-٢٠١١.
١٤- مەسەلەی توتنەکە (٤) لەسێبەری مێژووەوە بۆ بەر خۆرەتاو- ٢٠١٨.
١٥- مەسەلەی توتنەکە (٥)و کۆتایی- ناوی قۆناغەکە بنێین ٢٠١٩

١٦- زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی بیست و یەكدا - لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی ڕووناكبیری كەركوك -٢٠١٠.

١٧- پریستۆریكا، بن لادن و مۆنیكا — ٢٠١٢ سلێمانی - لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای بیر وهوشیاری.

١٨- بەهاری عەرەبی و نەورۆزی سەربەخۆیی- ٢٠١١- سلێمانی- لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای بیر وهوشیاری.

١٩- كوردستان چاوەڕێی تینە- ٢٠١٢.

٢٠- ئیفادەی كوردەكان بۆ ماچەرای ڕەفاو ئەربەكان - بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوكردنەوەی سلێمانی ٢٠١٢.

٢١- یار و نەیار-٢٠١٣- چاپخانەی كەركوك.

٢٢- مێخەك- كەمێك دوور لە سیاسەت- لەبڵاوكراوەكانی یەكێتی نووسەرانی كورد لە كەركوك ٢٠١٣.

٢٣- لە ڕۆما كەوتە بەرچاوم- ساڵی ٢٠١٣.

٢٤- سەیران بۆ سەریكانی- بیرۆكە بۆ پشتیوانی كوردی ڕۆژئاوا- دەزگای ئایدیا-٢٠١٤.

٢٥- بە شوێن پێی دابونەریتی سیاسیی لە عیراقدا-٢٠١٤ سلێمانی - ئنستیتۆی نارین.

٢٦- باسی دراوسێ-٢٠١٦ سلێمانی.

٢٧- یان كوردستان یان كوردستان - سەرخستنی پرۆژەی سەربەخۆیی بەڕێی دژواری سیاسییدا — ٢٠١٦.

٢٨- یاداشتەكانی جەنگ-لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ئایدیا ٢٠١٦.

٢٩- تێبینییەكانی حوزەیران - خەم لە یەكێتی... خەم لە یەكێتیەكان ٢٠١٧.

٣٠- دیوانی سێینە- ئەندێشەی نووسەرێك بۆ كوردستان- دەزگای بەدرخان- ٢٠١٧.

٣١- مانشێتە مەزنەكان - ڕۆژگاری كاغەزین - لە بڵاوكراوەكانی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان. لقی سلێمانی-٢٠١٨.

٣٢- لە سریلانکاوە بۆ گۆڕەپانی تەحریر- سلێمانی ٢٠١٨.
٣٣- سی وسێ کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبل- وەزارەتی رۆشنبیری- بودجەی پایتەختی رۆشنبیری-٢٠١٨.

**بە عەرەبی:**

- رؤى كردية بكلمات عربية — ٢٠٠٠ السليمانية.
- رائحة السمك المسكوف — ٢٠٠٣.